
عبدالله عباس

# بێ ئاوردانەوە



خوێندنەوەیەکی یادگاری

رابووردوویەکی نزیك

2009 – 2003

بسم الله الرحمن الرحيم

( لكي لاتأسوا على ما فاتكم ولاتفرحوا بما أتاكم

والله لايحب كل مختال فخور )

صدق الله العظيم

سورة الحديد – الاية 23

بەدرۆو بە شێوەیەکی بەدەر لە هەموو مانایەکی رەوشت هەتا لە ئوسلوبی پرووپاگەندەدا" لە سەردمی رژێمی بەرلەداگیرکردنی بەغدا تۆمەتی ئینتیمای من بۆ حیزبی بەعس ئەدرایە پالْم " بەو ناوەوەی لەو سەردەمەدا لە پایەی کارگێریی دەستەلاٌتداریی رۆژنامەنووسی وراگەیاندنی رەسمی دابووم :سکرتیری نووسین " بەرێوەبەری نووسین " جێگری سەرنووسەر بۆماوەی دوو ساڵ " "دووجار جێگری بەرێوەبەر گشتی دەزگای رۆشنبیری وبلاٌوکردنەوەی کوردی و دوایی سەرنووسەر" قسە رۆشتوو لای بەرپرسیارەکانی ئیعلامی دەولْەت و سوپاس بۆخوا " خاوەن قەدرو جێی رێز لای هە موو ئەوانەی کە لەریزی پێشەوەی ئیعلام و رۆژنامە نووسیدابوون " من لەلای خۆمەوە چاك ئەمزانی سەرچاوەی ئەو تۆمەتدانەپالْە چەندکەسێکی دەغەزارو بەخیل بردووبوون بەو سەرکەوتنانەی من لە مەیدانی پیشەکەمدا بەدەستم ئەهێنا و بە داخەوە ئەوانەو ئەووەختانە دەست رۆشتوبوون لە ناو لایەنەکانی دی ناکوك لەگەلْ (بەعس)دا بۆیە لە هەندێ شوێن ئیدعاکەیان لەبەرچاو ئەگیرا "یەکێك لەوانە دوای داگیر کردنی عیراق لە لایەن ئەمەریکاوە لە مەجلسێکا وتبووی :عبدالله بەلْێنەکەی هێنایەدی کە وتبووی : تادوانان لەگەلْ بەعس ئەیخۆم و وازیان لێ ناهێنم ئەم تۆمەتەی داوەتە پالْ من بێ ئەوەی بلێ من کەی وام وتوەو ئەم بەلْێنەم بەکێ داوە "بەلاٌم هەموو خەلْکی شار ئەزانن ئەو بەعس لە حەفتاکانەوە گەرای لە بنەمالْەکەیا دانابوو ئەویش زۆر لەو گەرادانانە سوودی چەوری وەرگرت .." " بەلاٌم ئەو براودۆستانەی لە نزیکەوە دۆست وناسیاوم بوون لەخۆم زیاتر دلْنیابوون کە تۆمەتێکی ئەوەندە درۆیە هەیانە بۆ گالْتەشبوبێ رۆژێ روویندەداوە (کە لە بەغدا یان لە کوردستان یەکترمان ئەدی ) دابێتیانە رووم " دەردی یە کێکیان لە سلێمانی لە مەجلیسێکدا وتبووی :یەعنی ئەگەر عبدالله عباس بەعسی بێ بۆ وەکو کوردە بەعسیەکانی دی بە ئاشکرا پێوەی دیارنییە؟یان دیارە ئەو لەجەناحی سریی بەعسییە "من زۆر لێی نزیکم نە هەست بەمیان ونەهەست بەویان ئەکەم....

بە هەرحالْ رۆژێ بیرم لەوە نەکردبووە ئەم مەسلەیە بچێتە یادداشتی ژیانمەوە و وەك بەلْگە بەنووسین بینووسم ئەگەر دوو رووداو نەبوونایە لە زمان دووکەسی ناسراوەوە کە بەدوای یەکدا روویاندا " لەو وەختەوە بەلْینمدا مەسەلەکە بخەمە سەر کاغەزو لەوانەیە رۆژێ بێ

رای گشتی چاوی پێبکەوێ " یەکەمیان دکتۆر مکرم تاڵەبانی (ناوبژیکاری موزمنی نێوان هەموو لایەنە ناکۆکەکان لە گەڵ هەموو حکومەتەکانی عیراقدا لە 1958وە هەتا روخانی بەعس)**کە شەخسیەتی وا خۆی زیاتر لە هەمووکەسێ شایەنی وەستان لەسەر شەخسیەتیەتی "نەك رۆژنامەنووسێکی قەڵەم و زمان ئاشکراو لەبەرچاوی وەك من " لە یەکێ لە زیارەتە (ناوبژیکارەکانی)دا بۆ سلێمانی لە وەلامی پرسیاری رۆژنامە نووسێکا وتی ( ئەوەی دیعایە بۆ تەنیا چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەغدائەکات رۆژنامە نووسێکی وەك عبدالله عباسە چونکە بەعسییە....!! )ئەمەیان یەك " دووەمیان (موئەریخی مەشهوری هاوچەرخ دکتۆر کمال مەزهەر...کە ئەمیان زیاتر لە حیکایەتەکەی دکتۆر مکرم ئەهێنێ لەسەری بووەستم :

رۆژنامەنووسی بە عسی (ضیاء حسن) –کە لەجارێ زیاتر لە سعد قاسم حمودیم بیستوە بە ئەسڵ کوردە...! – رازگری نەقابەی رۆژنامەنووسانی عیراق و بەرێوەبەری رۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حیزبی بەعس وتارێکی لەورۆژنامەیە بلاوکردەوە پوختەکەی ئەڵێ ( هەرچی ناو ئەبرێ بە شۆرشەکانی کورد بە بزوتنەوەکەی شێخ محمودی حەفیدەوە بە هاندانی ئینگلیز نەك ئیرادەی کورد هەڵگیرساون بۆ سە غڵتکردنی حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی عیراق تا پشت لە هاوسوێندی لە ئینگلیز نەکەن...!)

من ئەوسا تازە بەرەسمی بوبوم بەسەر نوسەری هاوکاری وەلامێکی باشم دایەوەو لە لاپەرەی یەکەمی هاوکاری بلاوم کردەوەو وەریشمگیرا بۆ عەرەبی و ناردم بۆ وەزیری ئیعلام کە ئەوسا حامد یوسف حمادی بوو" لە یەکێك لە کۆبونەوەکانی سەرنووسەرانی رۆژنامە رۆژانەکاندا وەزیر باسی وتارەکەی کردو بۆ تاریخ دەستخۆشی لێکردم و بەوەشەوە نەوەستا بە( تەهابەسری) سەرنووسەری سەورەی وت بلاوی بکاتەوە واش بوو " وتارەکە هەرچەندئەوان تۆزی ترش وخۆییان پێوە کردبوو بەلام گرنگ ناوەرۆکی رەدەکە وەك خۆی بەتایبەتی ئیشارەتم بۆ ئەوەی :(ئەگەر ئیدعای ئەونوسەرە دەرحەق کورد راستبێت ئەوا هەموو ئەو گومانانەی دەخرێنە سەر خاوێنی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لە شۆرشی عارابیەوە لەمیسر تا دروستکردنی جامیعەی عەرەبی کە هەموو دەستکردی ئینگلیزە راستە)" وتار لە سەورە بلاو بوەوە و لەناو روناکبیرانی کورد لە بەغدا دەنگێکی چاکی دایەوەو دەیان دەستخۆشیم لێکرا " رۆژان بەسەر ئەم وتارەدا

ئەونە تێپەڕیبوو لە خەیاڵی خۆما نەمابوو تا ئەوئێوارەیەی "یەکێتی نووسەرانی عیراق لە یەکێ لە هۆڵەکانی مەنسوور میلیا بە بۆنەی 11ی ئازارەوە کۆڕیکی شیعر خوێندنەوەی بۆ من و دکتۆر بەدرخان سندی سازکرد و ژمارەیەك لە رووە ناسراوەکانی کوردیان بۆ بانگکردبوو یەکێکیان جەنابی دکتۆر کمال مەزهەر بوو "بەرلە دەستپێکردنی کۆڕەکە لە کافتریای ئوتێلەکە دانیشتبوین " ئەگەر بیر تیژی یاریدەم بدات وابزانم ئەوانەی لەو دانیشتنەدا ئامادەبوون د.بەدرخان و د.محمد زەهاوی و رۆژنامەنووسی جوانەمەرگ د.فاروق علی عمروچەندکەسێکی دی بوون لەگەڵ د.کەمال مەزهەر" ئەوهاتە قسەو وتی (کاکەولاّ _ئەوهەربەم ناوە بانگی ئەکردم_لەم رۆژانەدا لە کۆلێژی ئەدەبیات کۆڕێك سازکرابوو بۆباسێکی میژوویی "بە فرسەتم زانی ستایشی وتارەکەی تۆم کرد کە لە سەورە بلاوتکردەوە وبەرەورووی مامۆستاکانی زانکۆو ئامادەبوان وتم :هەند ێ جار باسو وتاری ناهەق و ئیستفزازی دەرحەق کورد ئەنوسرێ "هەتا نووسەرێکی کوردی بەعسی وەك عبدالله عباسیش قبوڵی ناکات ورەدی ئەداتەوە.....) نەمهێشت باقی قسەکەی تەواو بکات وتم :بەلاّم مامۆستا تۆ میژوو نووسی نەدەبو بکەویتە هەڵەی واوە من بەعسی نیم.... جەنابت ئەزانی من هەرگیز وەك بەعسی لەبەرچاوی کەس هەڵسوکەوتم نەکردوە چۆن ئەو سیفەتە ئەدەیتە پاڵم...؟! خواشایەتە د.کەمال دەمی بووبە تەڵەی تەقیوو فرسەتێکی زۆر بەتێرامان و سەغلەتی بەدەوروبەری خۆیاروانی وزمانی حاڵی ئەیوت : چ هەڵەیەکم کرد..؟ دوایی بەو واقورمانەوە پرسی :توخوابەراستە...؟ والله من واتێگەیشتبوم..یەعنی وامئەزانی بەعسیت...!! رێزی گەورەیی دکتۆر دەمبەستی کردم زیاتر لەسەری برۆم و بەوە برانمەوە وتم :ئەگەر بەعسی بومایە یەکەم کەسێ لایم ئاشکرائەکرد جەنابت و مامۆستا حلمی ئەبوون (رەحمەتی مامۆستا حلمی علی شریف).....ئەم دووروودواوە هانیاندام حیکایەتی (من و بەعس ) بنوسمەوە " بەلاّم بەرلەوەی بچمە ناو تەواوی حیکایەتەکە روونی ئەکەمەوەو ئەڵێم گێرانەوەی ئەم یادگارە بەدەرە لەوەی وەزعی ئیستای حزبی بەعس هاندەری گێرانەوەی بێت " ئەو حزبە وەك لە ناو زۆر نەتەوەو گەلانی جیهاندا روویداوە حزبێکی قەومی دەمارگیروتاك رەوو لای زوربەی زۆری خودی قاعدەی جەماهیری عەرەب

مەقبول نەبوو" هەتا رادەی ئەوەی هەندێ لە نوسەرو شیکەرەوەعەرەبەکان بەگومانەوە ئەروانننە دامەزرێنەرەکەی (میشیل عفلق) ی گاور ئیمان !! بە لاّم بە خوێندنەوەی مێژوویی بزوتنەوەی نیشتمانی عیراق ئەم حزبە هەتا بەر لە ئینقلابەکەی 1963 هەموو حزب ولایەنەسیاسییەکانی عیراق بە هێزێکی بەکارای بزوتنەوەی نیشتمانی عیراق تێیان روانیوەو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردوە بە بەڵگەی ئەوەی یەکێك لە هێزە گاریگەرەکانی ئەوبەرە نیشتمانیەبووکە بەر لە 14 تەمموزی 1958 پێکهات بۆ رووخاندنی رژێمی بەغداو ئەوحزبە داوای داخڵ نەبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد بەمەرجی داخڵ بوون وکارکردنی خۆی و هەموو حزبە عیراقییەکان بە شیوعیەکانەوە بەمەرجەکەی رازی بوون ! لەمەش زیاتر ئەم حزبە کە بۆنانەوەی شەری تایفەگەری لەعیراق بە حزبی (سونە مەزهەب) خەتابارکرا لەلایەن ژمارەیەك رۆشنبیری نەتەوە پەرستی عەرەبی شییعە مەزهەب هێنرایە عیراق و دامەزراو ئەمین عامەکانی شیعە مەزهەببون (فۆاد الرکابی و علی صالح السعدی)" خودی سەرکردایەتی کوردستانیی لە جارێ زیاتر هاوپەیمانی ئیستراتیجی لەگەڵ بەعس بەستوە کە دەوری گەورەی هەبووە لە وەرچەرخانە بەکارەکانی عیراقدا دووای 1958 لەوانە ئاگاداربوونی بزوتنەوەی کوردستانی لە خۆکۆکردنەوەی بەعس بۆ روخاندنی قاسم لەوانە :هاوپەیمانیتی توندو تۆڵی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دوای 17ی تەمموزی 1968مەبەستم لەم گێرانەوە خێرایە ئەوەیە لەگەڵ رەگەزپەرستی و دەمارگیری ئەو حزبە لە ئەساسدا بەلاّم هەتا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم ئەوحزبە بڤەو هەریەکجار قێزەون نەبوە لەروانینی سیاسیە کاگێرەکانی بزوتنەوەی نیشتمانی عیراقدا " خەڵك قێزی لەوە بێتەوە (بەتایبەتی هاولاّتی عەرەبی عیراق) بچێتە ریزی ئەو حزبە بەڵکو لە قۆناغی دوای رێکەوتنەکەی 11 ی ئازاری حەفتای سەدەی پێشو هەندێ لە سەرکردەکانی ئەو حزبە بە تەواوی نزیکبوون لە رێگەکردنەوەی بەجدی لەبەردەم نەتەوەی کوردا لەعیراق و دوورکەوتنەوە لە غەدر لێکردنی " وە ك عبدالخالق سامەرایی کە بەرامبەر بەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردستانی هەولێکی وەفادارانەی بۆ دا لە هەوڵی یەکەمی لەناوبردنیا لە سێدارەدان رزگاریبێ " دیسان ئەمەوێ لای خوێنەران

روون بێ من ئەم روونكردنەوەیە دەربارەی وەزن و قەدری بەعس لە بزوتنەوەی نیشتمانی عیراقدا بۆیە باس ئەكەم تا وەك هەڵویستی لایەنی رەوشت لە ئیشارەتدان بە میژوو""" كەس وای بۆنەچێ من (روانینی تایبەتی خۆم وەك مونتەمی واقعی بۆ نەتەوەی كورد) خوانەخواستە هەڵقولاوی قین وخۆبادانی سیاسی یە....

بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست "قسە زۆر ئەكرا لەسەر بەزۆر خەڵك كردن بە بەعسی "من باس لە خۆم ئەكەم وەك كارگێرێكی راگەیاندن لەسەردەمی حوكمی بەعسدا " وە خۆ هەڵكێشان نییە بڵێم لەبەر روونیی هەڵسوكەوتی خۆم وقەدرگرتنی مەوقعی خۆم كەس لە بەعسییەكان (بەكوردو عەرەبیانەوە) بۆ ئینتمای حیزبی قسە یان هەوڵی راكێشانمیان نەداوە دووجار نەبێ " جاری یەكەم (جمال عبداجلبار) عەرەبی بەعسی لەوسەردەمەدا كە رەحمەتی مصلح جلالی مدیرعام بوو ئەم جمالە مسوول ئەمنی دائیرەكەمان بوو "من سكرتێری نووسین بووم لە هاوكاری هاتە لام وتی : ئەگەر بێیتە ریزی حزب مدیرعام دەرەجەی مدیر تحریرت بۆ وەرئەگرێ " لێم پرسی : مدیرعام رایسپاردووی ؟ هەستم كرد تۆزێ سەغڵەت بوو " وتی نە من رێگەت بۆ خۆش ئەكەم ....! من لەوە دڵنیابووم كە مصڵح رایسپاردوە هیچ نەبێ تاقیم بكاتەوە " چونكە ئەو ئەوئوسلوبە پێچوپەنایەی بەكار ئەهێنا لە هەڵسوكەتكردن لەگەڵمان " بۆ نموونە جارێكیان ناردی بە دواماو پێی وتم بە حسین عارف بڵێ من بۆ ئەو وازلە سەرنووسەری هاوكاری ئەهێنم ئەگەر ئەو وتارێك لەسە شەرعیەتی رەتدانەوەی دەستدرێژی ئێران بۆسەر عیراق بنووسێ ..!بەڵام تكای لێكردم وەك سكرتێری هاوكاری پێی بڵێم نەك بەناوی ئەوەوە " پێم وت ئەگەر بەناوی تۆوە پێی نەڵێم چون ئیقناع ئەبێ تۆواز لە سەرنووسەری هاوكاری ئەهێنی ؟ دوایی لای من حسین عارف زۆر لەوە گەورەترە من داوای وای لێ بكەم و خۆم لە مەسەلەكە دزییەوە و دوایی بۆ حسینم گێرایەوە دایە قاقای پێكەنین و وتی كابرا واز لەو ئوسلوبەی نا هێنی لە حزبی شیوعیش هەروا هاورێكانی تاقیئەكردەوە...!" بێمەوە سەر جمال عبداجلبارو پێشنیارەكەی "كابرا ئەیزانی من خۆشم ناوێ و لێشی ناترسم لەبەر ئەوە هەركەوتم من لەگەڵ كاك مصلح قسە ئەكەم مەسەلەكەی برییەوە " ئەمە جارێ لەوجارانەی مەسەلەی بوون بە بەعس

باسکراوە“ جاری دووەم پاش ماوەیەکی زەمەنی زۆر دوور لە هی یەکەم بوو کە هەتا خەڵك کردن بە بەعسی باوی نەمابوو “سەرەتای ساڵی دووهەزار کە محمد سعید الصحاف بوو بەوەزیری ئیعلام “ بە یانیەکیان ناردی بەدواما “ ئەبێ ئەوەبڵێم کە صحاف منی چاك ئەناسی و خۆشیشی ئەویستم و ریزی ئەگرتم “ کاتێ مدیرعامی رادیوو تەلەفزیون بوو من لە رادیوێی کوردی کارم ئەکرد “جارە ناجارێ سەری لێئەداین “ جارێکیان کە مامۆستای نەمر حلمی علی شریف کە ئەوسا سەرنووسەری رۆژنامەی (النور) بوو هاتەلای داوای کرد شاعیری کۆچکردووجەلالی میرزا کەریم لەگەڵ من ئامادەبین لەوەوە زانی من سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیم “ بۆیە کە بەیانی 11ی ئازار دەرچو هاتە لامان لە بەشی کوردی داوای کرد یەکێك تەکلیف بکرێ بۆ نووسینی شیعرێکی گۆرانی بەو بۆنەیەوە “ ابو یعربی سکرتێری وتی “ کاك جلال و کاك عبدالله شعراخلی واحد منهم یکتب “ صحاف خێرا وتی : لا مانحرجهم هم من غیر جماعه......!! بەهەرحاڵ کە چومەلای وتی : مامۆستا حمید سعید پێ ی وتم تۆ بەعسی نیت ئەی چۆن بوویت بە سەرنووسەری هاوکاری ؟ پێم وت من بە متمانەکردنە سەر شارەزایی پیشەیی وکۆنیم لە رۆژنامەکەدا بەم پاییە گەیشتم و بەر لە جەنابت لەوەزارەت ئاوریان لەمەسەلەی ئینتمای حیزبی نەداوەتەوە “ بەتەواوی سەغڵتی کردم کە وتی ئیستاش ئەتوانی ببی بە حزبی “ ئەمزانی کابرایەکی تورەو ترۆییە ئەگەر زۆری لەسەر برۆم لەوانەیە قسەی ناشیرین بکات “ بەلاّم خوابەوەی کرد توانای دەروونی ودەستگرتن بە هەڵوێستی رەوشتی خۆنەکوتان بۆ ماڵی دنیا هیزیان دایە بەرم وپێم وت من لە ئەصلا بە کەڵکی حزبایەتی نایەم کە لەریزی پارتیدا و یەکیتی قوتابیانی کوردستان کارم ئەکرد لەجارێ زیاتر توشی سزای حزبی بووم لەسەر ئامادەنەبوونم لە کۆبوونەوە حزبیەکاندا “ بەدوایدا مەسەلەکەم گۆری بو مانای ئیلتزام و ناکۆکی بەینی رۆشبیرو ئیلتزامی مەنهەجی لە هەڵسوکەتدا تا خواکردی زەنگی تەلەفون و بەڵی (سیدی) مەسەلەکەی برییەوەو وتی لەگەڵ (ابو بادیە –حمید سعید) باسی مەسەلەکە ئەکەم تۆ برۆ بەلای کارتەوە...برانەوەو دووبارەی نەکردنەوە کە دیاربوو شاعیر حمید سعید کە قەرزاری زۆر هەڵوێستی جوامێرانەیم مەسەلەکەی لەسوودی من لای صحاف برانەوە .

بێینەوە سەر ئەسڵی باسەکە (من وبەعس) و بۆ عەقڵم تەقبولی بوونی کورد بەبەعسی نەکرد...؟ حساسیەتی من بەرامبەر ئەوەی کورد ببێ بە بەعسی حیکایەتی کابرایەکی نەخۆینەواری عەرەب لای درووستکردم " ئەمە پوختەی حیکایەتەکەیە :

- من دوای روخانی حزبی بەعس لە هەژدەی تشرین 1963 بە دوومانگ چومە ئیستگەی کوردی لە بەغدا "وەك لە بەشی یەکەمی یادداشتەکانمدا نووسیومە سەرەتا هەفتانە تەمسیلی ئیزاعیمان پێشکەش ئەکرد لە 1/9/ 1964 بووم بە (موزیع) و ئەورۆژە یەکەم دەنگوباسم لە رادیودا خوێندەوە "لە ئاسەواری شۆرشی کورد لەسەر رادیوێی کوردی لە 1961وە بەرپرسیارێکی عەسکەری بۆدانرا کە(زعیم وحید بامرنی –بابی زیرك)بوو" ئەو پیاوێکی هەتا بڵێی بەرێزو کوردێکی پاك ومرۆڤێکی هێمن ونەرمو نیان و رووکراوەی وابوو سەیرم لێ هات چۆن سلکی عەسکەریی هەڵبژاردوە...بە دەنگی ئیزاعی من معجب بوولەبەر ئەوە (ئەوسا پەخشی رادیوێی کوردی هەتا سەعات نۆی بەیانی بوو) کە دوامی پەخشی ئیستگە تەواو ئەبوو من و فخرالدین دۆسکی بانگ ئەکردە لای خۆی وجاری واهەبوو تا سە عات یەکی دوانیوەرۆ لای ئەماینەوە " زعیم وەحید فەراشێکی عەرەبی پێست رەشی لابوو بە دڵسۆزیەکی نا ئاسایی رێزی زەعیمی ئەگرت ئەویش ئەیدوان و زۆرجار نوکتەو قسەی خۆشی پێئەگیرایەوە " وەك ئەڵێن بیتی قەسیدی رای من بەرامبەر کورد بوون بە بەعسی کلیلەکەی لای (مهدی) فەراش و نەخۆێنەواری ئەهلی سەورەی بەغدایە " دوای ئینقلابە خوێناویەکەی 8ی شوبات و هاتنی بەعس بۆسەرحوکم چەند کوردێکی مونتەمی بۆ ئەوحزبە دێنە ئیستگەی کوردی دوای هەڵگەرانەوەی عبدالسلام عارف لە بەعسییەکان و دەرکردنیان لە حوکم ئەوان هەلاتن و نەمان " مهدی عەرەبی نەخوێنەوار" هەموو ئینقلابە خوێناوییەکە بەقەدەر وجودی کوردی بەعسی سەرنجی رانەکێشاوەو ئەم رامانەی خۆی بە زعیم وە حید وتوە " لەوەش زیاتر رۆژی 18 تشرین کە خۆیان بۆ راکردن ئاماد کردوە " مهدی غەریب ترین پێشنیاری بۆ زعیم وەحید کردوە بەرامبەر ئەودووسێ کوردە بەعسیە...! رۆژێ لەورۆژانەی من و فخرالدین لای زعیم دانیشتبوین و مهدی

چای بۆ هێناین مەسەلەکەمان بیر کەوتەوە کە لە زعیممان پرسی وتی با مهدی خۆی بۆتان باس بکات " مهدی دەقاو دەق ئەمەی گێرایەو (بەوخوایە برایان من ئەونەی بە بوونی کوردی بەعس عەجایەتیم هات بە ئینقلابە خوێناویەکە عەجباتیم نەهات من ئەم ساڵە دوورو درێژانەی لای کورد لە ئیستگەیە ئیش ئەکەم کورد ئەناسم براکەشم خوێنەوارەو بەعسی یە "کورد ببێ بە بەعسی عەجبایەتیە من براکەم عەرەبە چونکە بەعسییە خۆشم ناوێ " لە بەر ئەوە کە عبدالسلام دەری کردن هاتم بە زعیم وەحیدم وت "من بم لە جیاتی جەنابت نا یەڵم کوردە بەعسییەکان هەڵبێن " کە زعیم وەحید وتی ئەی چییان لێ بکەین وتم بیانگرەو بیانخەرە ناو قەفەسێك و بیانبە بۆ شیمال و خەڵکی کورد کۆبکەرەو با کوردی بەعسی ببینن.................).دەقی قسەی مهدی فەراشی عەرەبی نەخوێنەوارو ئەم حیکایەتە هەمووکارگێرانی ئەوسای رادیۆیی کوردی ئەیزانن...ئەم حیکایەتە وەك هیچ رووداوێ لە ژیانما لێم نەبووە بە گرێ ئیستا زانیتان بۆ ممکین نەبوو ببم بە بەعسی ..؟ بێ ئەوەی خۆم بە عەنتەریاتی دووررووێ سیاسیەوە خەریك بکەم..؟؟

- لەکۆتایی گێرانەوەی ئەم رووداونەدا بێ فیزو خۆبادان بە هەموونەوعەکانیەوە ئەڵێم ئەو حساسیەتەی من لەبەر رووناکی ئەو رووداوەدا قابیلی (تەعمیم – سەپاندن ) نییە " مەسەلەی کارلێکەری لای من وەك هەمووشتێکی دی ئەبی بەنیسبی سەیری بکرێ " چونکە دوای ئەوەی بەعس لە ژیانی هەموو عیراقییەکاندا بوو بە نیزام و بەرنامەو لە هەندێ وەرچەرخانی ژیانی هاولاٚتیاندا بە کوردو عەرەبەوە گەیشتە رادەی مان و نەمان ومافی مرۆڤە تا بۆی ئەکرێ داکۆکی لە مانی خۆی بکات " لە دوای حەفتاکانی سەدەی پێشوەوە " وام ئەروانیە بوونی هەندێ هاولاٚتی کورد بە بەعسی هەڵویستیش بەرامبەری هاوسەنگی لە گەیاندنی سوود بەخودی شەخسەکەو دەورووبەری درووستی ئەکرد " نەك لەبەر رووناکی کارلێکەری حیکایەتەکەی مهدی یەوە " (حەساسیەتەکە لای من وەك شەخسی خودی خۆم سەیر بکرێ نەك سەپاندنی بۆ گشت....!) نەك هەرمن زۆربەتان لەوانەیە کوردی بەعسی واتان بینیبێ پێشمەرگەی لە مردن رزگارکردبێ و لەوانەشیان تیابووە کە

لەسەر کیلۆیەك چا هاولاَتیەکی کوردی گەیاندە سێدارە کاتێ ئەخلاقی لە گریژنە چوو کیلۆ چاکەی بە باروتی تەقاندنەوە نووسی....!خەلّکی سلێمانی محمد امین احمدی پارێزگاری سلێمانیان لە بیرە کە هەولّی کوشتنی دراو لە لێکۆلّنەودا وتی (ئاساییە ئەو جهە سیاسیەی هەولّی کوشتنی منی دا چونکە من نوێنەری ئەو جهەتە سیاسیەم چەند رۆژێ لەمەوبەر ژمارەیەك لە رابەرەکانیانی لە سێدارەدا —مەبەستی لە سێدارەدانی شەهید شەهاب و هاورێکانی بوو– "ئەمەی وت وبەعسیش بوو " هەولّی کوشتنی قینی تۆلّە کردنەوەی لا درووست نەکرد

• ..........................................

** رای تایبەتی متەوازعم وایە : ئەوکەسانەی لە هەموو زەمانێکا ئاوو ئاشیان ئەگەرێت لە شەخسیاتی هەلباز نزیکترن بۆ وەسف لە جیاتی باسکردنیان بە (پیاو چاك ونمونەیی) لە وەسفی دەست بە کلاوگرتنەوە تا با نەیبات نزیکترن...وەك وتم ئەمە رای شەخسی منە....دەربارەی کاك مکرم تالّەبانی زۆرجار دووربەدوور دیومە کە سەرۆکی کۆمەلّەی رۆشنبیری کوردی بوو " لەو زەمانەی عبدالرزاق الهاشمی کۆنە وەزیری تعلیمی عالی کە کرا بە سەرەکی کۆمەلّەی هاوکاری گەلان " لە 11ی ئازاری 1992دا کۆرێکی بوو د. تالّەبانی سازکرد دەربارەی مەسەلەی کورد " لە نەشرە دەورییەکەیاندا بلاّویانکردەوە " کە خوێندمەوە ناراستەخۆ لۆمەی لایەنی کوردی و رژێم ئەکات بەرپرسیاربوون لە تازەبوونەوە شەری 1974و مەدحی هەلّوێستی ئیجابی حزبی شیوعی ئەکات کە گوێی بۆ شلنەکرا لە چارەی مەسەلەی کورد " منیش هاتم وتارێکی دوورو درێژی چوار ئەلّقەیم نووسی موناقەشەی رایەکانی دکتۆرم کردووە " ئەلّقە وتارەکە لە هاوکاری بە کوردی و لە (العراق) بە عەرەبی بلاّو کرانەوە " کە تەواو بوون " سەرۆك کۆمار صدام حسین یەك ملوێن دیناری پێشکەشکردم " کە چوم (صەکەکە) لەبانقی مەرکەزی سەرف بکەم دکتۆرم بینی و لێی چومە پێشەوە چاك و چۆنیم لەگەلاّ کرد لە سەرەتادا ترسام یان نەمناسێ یان ساردووسر وەلاّمم بداتەوە " بەلاّم وانەبوو " پێشی وتم : ئەوالەسەر رەخنەکەی تۆ سەرۆك تکریمی منیشی کرد " ئەویش هەمان پارەی لە (صدام حسین)ەوە بۆهاتبوو(لە دلّی خۆما وتم ( الحمدالله کلنا فی هوا سوی...!!)

# ( 1 ) راستیه ك بۆ میژوو

ئەم حەكایەتە ئەگێرمەوە كە شوكر بۆ خوا ئەوانەی ناویان هاتوە زیندون (خوابێوەییان بكات ) وبەو نیازە ئەیگێرمەوە هەڵوێستی من بەرامبەر هەستی ئینتیمام لەرووی سیاسی و هەستی ئەو ئینتیمایە هاندەری سەرەكی باوەری نەتەوەیی بووەو رۆژێ لە رۆژان لە دەربرینی ئەو هەستە سڵم نەكردۆتەوە :

لە بێنەوبەرەی ئامادەكردنی بودجەی وەزارەتی ئیعلام بۆ ساڵی 2000 لەگەڵ محمد سعید الصحاف كە ئەوسا وەزیری ئیعلام بۆ ، كە باس هاتە سەر بودجەی رۆژنامەی هاوكاری داوامكرد حسابی ئەوەمان بۆبكرێ بتوانین ژمارەیەك لە كارگێرانی رۆژنامەكەمان بە (موچەی كاتی كار ئەكەن ) لە ساڵی 2000دا وەك كارگێری هەمیشەیی تەعینیان بكەین ، موافەقەتی تەواو لەسەر داواكە كراو لەگەڵ هاتنی موافقەتی وەزارەتی دارایی راسپاردەم دا بە مدیری ئیدارەی هاوكاری كارگێرە وەختیەكان ئاگادار بكات ئەوراق و پێویستی بۆتەعین كردنییان پێشكەش بكەن ، لەناو ئەوكارگێرانەدا ( صاڵح إبراهیم نەجار) كە كاری نەخشەكێشانی لاپەرەكانی رۆژنامەكەبوو ، لاوێكی هونەرمەندو ژیرو بەرەوشت ( ئیستا لە خانەقینەو لە مەڵبەندی راگەیاندنی یەكیتی نیشتمانی كار ئەكات) ، بە رەوشت و هەڵسوكەوتی رێزی بۆخۆی لەناومانا پەیداكرد ، تا رادەی ئەوەی زانیم كرێیەكی زۆر ئەدا بۆنیشتەجێی خۆی لەبەر ئەوە لە هاوكاری جێەكی باشی حەوانەوەم بۆ دابێنكرد ، لە كارگیرەكانی دی زیاتر بەتەنگ تەعینی ئەوەوە بووم چونكە ئەمزانی رۆژنامەی كوردی پێویستی بەوجۆرە پیشەیەیە ، لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئەوەوە من خۆم بانگم كردو پێم وت ئەوراقی تەعین پێشكەش بە ئیدارە بكات ( براو هاورێم دكتۆر محمد زەهاوی ئاگای لە كەینوبەینە هەیە) دوای پێشكەشكردنی ئەوراقی كارگێرەكان بە دوو رۆژ ، صاڵح ئێوارەبوو هاتەلام ، بەروویا دیاربوو پەشۆكابوو ، كە لێم پرسی : ها كاكە صاڵح خێر ؟ فەرموو دانیشە...، دانیشت و دیسان لێم پرسیەوە ها ..بڵێ ؟ وتی :واللە مامۆستا من ئەمەوێ ئەوراقەكانی تەعین سەحب بكەمەوە تەعین نابم .....!زۆر سەیرم لیهات ، چونكە هەزۆر خۆشحاڵ بوو كە بانگم كردوو مژدەی تەعینم پێدا ،لەبەر ئەوە هەروا قسەكەیم بەئاسایی وەنەگرت و پێم وت من وەك برات وام بێ دڵە راوكێ

کێشەکەت چیە پێم بڵێ ، حەکایەتەکەی بۆ گێرامەوەو وتی : (مدیری ئیدارە بانگی کردوم و ئیستمارەی ئینتمای بۆ حیزبی بەعس دامێ و وتی ئەگەر ئەم ئیستمارەیە پرنەکەیتەوە تەعین نابی ، بەخوامامۆستامن تاقەتی ئەم بەزمەم نییە ئەرۆمۆ بۆخانەقین خوا کارێکمان هەرئەکات بە نسیب...!) ، بەتەواوی هەستم بەسەغڵەتی کرد چونکە سڵم لەوەکردەوە مدیری ئیدارە ئەم کارە نابەجێیەی بەناوی منەوەکردبێ ....مدیری ئیدارەکەمان کە (حی یورزەقە..!) بە ئیختیاری خۆم نامەوێ ناوی بێنم ، ئەندام (فیرقە) بوو لە حیزبی بەعس " کەچی دوای روخانی رژێم ئەویش لەگەڵ – خەت مائیلەکان....خەت مائیل دەرچو...!– ئەوانەی کەناوم هێناون شایدن ئەگەر لەبیر خۆیانی نەبەنەوە ، ناردم بەدوایدا و لێم پرسی :کوا ئەو نووسراوەی ئەڵێ کەس تەعین ناکەین ئەگەر ئیستمارەی ئینتما بۆ حیزب پرنەکاتەوە ؟ هەر بەتەواوی سەغڵەتی و شەرم لەرِوویا دەرکەوت ، کەوتە ها هاو چی؟ پێم وت : حەزئەکەی ئێستا نەك بەیانی ئەگەر ئەمری واهەیەو بە ئیعتبار من حیزبی نیم ئاگام لێی نییە با سەرنووسەریش بم ، بەڵام حەزەکەی ئێستا نەك بەیانی بچۆ بولای صحافی وەزیر بڵێ سەرنووسەری هاوکاری نایەڵێ تەوجیهەکەی حیزب جێ بەجێ بکەم " بەڵام بەیانی تۆ وەك مدیر ئیدارە ئەوراقی کارگێرەکان ئەنێری بۆ ئیدارەی وەزارەت ، بێگومان ، من ئەزانم تەوجیهی وانییە بەڵام تۆ ئەتەوێ لەسەر حسابی صالح هەنگاوێ بچتە پێشەوە ، بەڵام ئەوە صاڵح ئامادەنییە ئەو هەلەت بۆ برەخسێنێ ، ئەرکی ئیداری رەسمی خۆت جێبەجێ بکەو بۆ رێگەی دی بگەرێ لە حیزبا پێش بکەوی (قسەی لەوە توند ترم پێ وت نامەوی باسی بکەم) بەنائومێدی لەژورەکەم چوە دەرەوە ... صالح و ئەوانی دی تەعین بوون بەبی ئەوەی کەس منەتیان بەسەرابکات...ئەمە وەك راستیەك بۆ مێژوو بەرووی ئەوانەدا تۆمار ئەکەم کە بەبێ حساب بۆ ویژدان تۆمەت ئەدەنەپاڵ هەرکەسێ .

## (هەژارموکریانی)بەسەزمان و

# ( عبدالله عباس ) ی دێو......!!

ئەگەر بڵێم من ئەو پیاوە ما قوڵەی ناوی عبدالرحمان هەژاربوو ئیستا چۆتە جێگای حەقی خۆی ووابەناوبانگە شاعیری شۆرشی مەهاباد بوو  کە لە کوردستانی ئێران هەڵات هەموو ئەوریزو قەدرەی لە بەرچاو هەیبو ئەگەرێتەوە بۆ (شیرین و دوایی تاڵی) کارەساتی مەهاباد " بینینی والە نزیکەوە نەمدیوە بە سیمای رووی  ئاشنا بیم و نە وینەکانی و (کەخۆی ئەڵێن سەردەمی رەسم گربووە) نە شیعرەکانی چرکەیەك رایان نەگرتوم ئاهی  دڵ باتەوە ..... بەوەش باور بکەن کە لە پێ نانە سەدەی بیست ویەکدا زانیم یەکێك لە هوێ ناوزراندنی من ( بەلایەنی سەلبیدا)  لای هەندێ لایەنی سیاسی کوردی " ئەو(پیاوە بەسەزمان) ە بووە

سەرتان نەیەشێنم یەکەمجار هەژارم لە دوورەوە لە هۆڵی بەستنی یەکەم کۆنگرەی نووسەرانی کوردا لە بەغدا بینی کە دژ بە خواستی هەموو ئەدیبان بەگشتی و نوێخوازەکانیان بە تایبەت سەپێنرا بەسەریانداو کردیان بە سەرۆکی یەکێتی " دوایی لە هەرکۆرو چالاکیەکی نووسەران ئەچوم ئەگەر لەوێ بوایە هەستم بە وجودی نەئەکرد .

کە چی من و هەموو لاوانی ئەوسای وەك من بە پەرۆشەوە بە دوای (هێمن) ی نەمرەوە بووین گوێمان لێ ئەگرت و وێنەمان لەگەڵ ئەگرت وجوانترین پێشکەشی لەسەردیوانەکەی (تاریك و روون) بۆمن نووسیوە.........رۆژان یەن و ئەرۆن " شەرە رۆژنامە نووسیەکەی نێوان پارتی و شیوعیەکان لەسەر ئەو ناکۆکییەی لە نێوان پارتی و حیزبی شیوعیدا قەوما (التاخی ) و تەریق الشعب رۆژانە نووسینی دژبەیەکیان بلاو ئەکردەوە " ئەمە لەکاتێکابوو کە بە هاندانی ئێمە رۆژنامە نووسانی کورد لە بەغداو بە پشتگیری شەهید (دارا تۆفیق) رۆژنامەی (برایەتی) مانکرد بە رۆژانە " من سەرپەرشتی دوالاپەرەم ئەکرد هەموو رۆژێ ستونێکم بە ئیمزای (ژیڵە) ئەنووسی " هەژار وەختی خۆی وابزانم لە مەدی شیوعیەکاندا لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا کە دیسان بە ینی پارتی وشیوعی خراب بوو " شیعریکی گاڵتە جاری لەسەر  شیوعیەکان نووسیبوو ناردبووی جارێکی دی  لە برایەتی بلاو بکریتەوە (ئەمە رای تایبەتی

خۆمە...من گاڵتەم بە دەقی شیعرەکە هات...!) ئێوارە کاك سەربەست بامەرنی و شاعیری رەحمەتی جلال میرزا کریم ومن چوین بۆ چاپخانە بۆ بەسەر کردنەوەی لاپەرەکانی برایەتی ئەونەمان زانی هەژار تەشریفی هێنا بیرم غەدرم لێنەکات بە بینینی ئێمە لەوێ سەغڵەت بوو بۆیە ویستی بگەرێتەوە بەڵام رەحمەتی جلال میرزاکریم دوای کەوت و بانگی کردو سلاوی لێکردو لەگەڵیا بەرەو روومان هات " ئەوە یەکەم جاربوو لە نزیك نزیکەو ببینم " چاك لە بیرمە بە جۆرێ پەشۆکاوی وتی : وەڵا من شیعرەکەم لەسەر خواستی دارا ناردوە(مەبەستی شەهید دارا تۆفیق بوو کە سەرنووسەر بوو) وتم باخۆم تەسیحەی بکەم ..من هاتمە قسەو وتم وەڵا مامۆستا دڵگران مەبە وتاریکت لە جیاتی ئەم شیعرە تەمەن بیست ساڵانەیە بنووسیایە گاریگەری چاکتر ئەبوو....!خێسەیەکی لێکردم لە بیرم ناچێ و هەر ئەونەی وت : من دارا داوای لیم کرد بینێرم لێیداو رۆشت ...دیسان رۆژان یەن و ئەرۆن...دوامانگی 1973بە راسپاردەی حزب (بیگومان پارتی) کە درێژەی باسەکەم لە بەشی یەکەمی یادداشتەکانمدا نووسیوە" بەرەو چیا رێمان گرتە بەر سەربەست وجلال میرزاکریم راست بەرەو چۆمان و من هاتمە سلێمانی بۆ ئەوەی سەرێ لەکەس و کار بدەم ولەوێوە بەرەو چۆمان بچم " دوورۆژ لە شار مامەوە " دوایی بەرەو تەوێڵە لای خوالێخۆشبوو فتاح ئاغا ئامیر هێزی خەبات چوم کە لە چوارتاوە ئەمناسی " هەزار رەحمەت لە گیانی رێزێکی گرتم چاوەرێم نەئەکرد و کورێکی لاوی بانگ کرد (ئەندازیار دارا حسن یارە ) و پێی وت : کاك عبداللە ناسیاوی رۆژانی شارباژێرە تا بەرێی ئەکەین بۆ چۆمان میوانی ئێمەیە و با لەلای ئێوەبێ " بە کاك داراوە ژورەکە دوولاوی دی لێبو هەر سێکیان تا بڵێێ رۆشنبیرو رووکراوە بوون قەدرێکی پیاوانەیانگرتم تا کاتی چونی کاروانێك لە هێزی خەباتەوە بەرەو چۆمان بە فەرمانی فتاح ئاغا بەرپرسیاری کاروانەکە راسپێردرا کە لەگەڵ خۆیان بمگەننە شوێنی مەبەست " دیسان لە یادداشتەکامندا بە درێژی باسم لەو کاروانە کردوە وبازۆر لە مەسەلەکە دوورنەکەوینەوە " شەر قەوما من لە راگەیاندن (رادیوێی دەنگی کوردستان) بەرپرسیاریی بەشی لێکۆڵینەوەو رێپورتاجی ئیزاعیم پێ سپێردرا و برایان نەژاد عزیز سورمێ و فازل قەساب وکەمالی جمال مختار لەگەڵما "دکتۆر کەمال مەزهەر

بەرپرسیاری راستەوخۆمان بوو“ خۆهەڵکێشان نییە لە ناو ئەو هەموو ئەدیب و خاوەن قەڵەمەدا تەنیا من و دوو برادەری دی راستەوخۆ دووجار چووینە بەرەی شەر لەگەڵ هێزەکانی رژێم بەکاری راگەیاندن و لە هەردوو جارەکەدا بێچەك و جاری یەکەم کاك کەمالی جمال مختارم لەگەڵ بوو لە چیای کۆرەك و جاری دووەم لە دەشتی شارەزوور لەگەڵ کاك نەژاد عەزیز سورمێ “ بەهەرحاڵ رۆژێکیان دکتۆر کەمال پێی وتم باسێکم نووسیوە بۆ ئیزاعە حەزئەکەم بەدەنگی تۆ تۆمار بکرێ و خۆی ئەورۆژە لەگەڵمان هات بۆ ستودیوی ئیستگەو وتەکەم تۆمارکرد “ دوای ئەم رووداوەو چەندجارێ لە چیاو لە بەغدا کە باس لە هەڵوێستی من و قسەوباس دەربارەی پەیوەندیم لەگەڵ دامودەزگاکانی دەوڵەت ئەکرا دکتۆرکەمال کە مەدحی من و باوەر نەبوونی بەوەی هەندێ دەربارەی من ئەیڵێن ئەی وت : من هەتا لە چیا کە هەژار موکریانی باسی تۆی ئەکرد من باوەرم نەئەکردو داکۆکیم لێ ئەکردی “ دکتۆر زیاتر لەجارێ ئیشارەتی بە هەژار ئەداو نایەتە بیرم رۆژێ بیرم لەوە کردبێتەوە :توخوا با لە دکتۆر بپرسم هەژار چی وتوە دەربارەی من “ چونکە بە باوەر بوونم بەخۆم و پشت ئەستوریم لەو پەندەی ئەڵێ (ئەوەی حسابی پاکە لە محاسەبە بێباکە) بیرم بەلای لە رووداوی شیعرەکەی هەژارو رۆژنامەی برایەتی تێپەری نە ئەکرد ئیتر هەرگیز بەلای ئەوەدا نە ئەچوم کە وەك (هەژارناسێك) بۆی باسکردم ئەو هەڵوێستەی من دەربارەی شیعرەکەی کیفایەتە هەتا هەتایە قینی لێم بێ و بیرم لەوە نەئەکردەوە هەژار لە لای بەرپرسیارانی سەرکردایەتی دەست رۆشتوەو سڵ لەوەناکاتەوە بۆ تۆڵەی قسە رەقەکەم دەربارەی (ملحمە شیعریەکەی دەرحەق شیوعیەکان) چی خراپە بۆم هەڵبەستێ “ تا لەم دوایەدا کە هاتمەوە بۆ شارو (سلیمانی) و نیشتە جێ بووم “ لەسەردانێکی بەسەر کردنەوە ئەم باسە وروژا “ ئەو برادەرە وتی : ئەوە ئەمەتکردوە بۆیە هەژار وا بۆی تێچاندوی..؟ وتم : چۆن ؟ وتی ئەی گوایە نازانی ؟ پێم وت : حەزئەکەم باوەرم پێ بکەی لەوەزیاتر بە خەیاڵما نەهاتوە لەوانەیە کە لە چیابووم هەوڵی ئەوەی دابێ جێگام پێ لێژ بکات “ بەسەرسوورماویەوە وتی : معقولە نەتبیستوە هەژار چ وێنەیەکی خراپی تۆی داوە بە سەرکردایەتی ..؟ وتم حەزئەکەی بەپیرۆزترین شت سوێندت بۆ ئەخۆم ..ئەو وتی : دەوەڵا راست ئەکەن هەندێ بە

ویژدان به فەقیر باست ئەکەن ...!راستت ئەوێ بۆ ئەوەی نەوترێ موبالغە ئەکەم " بەلاّم
بە پشت بەستن بەورەسمەی ئەوسا هەژار بۆی نەخشاندوی مخابەرات و ئیستخبارات و
ئەمنی ئەوسا بەبێ ئیستشارەی تۆ پەنجەیا بە ئاوانەئەکرد....!وە بە هیچ جۆرێ سەرت
لەمە سورنەمێنێ...." " من یەکێ لەو شتانەی لە ژیانما بەردەوام شانازیم پێوەکردوە لە
مەیدانی پیشەکەمدا ئەوەیە نهێنیم نەبووە " هەر هیچ نەبێ لەگەڵ هاوری و دەورروبەرم
وئەوانەی کارم لەگەڵ کردوون وکاریان لەگەڵ کردووم " پەیوەندی من و (هەژاری
کلۆڵ ...!) لەگەل دەستەو داائیرەی حکومەتی ئەوسا " هەتا ناوەراستی 1973 یش بە
هەر پێوانەیەك ئەیپێوی و بە هەر میزانێك ئەیکێشی " نەك هەر پەیەیوەندار بووە لە گە
ڵیان بەڵکو قسەرۆشتوش و بەدەستیش بووە لە کا تێکدا ئەوسا من هەتا مەرحەبایشم
لەگەڵ هیچ بەرپرسیارێکی نە مەدەنی و غەیری مەدەنی دەوڵتی عیرا ق نەبووە " یەکەم
رووبەرووبوونەوەی من لەگەڵ جیهازی ئەمنی حکومەتی عیراق 15/ 6/ 1976 بوو
کە لەسەر مەسەلەی کوشتنی عوسمان فائق گیرام و سی مانگ و 20 رۆژ بە بەندی
مامەوە " دوای ئەوە کە جۆرێ سلاّو ومەرحەبام لەگەڵ ئەو ئەفسەرانە پەیداکرد کە
بەرپرسیاری (تەنسیق) بوون لەگەڵ هەموو رۆژنامەو گۆڤارەکانی عیراق نەك هەرکوردی
" زوربەی ئەوبراو خوشکانەی کاریان لەگەلاّکردوم (ئینشاللە ویژدانیان زیندوەو
لەبیریانە) ئەوجۆرە سلاوەم لەگەڵ ئەو کارگێرانە بۆ سوودی داکۆکی کردن لەو
نوسەرانە بووە کە (تقریر نوسە دووسەرەکان ) دەربارەی نوسینەکانیان ئەیانارد بو
(شعبەی سێ) """ رووئەدا لە ژیانی خەڵکا کەسێ هەڵوێستێکی کەسێکی بە دڵ نابێ
وئەوە وای لێ ئەکات حەزبە لێنزیك بوونەوەو پەیوەندی بەستن و کارکردن لەگەڵی
نەکات " هەڵوێستی وا ئاساییەو ئەچێتەخانەی سەربەستی ئیختیار.. بەلاّم هەڵویست
بەدڵ نەبوونی کەسێ بەرامبەرت بگاتە رادەی کارکردن دژی تارادەی هەوڵی
لەناوبردنی ونان برینی و بەد ناو کردنی بە ئەنقەست ..چیە وەلاّ فلاّن شتی تۆی بەدڵ
نەبووە ..؟ کەسانی وا لەخانەی بوغزاوی وقین بوونەوەی لەغەیری خۆیان دائەنرێن "
من لەلای خۆمەوە مەسەلەی قسەکەم دەربارەی شیعرەکەی هەژارلە پشتە ملەو بوختان
نەبوو " رووبەروو قسەم ئاراستەی خۆی کرد و لەوساتەشەوە تا ئیستا ئەمە یەکەمجارە

باسی ئەکەم کەچی لای ئەو ببێتە مایەی بەدناوکردنی من بەشێوەیەکی غەدارانە ....پیاوی وا (لەداهێنەری و قەڵەم بەدەستی بگەرێ ) پیاوی وا هەر ئەبوو خواکورێکی وای بکات بە نسیب وێنە حەقیقیەکەی پیشانی هەمووخەڵك بدات و (الله فی خلقه شۆون).

# سەردەمی ئیسماعیل رسولّ بە نموونە

بۆیە لە سەردەمی رەحمەتی اسماعیل رسولّەوە باس لەم دەزگایە ئەکەم کە کۆتایی سالّی 1979 بوو چونکە تا دانانی ئەو رێنەکەوت کارگێریکی شیاو بۆ ئەو دەزگایە دابنرێ تا هێنانی دکتۆر بەدرخان سندی " سەرەرای ئەوەی ئەو ململانێیەی لە زەمانی ئەودا روویدا لەلای من وێنەی رەگی ناکۆکی و بەیەکەوە نەگونجانی (وەك نەخۆشی) لە ژیانی سیاسی و رۆشنبیری ئێمەدا رونکردەوە

اسماعیل رەسولّ یەکێك بوو لە رۆشنبیرە چەپرەوەکانی کوردو لەوانەی کە وازیان لە شیوعیەکان (وەك حزب ) هێنابوو " چیرۆك نوسیش بوو" لە یەکیتی نووسەرانی کورد لە سەرەتای دامەزراندیەوە لە دەستەی بەرێوەبەربوو " بەرەحمەت بێ کابرایەکی بەفیزوبوو لە نواندنی ئیمکانیاتی سیاسی و رۆشنبیریی خۆیدا (بەلاّم ئەم سیفەتەی بەلایەکا دەر ئەبری بۆ دەوربەر بێوەی بوو) لەو سەردەمەدا کە دەولّەت خۆی بۆ رووداني بارگرژی لەگەلّ سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانیدا ئامادە ئەکرد و بەدوای سیاسی و رووناکبیرە کوردە بێلایەنەکاندا ئەگەراو هەولّی لەخۆنزیکردنەوەی لەگەلّیان ئەدا (لە ناوەراستی 1973)وە " اسماعیل رسولّ یەکێك بوو لەوانەی خۆی بۆ ئەو پێشەوەیە شلکرد " من لەو کاتەوە باس ئەکەم بوبە بەرێوەبەری گشتی لای ئیمەو سەرنوسەری هاوکاری " کابرا بەرەحمەت بێ کوردێکی دلّسۆزوبوو " ترسنۆکیش نەبوو" تاقە عەیبێ هەیبوو لەسەرفی پارەی حکومەتدا رەزیلێکی تەواو رەزیل بوو" کەهات بەسەر وێرانەی (سعاد ادیب) ی بەعسی کوردی نەزان کەکارە سەرەکیەکانی دەزگاکەی دابووە دەست ئەودووسێ بەعسیە کوردەی لە دەزگاکە بوون " لەسەرەتای هاتنیا " منی گێرایەوە بە سکرتێری نووسینی هاوکاری " شەخسی رەحمەتیم نە ئەناسی و سلاّوی ئاسایی لە نێوانمان هەبوو کە لە بارەگای کۆمەلّەی رۆشنبیری ئەمبینی " پرۆژەی چاك لە مێشکیا بوو بۆ گەشەدان بە رۆشنبیری کوردی لەماوەی ئەو دەزگایەوە " بە لاّم سەیر ئەوەبوو بەرەنگاریەکی خەستی ئەکرا لەلایەن ئەو کەسە کوردانەوە لە دەستەلاّت نزیك بوون "رۆژانە راپۆرتی لەسەر ئەنووسرا بۆ ئەمن و یەکەم تۆمەت دایەنە پالّی ئەو

راپۆرتەبوو خەتاباریانکردبوو زمانی عەرەبی لە دائیرەکەی مەنع کردوە و لە کۆبوونەودا بە عەرەبی قسەناکات " کەچی ئەوبەسەزمانە لە راستیدا لەچواربەشی قسەی ئاساییدا سێ بەشی بە عەرەبی قسەی ئەکرد...! راپۆرت نووسین لەسەری گەیاندیە بەرەنگاری لەگەڵ (لەتیف نصف جاسم)ی وەزیری ئیعلام وکۆبوونەوەیەکی بە هەموو کارگێرانی دەزگاکە کرد (من و زوربەی کارگێرانی رۆژنامەی هاوکاری لەو کۆبوونەوەیە نەبووین چونکە رۆژی چوارشەممە بوو ئەورۆژەش رۆژی پێش دەرچوونی رۆژنامەکە بوو کە زوربەمان لە چاپخانەی دارالجماهیر دەواممان ئەکرد) بە جنێو وقسەی ناشیرین کۆبوونەوەکەی کردبووەو یەکەم پەلاماری ئاراستەی مصلح جلالی کردبوو کە دەقاو دەق پێی وتبوو (ترسل بلگوانی تقاریر) و کردبوویە دەرەوە " دوایی دەستی کردبوو بە قسەی ناشیرین بە دەزگاکە " ئیتر اسماعیل رەسول تورەتر لێی هاتبووە جواب و وتبووی قبوڵ نیە بەم مجۆرە قسەلەگەڵ کارگێرانی دەزگاکەمابکەی ئەگەر باری سەرنجت هەیە رێگەی ئوسوڵی زۆرن بۆ چارەیان " کە وەزیر دەنگی لەویش هەڵبریبو ئەم پێی وتبوو دەنگ هەڵمەبرە ئەوەخۆتو دائیرەکەت ومن ئامادەنیم لەم وەزارەتەی تۆ بەرێوەی ئەبەی کاربکەم و چوبوە دەرەوە....کارساتی ئەم رووداوە بەوە شکایەوە اسماعیل رەسوڵە کلۆڵەکە تقاعد کراو ئەوەی وەزیر گوناحباری کرد ( بەگوونییە راپۆرت ئەنووسێ..!) کرابە بەرێوەبەری گشتی...!!بۆ رۆژی دوایی ئەوبەرەنگارییەی وەزیر جاسم لەگەڵ رەحمەتی اسماعیل رەسوڵ لەژورەکەی خۆم دانیشتبوم سەلاح شوانی شاعیرو برام ئەم حیکایەتەی بۆ ئەگێرامەوە " ئاراس محمد فرجی مدیر ئیدارە هات و وتی :کاك عبدالله تۆو جماعەتی هاوکاری بچن بۆ وەزارەت " یەکسەر سەلاح بە گاڵتەوە وتی دەی وەزیر لەبیرتان ناکات جوێنی بۆ هەڵگرتوون " ئاراس یەکسەر وتی نا( عبدالجبار محسن ) وەکیل ئەقدەم ئەیانبینێ " هەموو کارگێرانی هاوکاری کۆبووینەوە کە سوپاس بۆ خوا زوربەیان لەژیاندان و دیارترینیان شاعیری ناسراو برادەرم عبدالرزاق بیمار کە وەك (سەرپەرشتکاری زمان لامان بوو رۆژنارۆژ دەوامی ئەکرد و لەبەختباشی من ئەورۆژە هاتبوو ئەبێ ئەوەش بڵێم ئارەزووی نەبوو بێت من رازیمکرد و کەسی دووەم کاك محمدی حاجی تایەر (هەواڵی نازانم ) کە چووینە وەزارەت لە ژۆرێکی گەورەی دیاربوو بە مێزە درێژەکەیدا هی کۆبوونەوەبوو دایانایین " عبدالجبار محسن وەکیل ئەقدەمی وەزیر بە جلە زەیتونیەکانیەوەو ملە لارەکەیەوە هاتە ژورەوە

لەسەرەوەی مێزەکە دانیشت و خێرهاتنی کردین و ئەوەی بیر تیژی لای هێشتبمەوە دوای لێبوردنی ئاشکرای بەناوی وەزیرەوە لەوەی دوێنێ روویدا لەگەڵ کارگێرانی دەزگاکەو بەرێوەبەری گشتی کرا کردوو داوای لەمن کرد وەك سکرتێری هاوکاری ئەوە بە کارگێرانی دەزگاکە بگەیەنم دوای ئەوەی بە پێکەنینەوە وتی : بەختتان باشبوو دوێنی لێرەنەبوون ...! ئنجاوتی :مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی گرێدارە گرانی و گریداریەکەی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دام ودەزگاکانی رەنگ ئەداتەوە " عبدالجبار محسن دەستی خستە سەربرینێ کە زۆر لە بەر پرسیارە عەرەبەکان ئەوانەی شۆڤینی و دەمارگیرن کردبوویان بە مادەی تانەلێدانمان " ئەویش دەردی راپۆرت نوسینی کارگێرانی کوردە لەسەر یەکتری (کەمن وەك ئعلامیەکی متەوازیع لەوەگەیشتبووم هەرچەندە دیاردەی لە یەك خوێندن نەخۆشیەکە لە کۆمەڵە کەماندا بەڵام نەخۆشیەکی مەحال چارکردن نییەو ئەو سەردەمە هەندێ بەرپرسیاران ئەمن و غەیری ئەمن هاندەرو ئاگر خۆشکەری بوون) ئەو وتی ئێمە ئەم دامو دەزگایانەمان دامەزراند تا گەشە بە بزوتنەوەی رووناکبیری کوردی بدەن وحەزلە دەسخستنە کارو بەرنامەتان ناکەین بەڵام ئەوەی بلاوی ئەکەنەوە لای خۆتانەوە سکالای لە دەسئەکرێ ....!! لەم قسە بێتامانەی زۆرکرد تا دوای ماوەی قسەی بە ئێمەدا " زوربەی ئەوانەی لەوێبوون ماون " تەنیا من قسەم کرد و پوختەقسەکەم ئەمەبوو(دیاردەی راپۆرت نوسین لە کۆنەوە دیاردەیەکی سەلبیە لەناو کۆمەڵی ئەم وڵاتە بەگشتی وئیستا لای ئێمە بەهۆی بار نا ئاسایمانەوە هەیە ...ئەمەراستە بەڵام کاری بەرپرسیارانی ریزی پێشەوەی وەك جەنابتان و لە ئێوە بەرەوژور داخستنی دەرگایە بەرووی ئەم دیاردەیەد ا بە تایبەت لەگەڵ رۆشنبیری کوردیدا " جەنابی وەکیل مەعقول نییە شاعیرێکی کورد نەوێری رەسای خۆشەویستەکەی بکات و بڵێ : لەرۆژەوە تۆ کۆچت کردوە ..ئەستێرەکانیش ئاسمانیان بەجێهێشت ...نەفامێ بێت و راپۆرتێ بنوسێ بڵێ ئەو شاعیرە مەبەستی رەسای بارزانی و هەرەسی بزوتنەوەی کوردە و ئێوە یان لایەنەبەرپرسیارەکان باوەر بکەن ...! ئەوپشتگیری بوونی ئەم دیاردەیەی وەك شتێکی سەلبی سەلماند بەڵام داوای وریایشی کرد لە بلاو کردنەوەدا بەبیانوی ئەوزروفە ناسکەی عیراقی پیارەتدەبێ ...لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەمنی وت هەرکارێکی پەلەی هاوکاری ئەبێت تا مەسەلەی مدیرعام بەلایەکدا ئەکەوێ یەکسەر پەیوەندی بەوەوە بکەم و هاتینە دەرەوە "

مامۆستا عبدالرزاق بیمارو کاك حمەی حاجی تایەر دەستخۆشیان لە قسەکانم کردو منیش دوای سوپاسیان وتم : حەزم ئەکرد ئێوەش بهاتنیەتە دەنگ...بە هەرحاڵ اسماعیل رەسولّ لابرا " بووبە قوربانی بوختانی ئەو گونیە راپۆرتانەی ئەگەیەنرایە زیاتر لە لایەنێ کە زوربەیان دەستەلآتی ملشکاندنی خەڵکیان هەبوو بۆیە شوکرانەی کرد بە تەقاعدکردن نەجاتی بوو...!!بۆ نموونە بەسەزمانە لە گەڵ وەفدێکی وەزارەت چوبۆ ئوردن " لە کاتی ئەو سەفەرەیدابوو" ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری (بەیان) دەرچوو چیرۆکەکەی محمد موکری (ئامێردەکان) ی تیابلآو کرابووەوە " ئەو ناوی لەسەر گۆڤارەکە وەك سەر نووسەر نوسرابوو مصلح جلالی بەرێوەبەری نوسین " گۆڤار " نە توزیع کراوە نە گەیشتۆتە دەستکەس راپۆرت گەیشتۆتە شعبەی سی...!! هەر کە هاتەوە لە ئوردن لیژنەی تحقیق هاتبوونە سەری (من لەوسەفەری مدیرعامەوە تا هاتنەوەی بەسەفەر لە سلیمانی بووم " تەواو لەبیرمە رۆژی پێش دەوامکردنی ئەو گەرامەوە) کەچی (دووسەرە سیاسیەکان _کە بەشەو لەسەر مێزی خواردنەوە کوردایەتیان ئەکردوو بە رۆژ هوشیارانە راپۆرتیان ئەنووسی) چرپەکیان لە دائیرە بلآوکردەوە کە گوایە من خەبەری بلآوکردنەوەی چیرۆکەکەم گەیاندوە بە ئەمن....!! بەلام پێداگرتنی اسماعیل رەسوڵی رەحمەتی لەسەر تحقیقی ورد لەناو دائیرەدا لەسەر ئەم مەسەلەیە پەردەی لەرووی ساختەچیە کان کە یاریدەی راپۆرت نووسەکانیان ئەدا لابرد و بەمجۆرە : جارێ اسماعیل رەسوڵی کلّول وەك سەر نووسەر چیرۆکەکەی نەدیبو رۆژی سەفەرەکەی ئە و ناردبوویان بۆچاپخانە کە پێی لەسەر ئەوەداگرت ئەبێ ئەسڵەکە ببینێ دەرکەوت مصلح جلالی لەسەری نووسیوە (زۆرباشە) ئەوکەسەی کە دۆزیەوە فریاکەوت بردی بۆ مصلح و ئەویش وەك پەندە عەرەبیەکە ئەڵێ ( هات کلی تێکا کوێری کرد) وشەی (نییە) ی خستە دوای ( زۆرباشە) و بووبە (زۆرباشە نییە) تا بۆ مدیرعام بسەلمێنێ ئەوبەدڵی نەبووەو بلآویش کراوەتەوە....ئیتر وشەی( زۆرباشە نییە ) لەناو کوردانی خوێنەوار لە بەغدا بووبە شەوچەرەی گاڵتە جاری و پێکەنین "هەرئەوەنە بەڵکو پێداگرتنی مدیر عام لەسەر کەشف کردنی تەواوی ئەوپیلانەی بۆ ملشکاندنی دانرابوو یەکێك بوو لە بیتاقە چاکەکان بۆ بەخت باشی شەخسی من دەرچو ئەویش کەشف بوونی ئە و (نیشتمانپەروەرەی) بەتەنگ ئەمن و ئاسایشی (حکومەتی وەتەنی)یەوە ئەهات و نەیدەهێشت (لەوانەیشە ئیستا سەرقاڵی پاراستنی

ئەمن و ئاسایشی هەریم بێ لە دەست نووسەری زۆربڵێ –والله اعلم !!)نەیدەهێشت وشەیەکی شایەن تەفسیری سەلبی لەچاپکراوەکانی دەزگاکەدا رەت ببێ و تەرجمەی نەکات بە عەرەبیەکی رەوان و لەرێی بەرپرسیاری ئەمنی دائیرەکەوە رەوانەی شعبەی سێ نەکرێ..اسماعیل رەسوڵی رەحمەتی هەمووانی ئاگادارکرد کە چیرۆکەکەی محمد موکری بەقەڵەمی (رۆژنامەنووسی بەتوانا......!!) ترجمەکراوە بۆ شعبەی سێ) کە بەدووری نازانم هەرئەویش بوبێ قسەی خەتابارکردنی منی بە ترجمەو ناردنی چیرۆکەکە فرێ دابێتە سەرزمانی خەڵکی دائیرە...!

## بەغدا لە 3/20 وە بۆ 4/9/ 2003 و پشتەوەی پەردە تەنکەکە...!

خۆ هەڵکێشان نییە بڵێم وەك رۆژنامە نووسێکی خاوەن تەجربەی زیاتر لە سی ساڵ و نزیکەی دەساڵێ نزیك لە سەرچاوەی بریار لە ئیعلامی مەرکەزی عیراق..." بەتەواوی و ساڵ بەرلەرووداني ئەوەی لە 4/9ی 2003دا روویدا لەبەرچاوم بوو " بەڵکو بەلامەوە سەیربووروودانی (هەرەس) بیست رۆژیکی پێچو " وای بۆ ئەچووم (هەر کە ئەمەریکاییە کان بریاری وێرانکردنی عیراق بگەیەننە رایکردن )لە سێ تا چوار رۆژ زیاتر نەخایەنی و ئەو خۆراگرییەی لەراگەیاندندا ئەوترێ بە ئاشکرا لەناخی خۆماولەبەرچاوی ژمارەیەکی زۆرکەم لەبراو دۆستانی زۆر جێی باوەر (بۆ میژوو لە کوردان رەحمەتی جوانە مەرگ فاروق علی عمرولە عەرەب فاروق سلومی بەرێوەبەری گشتی سینەماو شانۆی ئەوسا) قاقا بە قسە زلـلەکانی دەرەقەت هاتنی ئەمەریکا پێئەکەنیم " دان نان بەم راستیەدا حەزبوونم لەوەی چاورێ ئەکرا نەبوو هەرگیز" بەڵکو پێکەنینی گریاناوی بەو چارەنووسە تاڵەی چاوەرێی عیراقییەکانە ئەگەر ئەمەریکا وڵاتەکەیان داگیربکات بە هۆی لەخۆبایبونی ناوەرك بۆشەوە تارادەی کوێرییەکی وا بەرپێی نەك سنووری وڵاتەکەت بەڵکو ناوەوەی و وەزعی گەلی عیراق بەدینەکرێ و بیری ژیرانە نەیەت بەخەیاڵا " لەوانەیە کەسانێك کە بیر لەم جۆرە وەزعانەدا تەنیا لە مەکاسب ئەکەنەوە بپرسن : تۆ کەوات ئەزانی بۆ بیرت لە چارێ بۆ خۆت نەکردەوە ؟ بە ئامانەتەوەوەو دوور لە هەموو جۆرە موزایەدەیەك من رۆانینی خۆم هەبوو بۆ خۆم و ئینتیمای پیشەیی و سیاسی وهەتا ئینسانی خۆم وتائیستاش وا لە شتەکان و دەوروبەرم ئەروانم " زۆرجار لەگەڵ شاعیری هاورێم لەتیف هەڵمەت گونجان لەگەڵ ژینگەیەکا بۆن و بەرامەی ناخۆشی لێ بێ ئەمان شوبهاند بەو رووداوەی باوە لەسەر (حەزرەتی عیسا سلاوی خوای لەسەر ) ئەیگێرنەوە و ئە ڵێن کە بەلای لاکەی کەرێکی تۆپیوا لەگەڵ موریدەکانیدارەت ئەبێت هەموویان دەم ولوتی خۆیان ئەگرن حەزرەتی عیسا نەبێ ئاسایی بەلایا ئەرروا و سەیریشی ئەکات .. کەرەت ئەبن لێی ئەپرسن چۆن بەرگەی ئەو بۆن وبەرامە تیژەتگرت ..؟

وتی : چونکه من وەك ئێوە تەنیا خەیاڵ ودەوونم ئاراستەی بۆن وبەرامەی نەکرد و هەست و روانینم هەر ددانە سپیە جوانەکانی بینی لە ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا هەموو جار رایکردنی هەموو ئەو حەزو ئارەزوانەی لە دڵ و دەروونماندایە و ئەو ئەرك و کارانەی ئەبن بە توشمانەوە بەیەکەوە گۆنجانی سەد لە سەدی ئارەزو و خواستمان و ئەو کارەی ئەبێتە ئەرکی رۆژانەمان مەحاڵە "زۆرجار رووی داوە سەربازێك لەریزی سوپای دەستەلاتێکی ستەمکاردایە لە هەرکارێکی نەگونجاو لەگەڵ ویژدانیا کە ئەرکی سەربازییەکەی بەرەنگاری ئەکاتەوە ئەزانێ ستەمەبۆ ئەو وەك تاك " ناتوانێ بۆنموونە لەبەرەی شەردا وەرچەرخانێ دروست بکات هاوجووت بێ لەگەڵ ویژدانی خۆی "بەلام زۆرجار ئاسان ئەبێ لەبەردەمیا بەشداری راستەو خۆنەکات لەو کارە گەندەلانەی ویژدانی بریندار ئەکات (لە هەڵمەتە خۆیناویەکەی حوزەیرانی 1963دا لە شاری سلێمانی و دوای کودەتا خوێناویەکەی حیزبی بەعس لەوپەلامارەدا کە بەکوت و پر راگەیاندنی قەدەغەکردنی هاتووچۆ دەستی پێکردوودەستە دەستە هەر عەسکەربوو خۆیان ئەکرد بەماڵەکانداو هەرچی نێرینەلەهەرماڵێکا بەردەستیان کەوت و بردیان بۆ گرتوخانەکەی حامییەی سلێمانی ئەوسا پۆلێ لەوانە خۆیانکرد بە ماڵی ئێمەدا چوار پێنج عەسکەرو ئەفسەرێکی لاو کە هاتنەژورەوە و دەستیان بە پشکنین کرد رەسمە بەناوبانگەکەی شێخ محمودی نەمر کە لەپاڵ بەردەقارەماندا گیراوە هەڵمان واسی بوو عەسکەرێ وەك هار پەلاماریدا خەریك بوو دایگرێ و بیشکێنێ یان فرێی بدات ئەفسەرەکە پشت ملی گرت و بە تورەییەوە وتی : ئەوەچی ئەکەی " عەسکەرەکە وتی : سیدی صورە مال عصابە....!ئەفسەرەکە پێیی وت : ئەوە رەسمی پیاوێکی پیرۆزەو لە خۆت و عەشیرەتەکەشت پیرۆزترە ...! بۆ بەیانی زانیمان ئەو کۆلانەی ماڵی ئێمەی لیبو لە کۆلانە دەگمەنەکانی شاربوو کەسی تیا نەگیرابوو...) ....لەم سەرزەمینەو لەم ناوچەیەی ولات و گە لەکەی ئێمەی تیا ئەژین بە تایبەتی ولە سەرتاپای ئەم دنیایە بەگشتی " رژێم وحوکمی میسالی و موبارەك مەحاڵە بە فاتیکانی رۆژئاواوە هەتا حجازی رۆژهەلاتەوە و رژێمی عیراق هەتا ساڵی 1974 لە ناوەوەو هەتا 1978 لەدەرەوە بە جەهدو پشتیوانی هەموو ئەو هێزو لایەنانەی دنیا چاوەرێی خێرخوازی لێ ئەکردن پیگەیشت و بەهیزبوو"ئەما ئیستا ئەڵێن وایان نەئەزانی رژێم دەستخەرۆی کردن ئەمە بروبیانوی خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیاری و

لەویاریدانەیان ڕێگای خۆشکرد ئەو رژێمە سوود لە وەرچەرخانەکانی ئەو قۆناغە وەرگرێ کە یاریدانەکانی ئەوان بۆی ڕەخساندو زانی چۆن ژیرانە فێڵیان لێبکات وتاسوودی خۆیان توشی خەتەرنەبێ لێی گەران تا گەیاندیان بە پایەی ئەوپەری لەخۆبایی بوون.. لەرێی مەدحی حزبی شیوعیەوە بریجنیف ئەمەریکای بە صدام حسین ئەترسان....!کەچی ئیستا شەرم ناکەن هاولاتیە بێدەستەلاتەکانی عیراق بە کوردو عەرەبەوە تاوان بار ئەکەن گوایە صدام حسن یان بەهێز کرد ....!! " شیوعیەکان بە ئاشکرا رایاندەگەیاند کە صدام حسین کاسترۆی عیراقە ... منێکی رۆژنامەنووسێکی کوردیش لەم عیراقە پرگرێ و کارەساتەدا کە هەر لە ساڵی 1974وە کە لە چیابووم بریارمدا پشت و پەنام لە بیرو هۆشی خۆما شتێ نەبێ ناوی (حیزبایەتی و سیاسەتی ئیلزام و رێکخراو بێ) لە داخڵی ئەوبیروهۆشەمدا لە بەتەنگەوەهاتنی ناو ناوبانگی ئنسانی ئینتمام بۆ نەتەوەکەم و ئەو بارەی تیا ئەژیام لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتدا زۆر بالاترو پاك ترو هەتا ئازایانەتریش بووە لە هەموو ئەوانەی بە ویژدانێکی مردوو هەوڵی بەدناوکردنی ئینسانیەتی منی دابێ بە بیانوی مانەوەم لە بەغدا " بەوکردەوەیشی سوودی زۆر بچوکیشی بە کوردو کوردایەتی نەگەیاندبێ " ئەگەر عەدالەت هەبێ و حساب پاك بێ ئەوەی من بۆ رۆژنامەی کوردی و کارگێرانی ئەو رۆژنامەیەی کارم تیا ئەکرد کردومە " ئەبێ ئەوانەی موزایەدەیان بەسەر منەوە ئەکرد شەرمەزاربن ئەگەر بە عەدالەت شت بخوێننەوە " بەکورتی عیراق و رژێمی ئەوسای عیراق لایەنی بریسکە داری بێ بوونی پیسی تیابوو ئەکرا ئینسانی پاك بەپاکی بەتاقی کردنەوەی بێ روشانی ویژدان پیارەت بێ " ئەمە ئیختیاری راستگۆیانەی من بوو " ئەکیدە ئەم ئیختیارە بەبێ باج رەتنابێ " ئەگەر ئەو رژێمە لایەنی سپی شایان بەسوود لیوەرگرتنی تیانەبووایە " هەردوودەستەلاتەکەی هەرێم رازی نەدەبوون بەکردنەوەی دەرگای هاوکاری لەرێی چەندان (لجانی تەنسیقەوە) تارۆژی روخاندنی "...یان دیارە لەم دنیایەدا " ئەوەی بۆسیاسەت رەوایە لە ئینسانیەت و ئیختیارەکانی فەرد حەرامە...؟ بگەرێنەوە سەر ئەسڵی مەسەلەو یادەوەریەکان " من بەم روانینە هەڵسوکەوتم ئەکرد " بەتەواوی دوارۆژی شوباتی 2003 ئێوارەکەی کچە رۆژنامە نووسی رۆژنامەی (الجمهوریە) ئامال التائی " ئەندامی فرقە لە حیزبی بەعس و رۆژنامە نووسێکی چالاك بوو " وەختی خۆی لە تدریس کاری ئەکرد و من یاریدەمدا بێتە دنیای

رۆژنامەنووسی لەرێی ناسیاوەکانمەوە لە (الجمهوریه) لەبەر ئەوە بەبێ ترس ودبلوماسیەتی رستە هونینەوە موناقەشەی سیاسیم لەگەڵ ئەکرد " ئەویش خواهەڵناگرێ لە گرێی دەمارگیری حیزبایەتی بەدووربوو ئێوارەی ئەورۆژە هاتە لام و وتی : ئێمە لە حیزب رایانسپاردووین بیروڕای خەڵکی غەیرە حیزبی بزانین چیبکەین چاکە تا ئەم بەرەنگارییە یان روونەدا یان چیبکەین بۆ بەرەنگاریی ئەگەر قەوما ..؟لێم پرسی : راتوایە سوودی هەیە ؟ بەمانای ئایا بیروڕاکان بایەخیان ئەبێ لەسەر سەرچاوەی بریار " ئەو پێی لەسەرئەوەداگرت کە داواکە لە نوسینگەی رازگری حیزبەوەیە " پێم وت : چیم وت ئەیگەنی ؟ وتی : خۆ جنێو نادەی..؟ وتم :حەیفت نەکرد بەتایبەتی ئەوەی ئەیگەیەنی ئامالە..و بۆی کەوتمە قسە و پێیم وت :ئەمەرای خۆمەو لە شۆێنی زیاتر دەرم بریوە " ئەمەریکا یەت ...یەت " بەڵام دەستەڵات لە عیراق بە بریارێکی ئازایانە دەرحەق کوردو هەرێمی کوردستان ئەتۆانێ چەواشەی :ئەمەریکاو ئێران و هەموو ئەولایانانەی عیراقی بکات نیازیان یاریدەدانی ئەمەریکایان هەیە..سەری سورماو پرسی : چۆن ؟ پێم وت : هەردووحیزبی رابەری بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستان " ئەکید بە تەئیدی تێکرای خەڵك فیدراڵیان هەڵبژارد وئەم ئختیارە ئیستا حکومەتی عیراق لەرێگەی لیژنەکانی تەنسیقەوە لە هەموو وەزارەتەکان بۆتە واقع " باشە بۆ سەرچاوەی بریار ئەمە ناکات بە بریارێکی یاسایی و دەستوری و رەسمی رای رای ناگەیەنێت و بیکات بە بریاری رەسمی ومەشروع کە : دەوڵەت لە گەڵ ئیختیاری گەلی کوردی عیراقدایەو ئەو وەزعەی ئیستا کوردستان بەرێوە ئەبات وەزعی شەرعیە...؟ ئەو وتی : با بڵێین قیادە وای کرد چی رووئەدا ؟ وتم : من لەوانە نیم تەنیا بە عاتیفە بیربکەمەوە وخەلفیاتی هەندێ شت هەیە ئەیزانم بەڵام کورد بە تەبیعەتی شەرانی نییە " ئەوەی دەستێکی بۆدرێژ بکات بۆ دۆستایەتی ئەو بە هەردوودەستی ئەیگرێت " دیسان لەوە زیاتر کوردو رابەرەکانی لە ئەمەریکا بەشکن " بۆیە بریارێکی وا بە صدق " هەرهیچ نەبێ کوردو رابەرەکانی بێلایەن ئەکات ئەوە هەرهیچ نەبێ هەرێمی کوردستان ئەکاتە (باوەشی ئەمان) بۆ عیراقییەکان و لەوانەیە رابەرەکانی کوردستانیش بخاتە بەردەم بەرپرسیاریی و ئیلتزام بەو دەوڵەتەوەی ئیلتزامی دەستوری و یاسایی مافەکانی گەلەکەیانی لەسەرە " وە پێم وت :ئەمە خەونە بەڵام بەدیهینانی مومکینە ئەگەر لەسەر ئەساسی (رزگارکردنی ئەوەی ئەکرێ رزگار

بکرێ) یش بێت " ئەو ماوەیەك بێدەنگ بوو دوایی وتی :ئەزانی فیکرەیەکی چاکە ..؟ بەڵام من بوێرم بیڵێم ؟ وتم بڵێ فلان هاولاتی کورد وا ئەڵێ.....( سەرنج :دوای 9ی نیسانی 2003 بە ساڵێ ئامال لە نەقابەی رۆژنامە نووسانی عیراق ئەم باسەی بۆ ژمارەیەك رۆژنامەنوس ئەگێرایەوە لە ناسراوەکانیان عبدالرسولێ حسین بەرپرسیاری بەشی لێکۆلینەوە لە –ئەلف با – کە ئەویش ماوە لەوێبوو)ئامالم نەدیوە تا ئەو رۆژەی صدام نامە سەیرەکەی ئاراستەی مام جلال کرد لەورۆژەدا بەرێکەوت لە قاتی چوار بارگای هاوکاری ئەهاتمە خوارەوە بچم بۆلای (کەرەکەی رۆژنامەنووسی عیراقی هانی وهیب...کە لەبەشێکی دیدا ورد باسی ئەکەم)* ئامال لەرێرەوەکەدا بوو بە توشمەوە وتی :نامەکەت بیست بۆ کاك جلال ؟ منیش بەگاڵتە جارییەوە پێم وت دیارە تۆ پێشنیارەکەی منت بە پێچەوانەوە بەرچاو خستوە .....!!یان ئەوەتە حزبەکەتان بەو پەندەکوردیە کار ئەکات کە ئەڵێ : پرست پێ ئەکەم و بەقسەتناکەم....!

بەهەر حاڵ لە یەکی ئازاری 2003وە لە وەزیری ئیعلامەوە (صحاف) راسپێردراین کە هەموورۆژێ بەرلەوەی بەیانیان بچین بۆ دائیرەکانمان هەرشەش سەرنووسەری رۆژنامە رۆژانەکان بچین بۆلای ئەو بۆ زانینی دوا (مستجدات...!) ی وەزع (رۆژنامە رۆژانەکان: هاوکاری " سەورە " الجمهوریە" العراق " قادسیە " بەغداد ئۆبزێرفەرزو زائد: گۆڤاری ئەلف باو بەرێوەبەری گشتی هەردوو رادیۆ و تەلەفزیونی ئاسمانی و بەغدا ) لەو ماوەیەدا ئەمیر الحلو سەرنووسەری پێشوی ئەلف با لەبەر نەخۆشی دڵ و بە بریاری راستەوخۆی صدام حسین کرابوو بە راوێژکاری وەزیرو صحاف هەرچەند خۆشی نەئەویست بەڵام لەترسی راستەوخۆیی بریارەکە لای خۆیەوە مەکتەبێکی قەشەنگ و سکرتێرەیەکی شۆخی بۆدانا " من تا ئیستاش پەیوەندی توندوتۆڵ و دۆستایەتیم لەگەڵیا بەهێزەو ئەویش کوردی لا بەقەدرەو قەومیەکی کراوەو رووناك بیرە " زۆر بەیانی کە بەروەخت ئەگەیشتین تاجەنابی وەزیر شاوری لێ ئەدا بۆ کۆبوونەوە ئەچوینە لای ئە و" لەو وەختە ناسك وئاڵۆزەدا صحاف دەستەیەك شارەزای دیکۆرسازیی مەغریبی هێنابوو شوشەبەندی لە شێوەی توراسی ئیسلامیدا بۆ مەکتەبە کەی خۆی ئەکرد " کە دیاردەیەکی یان بی مەلامەتی یان نەفامی ئەوی ئەنواند بەرامبەر بەومەترسییەی لەبەردەم عیراقدایە " پەردە درابوو کەس نەئەترسا لە قسەو تەعلیق لای

ئێمەی سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی دەوڵەت "لەبەرئەوە هەمووبەیانیەك بەو دیکۆرسازییەی مەکتەبەکەی صحاف پێئەکەنین و من لە دڵی خۆما لەبەرخۆمەوە کە بەلای دیکۆر سازەکاندا رائەبوردم ئەوپەندەکوردیەم ئەوتوە کە ئەڵێ : کەرلەکوێ کەوتوەو کوونە لەکوێ دراوە..."یەکی لەو شتە خۆشانەی لە چاوەرێی ئەو کۆبوونەوانەدا روویدا بەیانیەکیان لای امیر الحلو دانیشتبوین و هەریەکەمان باسی لەوراپۆرتو شیکردنەوەسیاسیانە ئەکرد شەو لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە دیبوومان (هەمووسەرنووسەرەکان لە نوسیتگەکەی خۆیان هیلی ئەنتەرنیت و دشی وەرگرتنی کەناڵە ئاسمانیەکانمان هەبوو) سامی مهدی سەرنووسەری رۆژنامەی (سەورە) خەیاڵ بردبوویەوە ئاگای لە قسەکانی ئێمە نەبوو " کەچی لەپروو هەرلەخۆیەوە هاتە قسەو وتی :یەعنی شەرەکە هەرئەبێ...وانییە ....والله هەزار شەربێ من واز لە بەعس ناهێنم ....یا اخی الیوم ...البارحە ....صارنە عمر...هەمووومان وتمان :..ونعم...والله گدە...ودامانە قاقای پێکەنین ...بەهەرحاڵ لەو کۆبوونەوانەدا کە تا رۆژی 3/19ی خایاند باس لە شتێ پێی بڵێی ستراتیژیەتی ئیعلام و.....هتد نەئەکرا باس باسی مەوقعی بدیل وکی لەکادیرەکان دەوام بکات ودابێن کردنی بەنزین بۆ ئوتومۆبێلەکانمان ودانانی کەسی ئەمین بۆ ئەوکارنەو دەرکرنی رۆژنامەکان و چۆنیەتی دابەشکردنی و بە نیسبەت هاوکاری یەوە من پێشنیارم کرد کە شەر قەوما  هەفتەی دووجار دەرچێ و ئیمکانیاتی رۆژانەمان نییە وهەرواش بوو... لە ناو بارگای رۆژنامەکانیشمان خەریك بووین بە جێ دۆزینەوە لە کاتی لێ قەومانا پەنای بۆ بەرین "ئێمەی (هاوکاری) قاتی چوارەمی باڵەخانەکەی (دارالجماهیر)مان بەکرێ گرتبو کە بریتی بوو لە دوانگزە ژوور " سەردابی باڵەخانەکەمان لەگەڵ ئەوان دابەشکردوو" نیوەی کەرەستەی پێویستی ئیشکردنی رۆژنامەکەمان تیاداناو دوو ژوری بچوکی تیابوو یەکێکیان بۆ من و دووەم بۆ (هانی وهیب) کە سێ مانگ بوو بوبوبە سەرنووسەری (الجمهوریە) لە جیاتی یەکێکی لەخۆی کەرتر (سلمان زیدان) و زوربەی شتە مەخزەنییەکانی دی دائیرەکەمان بردە ماڵی باوکی کچێك لە کارگیرانی هاوکاری کە لە ئەمانەت و دەستپاکی دڵنیابووین " ئەم کارانە هەموو بە پێی راسپاردەو بریاری سەرۆکایەتی کۆمار لەهەموو دامودەزگاکانی بەغدا ئەکران ...وە ...بیستی ئازار قەوما....!!بەیانی زوکەهەستام بەرەو بارەگای رۆژنامەکەمان چوم لە رێگا بیرم لەوە

ئەکردەوە بینای دارالجماهیر بە پێوە نەمابێ " بەڵام وانەبوو " سەیریش ئەوەبوو زوربەی زۆری گارگێرانی رۆژنامەکە ( ئافرەت بوون) و ژمارەی کارگێری هاوکاری لە مێینە لە پێنج کەس تێپەری نەکردبوو" هەموومان چوینە سەردابەکەو بەوانەی لەبەشەکانی ئیدارەو حسابات کاریان ئەکردم وت برۆنەوە بۆماڵەوە قبوولّیان نەکرد و تا کارمان تەواوبوو لەگەڵمان مانەوە و دەستمان کرد بەکارو لە رۆژی دووەمی هەڵگیرسانی شەردا هاوکاری لەگەڵ رۆژنامەکانی دی دەرچوو ئیتر بەم جۆرە تا رۆژی 9ی نیسان....

رۆژی 3/24 من و هانی وهیب ئاگادارکراین برۆین بۆ وەزارەت لە ساڵحیه " ئەو پێی وتم بە یەکەوە برۆین "من رازی نەبووم و بیانوی ئەوەم دۆزیەوە کە نصرالله داودی سەرنووسەری عیراق دێ و بە یەکەوە دێین " بە دوای رۆشتنی ئەوا بە ماوەیەك رۆشتم سەیر ئەوەبوو کە چومە ژورەوە نصرالله لەلای هانیەوە دانیشتبوو..(کۆبوونەوەکە لە سەردابی بینای وەزارەت بوو ) زۆری نەبرد صحافی وەزیر و لە پێشیەوە تارق عزیزو بەدەستیەوە جگەرە کوبیەکەی هاتنەژورەوە " بە ئەمانەتەوە ئەو لایەنەگرنگانەی لەو کۆبوونەویەدا لە بیرم ماوە ئەیانگێرمەوە:شتی هەرەسەیرو سەرنج راکێش لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەبوو تارق عزیز دانەنیشت وەك خۆمان ئەڵێین وەك ماخۆلانی بێ لای سەرەوەی مێزەکەوە دوای ئەوەی صحافی بەزۆر دانیشان لە جولەو هاتوو چۆدابوو لەگەڵ ناوبەناو نەفەسی درێژ لەجگەرەکەی لەلای خۆمەوە کۆتایی حەتمی هەموو هێزێکی رژێمم لە و وێنەی هەڵسوکەوتی تارق عزیزەدا خوێندەوە هەرچەند ئەو هەوڵێکی زۆر لەخۆکردنی پێوە دیاربوو تا پێچەوانەی ئەوە بە ئێمە بگەیەنێ و کە گوێم لەو قسانەی بوو ئیستا دیمە سەریان لە دڵی خۆما وتم (رەحمەت لە گۆرت مامۆستا رفیق چالاك کە ئەتوت :خوا کە غەزەب لە مێروولە بگرێ ئەیکات بە جاش مێشولە....) ئەگەر تارق عزیزی نەخشەکیشی سیاسی و ستراتیژی ئەم دەسەڵاتە وا قسەبکات ئەبێ عبد حمود چی بڵێ.....!!دوای ئەوەی صحاف بەخێر هاتنی (ابو زیاد)ی کرد داوای لە ئێمە کرد بە کورتی تەبیعەتی ئیشکردنمان لەو زروفەدا بۆ جەنابی باسبکەین وهەر پێنجمان سەرنووسەرانی رۆژنامە رۆژانەکان بە کورتی وەك ویستی تەبیعەتی کاری رۆژانەی خۆمان باسکردولەو کۆبونەیەدا هانی وهیبی سەرنووسەری (الجمهوریە) کە من بە نهێنی نە بەڵکو لای زوربەی برادەرانی هاوپیشەم بە ئاشکرا بە (کەری رۆژنامە نووس )

ناوم ئەبرد غەریب ترین پێشنیاری کرد : موافەقەت بکرێ هەرسەرنووسەرێ 25 تا 50 ملوین دیناری لەژێردەست دابنری بۆ تەنگانەی کرینی شتومەك یا هەركوتو پریەكی دی "كە سامی مهدی و من پێمان داگرت لەسەر ئەوەی رەفزی ئەو پێشنیارە بكرێ وهەر ئاسایی و لە خۆشیەوە هوی رەفزەكەمان وەك یەك بوو وتمان : ئێمە تەحەمولی هەڵگرتنی پارەی دەوڵەت لای خۆمان ناكەین " صحاف زۆری نەمابوو رازی ببێ بەڵام كە ئێمە پێشنیارمانكرد رەفزو قبول سەربەست بێ ئەوانی دی هاتنە پاڵ ئێمە و موافەقەت نەكرا "پاش ئەم پێشەكی و شتە لاوەكیانە صحاف وتی (رفیق ابو زیاد) پوختەیەكی وەزعی سیاسیتان بۆ باس ئەكات و (ابو زیاد) هاتە قسە :لە سەرەتادا مەدحی خۆراگریی خەڵك و سوپای كرد و كۆبوونەوە یان لەدەوری رئیس و قیادە بەگشتی و ئازیەتی بەرگری لە بەرەكانی باشوورو دوایی پوختە روانینی خۆیی وت سەبارەت بەوەی چاوەرێ ئەكرێ " بلێم لە سەدی سەد دەقی قسەكانی ئەنووسمەوە لە راستی بەدەرە " بەلام ئەڵێم مانای دەقی قسەكانی كە لە یادما ماون ئەوەیە وتی (ئەكرێ ئەم دەستدرێژیە تازەیەی ئەمەریكا ناوبنرێ گەرانەوەی سێ یەم —لەدوای شەری كوەیتەوە دووجاری دی بۆردومانی چەند رۆژی بەغداكرا یەكەم لە دوادوای حوكمی بۆشی باوك و دووەم لە سەردەمی كلنتوندا — لە هەفتەیەك شتێ زیاتر ناخایەنێ " فشاری ئەنجومەنی ئاسایش ئیدارەی ئەمەریكا ناچار ئەكات بە وەستاندنی دەستدرێژیەكەی و لەوانەیە بەرامبەر بەوە ئەویش ئەنجومەنی ئاسایش ناچار بكات بە سەپاندنی بریاری دی بەسەر عیراقدا وەك بیانوو بو بە كراوەی هێشتنەوەی دەرگای گەرانەوە بۆ دەستدرێژی........!!) و لە گەڵ تەواو بوونی قسەكانیا ماوەی هەناسەی نەدا خواحافیزی كردوو صحاف بەدوایداو هەرگیز لە بیرم ناچێ ئێمەش كە هەستایان بە واق و ورماوی سەیری یەكمان ئەكردو لە بوسینە ناصری سەرنووسەری بەغداد ئوبزێرفەركەلامەوەبوو پرسیم :افتهمتی شی..؟ وتی :لاودعت ابنی.......!!سامی مهدی كە گوێی لێمان بوو وتی : یمعود كاكە دروح وحاول توصل مكانك بسلام و هەموومان وەك (دۆرژاوەكە) هاتینە دەرەوەو بەرەو شۆینەكانمان گەراینەوە

وەشەرو بۆردوومان و راگەیاندنی رۆژانەی صحاف خەڵكی ئەگریان وئەیهێنانە پێكەنین بەردەوام بوو " سەرەتای مانگی نیسان ئەو گەرەكەی ماڵی ئێمەی لێبوو (حی عدن) كۆلانەكانی بوون بەگەراجی دەبابەو مودەرەعاتی لەشكری عیراق رایان ئەگرتن و بەجێیان

ئەهێشتن....!! وخالدەی هاوسەرم پێ داگرت وتی یەك دەقیقە لەم ماڵە نامێنینەوە ئەم حەشرەی لێرە عەسکەرکردوویەتی یەعنی ئیشارەتە بە بۆردومان کردنی ماڵ و گەرەکەکان "ناچار هەر ئەورۆژە بەپەلە گەیاندمنە گوندی سبتی لە دیالە ماڵی خزمێکیان و هەر ئەورۆژە خۆم گەرامەوە " شەوان لە ماڵی (محمد زێباری) سائق لە هاوکاری ئەمامەوە کە بەتەواوی ماڵەکەیان بەتەنشت دارالجماهیرەوەبوو...رۆژی 8ی نیسان لە دارالجماهیر دەرچوم وبەرەو چاپخانەی رۆژنامەی عیراق کە لە باب موعەزەم بووچووم بەسەردانی نصراللە داودی سەرنووسەری عیراق کە لەوێ دەوامیان ئەکرد لەبەر دەرگا لوتم تەقی بە لوتی (زیا حسن) ەوە کە بەر لە شەر بە ماوەیەك کرابوو بە یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی (فەزائیەی بەغدا)و وتی هەرباشبوو هاتی وەرە بۆ بارەگای دائیرەکەمان وەزیر ئەیەوێ بتانبینی " کە چوومە لای نصراللە خۆی حازرکردبوو بۆ دەرچون و ئوتومبیلەکەی خۆم لەوێ راگرت و لەگەڵیا بەرەو لای صحاف چووین کە لە ئەعزەمیە بوو ئەصڵی بناکە هی تەلەفزیونی تربیەبوو دایان بە فەزائیەی بەغدا " کە گەیشتین جل زەیتونیەك پێشمان کەوت کردینی بە ماڵێکی تەنیشت بینای تەلەفزیوندا خۆی لەناو دەرگاوەستاو فەرمووی لێکردین و ئیشارەتی بەرەوباخی بناکەی دا کە چوینە ناوەوە صحاف رەنگ و روو بزکاو وعلامەتی وەزیرییەکەی بە جلە زەیتونیەکانیەوە نەبووڕادیویەکی بچوکی نابوو بە گوێیەوە کە ئێمەی دی غیرەتی نایە بەر خۆی و ویستی مەسەلەکە بە ئاسایی بێنێتە بەرچاومان و بە پێکەنینێکی شك لە بەزۆرەکی دروستکردنی نە ئەکرا موجامەلەی من و( نصراللە )ی کردوو وتی : الاکراد دائما فی المقدمە ...چونکە من و ئەو بەهۆی نزیکیمان لە شۆێنەکە بەر لەوانی دی گەیشتین " بە دواماندا امیرالحلو و سامی مهدی و هانی وهیب وهاتن و هەموومان چوینە هۆڵی ماڵەکە کە کۆمەڵێ کورسی تیابلاوبوو بە شێوەیەك لەوە ئەچو ماڵەکە چوڵ بووبێ و بەتەنشت دیواری لای پەنجەرەگەورەکەی هۆڵەکە کەرەویتەیەکی چلکن و دراو دانرابوو لە دیواری بەرامبەری مێزیکی هاکەزایی و وەزیر کە چوینە ژورەوە رادیوکەی لەسەر داناو دانیشت و فەرموو دانشنی لە ئێمە کردو ئێمەش هەریەکەمان کورسیەکمان راکێشاو دانیشتین ماوەیەك هەموومان بێدەنگ بووین ئێمە چاوەرێی صحاف بووین بێتە قسە " من لای خۆمەوە لام بەدورنەبوو ئەویش خۆزگەی ئەوەی هەبووبێ یەکێ لە ئێمە بیهێنێتە قسە ...چونکە بە روویا

دیاربوو هەربە قەدەر ئێمە ئەزانی وەزع چییە و بە چی ئەگات ....هەربۆخۆ  رزگارکردنیش لە گەمارۆیی تەنیای ناردوویەتی بەدوای ئێمەدا " سامی مهدی بێدەنگیەکەی شکاند کەوتی : دیارە خوێندنەوەکەی وەزیری دیفاع راستبوو (بەر لەوە بە هەفتەیەك وەزیری دیفاع وتی لەوانەیە دوای دەرۆژێ ئەمەریکاییەکان بگەنە مەشاریفی بەغدا....) صحاف هێشتا ئەیویست پێچەوانەی واقع قسەبکات لە مەجەری مێژەکە کاسێتێکی دەرهێنا و وتی ئەمە وتاری سەرۆکە ئەمشەو لە رادیو بلاو ئەکرێتەوە هەلۆێست روون ئەکاتەوە...!! من یەکسەر پرسیم :کام رادیو..؟ لە دوێنی شەوەوە کارەبا لە بەغدا نەماوە " وتی ئەی نازانی دەیان ئیستگەی ئیف ئێمان هەیە گرنگ گەیاندنی وەزعە بە خەڵك " نصرالله داودی وتی قوربان من ئەم بەیانییە بەلای وەزارەتی رۆشنبیریدا رابوردم خەڵك تالآنیان ئەکرد...؟ صحاف سووربوو لەسەر ئەوەی خۆی لە قەرەی حەقیقەتی وەزعەکەنەدا " لەبەر ئەوە زۆربەساکاری وتی :ئێ ئەگەر وەزیر ئاگای لە وەزارەتەکەی نەبێ وای لێ دێ....!!!امیر الحلو وتی : جەنابی وەزیر ئەگەر لای خۆمانەوە راستی وەزعەکە بگەیەنین بە خەڵك باشترە "جەنابت پێم نالێی ئەو بارەگا حیزبیانەی بەغایان پرکردووە چی ئەکەن حەقە هەتا بەمیکرۆفۆنیش بێ وەزعەکە هەرناوچەولای خۆیان بە خەڵك بلێن چی هەیەو چی بکەن " وەزعێکی سەیرو رۆخانێك کۆلکە سیاسی وخۆێنەواری وەك ئێمە لەبەرچاومان بوو " صحاف تامەکەی لەقورگیابوو نەبۆی فرێ ئەدرا نە بۆی قووت ئەدرا " هەستاو وتی بەهەر حاڵ حەزم کرد بتانبینم فەرموون خەریکی کاری خۆتان بن "لەوانەیە شەو وتارەکەی سەرۆکتان بۆبێ " یەکەیەکە دواتەوقومان لەگەڵ کردوو بەرەو شۆێنەکانمان گەراینەوە " من لای چاپخانەی عیراقەوە گەرامەوە بۆ دارالجماهیرو بە سافی فیکرو قەناعەتی تەواو ئەوکارگێرانەی هاوکاری لەوێ بوون بانگم کردن و پێم وتن : هەر ئێستا هەرکەسەو ئەرواتەوە بۆ ماڵی خۆی "بەیانی رۆژنامە دەرناکەین " نەمهێشت کەس پرسیاربکات بەجێم هێشتن وگەرامەوە بۆلای رەحمەتی نصرالله داودی لە چاپخانەی عیراق وهەردووکمان بە وێنەکانی بوودەڵی و سیاسەتی فریودانا ئەچوینەوە کە هەمووان ئەیانزانی و کەس نەی ئەوێرا فزە بکات " نیوەرۆ لەگەڵ ئەو نانم خواردو لێی پرسیم : چی ئەکەی ؟ وتم ئەرۆم دایکی شوان لە دیالە ئەهێنمەوە بۆ ماڵەوە چونکە خەبەرم هەیە گەرەکەکەمان مودەرعات و سیارە عەسکەرییەکانی لێ نەماوە ئیتر ئەویش بیانوی ترسی نییە

سایقەکەم ئیزنداو ڕێم بەرەو گوندی سبتیە لە دیالە گرتە بەروو ئەو شەوە لەوی مامەوە چونکە خزمان نەیانهیشت درەنگ وەخت دەرچین " بە یانی 9نیسان 2003 سەعات 11ی بەیانی ماڵەوەم لەماڵ دابەزاندو بەرەو بارگای ڕۆژنامەی هاوکاری چوم و بەدرێژایی ریگەی گوندی سەبتی تا بەغداو لە بەغدا تا باڵەخانەکەی دار الجماهیر هەر کاروانی تالآن بوو بەلامانا رەت ئەبوون وهەندێ بارەگای دەوڵەت ئەو هەموو بۆردومانەی ئەمەریکا زیانی لێ نەدابوو خەڵك دوای تالآنکردنیان ئەیان سووتان "کە گەشتمە قاتی چواری باڵەخانەکەی دارالجماهیرو بەتایبەت ژورەکەی خۆم هەرسەرم لەوە سورما لەماوەی نیوە رۆژێك و شەوێکا چون ئەوپنجەرەگەورانەی ئەوهەموو ژورە هەڵکەنران و بۆکوێ بردیان " ژورەکەم بێجگە لە کاغەزەشرەو رۆژنامەی دراو یەك شتێ نرخی هەبێ لە تەلەفزیون کۆمپیوتەر مەکتەبە بە هەموو کتێبە نایابەکانەوە هەتا رەسمەکەی صدام حسین دیارنەمابوو بەشکاوی و دراویش ئەسەری نەبوو " هەموو ژورەکانی دی هاوکاری و الجمهوریيە بە هەمان دەستور گسکی لێدرابوو " خاتوو (زەمیا زێباری) کە بەرپرسیاری فەنی هاوکاری بوو ماڵیان زۆر لە دائیرە نزیك بوو هات و عوزرخوایی هێنایەوە کە هیچی پێنەکراوە بۆ پاراستنی شتەکانی هاوکاری " بە پێکەنینەوە پێم وت : سەیر ئەبوو خۆت بکردایە بە شەهیدیکی بێ ناووناونیشان " بە پێچەوانەوە زۆر ئاقلیت کرد هیچت نەکرد " دوایی ئەوە خۆهەرکارساتی هاوکاری نییە تالآنی گشتی یە و ئیستە تالآن کاران دوای ئەمەریکا بەهیزترین دەستەلآتن " ئێمە لە هاوکاری توانیمان بەشێکی چاك لە کەرەستە وەك کۆمپیوتەرو جهازی ئیستنساخ و هەندێ شتی دی لە ماڵی یەکێك لە کارگێرەکانمان بپارێزین وەك لەمەو بەر باسم کرد لەگەڵ پاراستنی هەر سێ ئوتومبیلەکی هاوکاری کە یەکێکیان لای خۆم بوو هەفتەیەك بەر لە شەر دابەشیانکرد بەسەر سەرنووسەرەکاندا " بەڵام بەنیسبەت رۆژنامەی (الجمهوریە) وەزعیان لە ئێمە چاکتر نەبوو" تەنیا جیاوازییەکە ئەوەبوو " ئەمە لەزمانی کارگێرانی خۆیانەوە ئەیگێرمەوە " وتیان دەورووبەری سەعات هەشتی ئێوارە هانی وهیب خۆی هاتووە و چوار عەگال بەسەری لەگەڵ بووە هەرچی شتی بەنرخو بەردەست فریاکەوتوە هەرلە ژورەکەی خۆیەوە تا هەموو بەشەکانی دی سی ئوتوموبیلی لە چاکەکانی دائیرەکەیی لێ پرکردوە (رۆژنامەی الجمهوریە 10 ئوتوموبیلیان هەبوو) و پێش چوار عەگال بەسەرەکە کەوتوە کە

ئوتوموبیلەکانی دائیرەیان لێ خوریوەو رۆشتوە " لەگەڵ (زەمیا خان ) و ژمارەیەك لە کارگێرانی هاوکاری وئازاد بابانی بەرێوە بەری ئیدارەی هاوکاری چوین بۆماڵی ئەوان چونکە شۆین نەبوو تیا دانیشین وبە ئەوانەی لەدەوری بیناکەی دارالجماهیر کۆبوبونەوەمان وت هەرکەسێ لە جەماعەتی هاوکاری هاتن بابێن بۆ ماڵی ئەوان "بەکورتی لەوێ لەسەر ئەوە رێکەوتین رۆژە نارۆژێ لەوێ یەکترببینین تابزانین چی بەسەر چارەنووسی خۆمان و دائیرەکانماندا یەت " هەرواشبوو تا بریاری هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەماندرا کە مانای هەڵوەشانەوی هاوکاریشە "ئەمجارە عبدالمحسن فرحان (ابو معتز) بەرێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی راگەیاندن پەیوەندی بە من و هەموو سەرۆك دائیرەکانی ئیعلامەوەکرد کە یەکترمان بینی باسی ئەوەی بۆ کردین نابێ هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەکەمان مانای دەستبەردان بێ لە مافی خزمەتی ئیمە لەهەمووسالآنەی تەمەنی وەزیفیمان "لەناوخۆمانە لیژنەیەکمان پێکهێنا کاری بەدوادا چونی ئەوەبێ هەتا ئەگەرپێویستی بە پەیوەندیکردنی راستەوخۆوەکرد بە ئەمەریکاییەکانەوە بریتی بوو لە ابو معتزو عدی تائی بەرێوەبەری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق و امیرالحلو راوێژکاری وەزیر ...زۆری نەبرد هەولەکەیان بەری هەبوو بریاری سەرفکردنی موچەی مانگانەمان دراو هەتا کارو جێگە بۆ هەموو کارگێرەکانی دائیرەکانی وەزارەتەکەمان دۆزرایەوە ئیمە هەردائیرەو لیژنەیەکمان پێکهێنا لە سەرۆکی دائیرەو هەردوومدیری ئیدارەو حسابات هەر دوو مانگ جارێ یان سێ ئەچوین لە بانك موچەی کارگێرەکانمان وەر ئەگرت و هاوکاری بارەگای نەقابەی رۆژنامەنووسینی کردە بارەگای بەخشینەوەی موچەی کارگێرەکانی " ئەوی بەشانازییەوە هاوکاری بۆ خۆی تۆمار ئەکات ئەوەیە یەك موچەخۆری هاوکاری فلسێ لە موچەی بەزایەنەچو من خۆم راستەوخۆ یەکەیەکە پەیوەندیم پێوە ئەکردن و ئاگادارم ئەکردن بێن موچەکانیان وەرگرن سی یان چواریان بە ماڵەوە گواستیانەوە بۆسلێمانی بەدەستی خۆم موچەکانیانم بۆ ئەناردن تا خۆیان بە هەرجۆرێ بوو لە سلیمانی کاریان بۆخۆیان دۆزیەوە منیش نوسراوی پشتگیری ماوەی خزمەتەکەیانم بەئسوڵی بۆکردن و سودیان لە ماوەی ئەوخزمەتە وەرگرت " ئاماژەبەم مەسەلەیە ئەدەم ومافی شەخسی خۆمە شانازی پێوەبکەم لەبەر ئەوەی:هەموودائیرەکانی سەربەوەزارەتی ئیعلامی رژێم بەرپرسیارەکانی حسابات و ئیدارەیان " دران بە تحقیق و لێپرسینەوە لەبەر دووشت یەکەم

ناوی وەهمیان ئەنووسی و پارەکەیان ئەخوارد ئەو موچەخۆرەیش بەغدای بەجێهیشتبو هەرپارەکەیان ئەخوارد هاوکاری نەبێ حسابی لەم لایەنەوە پاك بوو " دیسان کە لیژنەی کۆکردنەوەی کەرەسەو ئالەتەکان و ئوتومبیلەکانی وەزارەتی ئیعلام دروستکرا تەنیا هاوکاری و بەدەستی خۆم هەمویم تەسلیمی لیژنەکە کرد بەرامبەر نووسراوی رەسمی تەسلیم کردنیان و وەرگرتنی لە لایەن لیژنەکەوە و ئەم راستیە ئەسەلمێنی و بە نووسراو وبەڵگەی رەسمی ناردم بۆ کاك سەربەست بامەرنی کە ئەوسا وەکیلی وەزارەتی رۆشنبیری بوو تا بەڵگەی راستی گەیاندنەوەی ئەو ئەمانەتانەبێ و سبەینی کەس نەتوانێ نان وپیازی پێوە بخوات" هەرچەندە هەرکردیان وەك لە گۆڤارە عەنتیکەکەی (بەدرخان)دا کردیان " لەکاتێکا هەموو دائیرەکانی دی بەبیانووی سوتان ودزینەوە هەڵیان لوشی . کلاشینکۆفێ مایەوە لە گەڵ دەمانچەیەك کە مڵکی خۆم بوون وەك هەموو سەرنووسەرەکانی دی بەر لەشەر بە مانگێ لە وەزارەت وەزیر بەدەستی خۆی دایە دەستمان و وتی بۆ خۆتان " من لەبەر ئەوەی خوا ئەزانێ چەند قینم لە چەکە بوبونە بە بار بە سەرمەوە لەبەر ئەوە لەگەڵ خۆم بردم بۆ بارەگای رۆژنامەی ( الاتحاد) و هەردووکیم دا بە برایان عباس بەدری و عبدالهادی وتم بەڵکو بۆ حەرەسەکانی بارەگای رۆژنامەکە سودیا هەبێ "ئنجا بابێمە سەر وەزعم دوای داگیرکردنی عیراق لە کۆرو کۆمەڵی کوردیی خۆماندا:

وابزانم هەفتە زیاتر تێپەری بەسەر داگیرکردنی تەواوی بەغدا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە " ئێوارەیەکیان ئازاد بابانی بەرێوەبەری ئیدارەی هاوکاری لەگەڵ برادەرێ بە ناوی (ملازم علی) پێی ناساندم هات وتی برادەرانی یەکیتی لە بارەگای کۆمەڵەی رۆشنبیری حەزئەکەن بتبینن " بەڵێنم دانێ کە دوای ماوەیەك سەریان لێ ئەدەم " ئەوان رۆشتن و دوای سەعاتێ منیش چوم " لەو روانەی ناسیمن :برایان سەربەست بامەرنی و عباس بدری " عبدالهادی کە جاران مدیری ئیدارەبوو لە دارالجماهیر پارێزەر کمال محی الدین "مامۆستا محسن " رەحمەتی دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف و ژمارەیەکی دی کە زۆریانم ئەناسی "بە گەرمی چاك و چۆنیمان لەگەڵ یەك گۆرییەوە " ئیتر لەو رۆژەوە " دوای بەدوادا چوونی کاری چارەنووسی کارگێرانی هاوکاری کە لە سەرەوە باسم کرد کە دەستم بەتاڵ ئەبوو ئەچوم بۆلایان و لەگەڵ سەربەست و عباس بەدری و جهاد زاهیر و لە گەڵمان شیخ محمد ساڵح بەرزنجی کەوتبوینە

مشوری ریگە خۆشکردن بۆ دەرکردنی رۆژنامەی (إتحاد) لە بەغدا کە ئەوان بۆ میژوو شاهدن تا سەقامگیربوونی کاریان و گرتنی شۆینی شایان بەکارکردنیان و دەرچونی سێ چوار ژمارەی رۆژنامەکە ئەوەی پێم کرا بۆیان و لەسەر داوای خۆیان بۆم کردن " رۆژێ لەو رۆژانەی سەرقاڵی ئەوە بووم لە چاپخانە لەلای سەربەست و عباس دانیشتبوم ( حمەسعید حمە کریم) هات و وتی کاك نەوشیروان لە بارەگای کۆمەڵە ئەیەوێ بت بینێ " نایشارمەوە بینینی یەکێك بوو لە ئاواتەکانم " بەڵام خەریك بوو باوەری پێنەکەم و وامزانی ئەو لە خۆشەویستی منا نەیویست بڵێ : فرسەتە وەر کاك نەوشیروان لێرەیە ببینە " چونکە ئەو من ئەناسێ حەزناکەم بە بێ زامنی ئامادەیی هەرکەسێ شەخسیەتی تایبەتی و پایەی تایبەتی هەبێ خۆبۆ بینینی بکوتم ئەگەر زامنی ئامادەیی ئەوبەرێزە نەکەم ئامادەیە بمبنێ " من کاك نەوشیروانم بینیوەو قسەم لەگەڵ کردووەو ئەو ماوەیەی بەر لە سەفەری بۆ خوێندن بۆدەرەوە کە لە بەغدابوو رۆژانە سەری لە هاوکاری ئەدا کە ئەوسا مامۆستای رەحمەتی حلمی علی شریف سەرنووسەری بوو " بەهەرحاڵ چوم بۆ بارەگای کۆمەڵ و لەوێ چاوم بە کاك نەوشیروان کەوت " دوای سلاوو بەخێرهاتنی لێی پرسیم (هاوکاری) بۆدەرناکەن ؟ رای ئەو وەك رۆشنبیریکی فیکر کراوە بەرامبەر ئەو جۆرە مەسەلانە بەکورتی وابوو : ئەورۆژنامەیە دەستکەوتەی قۆناخیکی تیکۆشانی کوردە و لەو سی و دووساڵەی دەرچونیدا بەدەرلە تەنیا روانینی وەزع وئەو قۆناغە سیاسیانەی پیارەتبوە " دەکرێ وەك درێژەپێدان و زیندوویی میژووی رۆژنامەنووسی کوردی سەیری بکرێ " ئەگەربیرم بە هەڵەدانەچێ لەو گۆشە لیکدانەوەیەوە رۆژنامەی (اهرام )ی میسری بە نمونە هێنایەوە سەرەرای قۆناغە جیاجیاکانی وەزعی سیاسی میسرورەنگدانەوەی ئەو وەزعە سیاسیانە لە لاپەرەکانی رۆژنامەکەدا " بەڵام رووناك بیران و رۆژنامە نووسانی میسر نەیانهێشت میژووی رۆژنامەکە لە میژووی بەردەوامی گۆرانکاری میسر بپچرێ " من لەلای خۆمەوە وتم من ئامادەم و کارگێرانی رۆژنامەکە زوربەیان ئیلتزامی سیاسی وایان نییە ئامادەنەبن یان نەکرێ بەردەوام بن لەکارکردن و ئەوەندەش جیهازو شتمان پاراستوە بتوانین دەری کەین تەنیا کیشەی چاپکردن نەبێ " هەموو ئەوبرایانەی کە لەوێ بوون دەسخۆشیان لەم فیکرەیەکرد "بەکورتی هیمەتمان دایەبەرخۆمان وکارگێرانی هاوکاریمان "ئەوانەی کاریان رۆژنامەنوسییە کۆمانکردنەوە دوو ژورمان لە

بارەگای کۆمەڵەی وینەگرانی عیراق بۆخۆمان دابێن کردوو کردمانە بارەگای کاری هاوکاری و لەو ماوەیەدا چوار ژمارەی هاوکاری (کە رامان گەیاند هەفتانە ئەبێ) دەرچوان کە ئەکاتە مانگێ و لەگەڵ رۆژنامە ی (الاتحاد) لە چاپخانەکەی رۆژنامە (العراق ) چاپمان ئەکردو برایانی یەکییەتی لە رێی مامۆستا (محسن)ە وە یاریدەی دارایی ئەو مانگەی کارگێرانی هاوکاریان داو نامەوێ بچمە باسی لاوەکی یەوە کە لەوانەیە وەختی نەبێ دوای ئەوە هەستمان بەساردبوونەوەی پشتیوانی کردن لە پرۆژەکە کردوهەوڵدانمان بۆ گەیشتن بە ئەنجام بەری نەداو ئێمەش دەستمان لێی کێشایەوە (1)....

بەنیسبەت منەوە دەست بەتاڵی دەردێکی کوشندەیە " نەك لەلایەنە ماددییەکەیەوە کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لە گرنگی بکات بەڵکو لەلایەنی مەعنەوی و ئینسانیەوە "کەسی لە چاوکردنە وە یەوە لەژیان خۆێ لە دنیای رەتانەوەو کاروورەنجداند بینبێ و ئەوکارو هەڵسورانەی لەمەیدانی وشەوجۆرێی لەداهێنانی ئینسانیەوەبێ و لەپر خۆی لە دنیای بێکاریدا ببینێ " واهاتە بەرچاوم جۆرێکە لە گرتنی رێی بەرەو خۆبەکوشتدانی دەروونی و دوایی ئەوانی دی بەدوادا یەت "لەبەر ئەوە بەئاسایی رێگەی رەوا کەوتمە گەران بۆکارێ خەرکم کات "لە بەردەم بارەگای وەزارەتی ئیعلام کە بووبوە وێرانە وەك زووربەی بارەگاکانی هەموو دام ودەزگاکانی حکومەت لە گە ڵ ژمارەیەك لە سەرۆك دائیرەکانی ئیعلام وەستابووین بۆ تاوتوێی وەزعی خۆمان " لەوێ چاوم کەوت بە (د.لقا مکی) کە مامۆستابوو لە بەشی ئیعلامی زانکۆی بەغداو کە بەرێکەوت لەلامانەوە رەت بوو " دوای چاکی و چۆنی وباس لە کارو خۆخەریك کردن وتی :وا د.غاندی عبدالکریم خەریکی دەرکردنی رۆژنامەیەکە بۆ هەوڵ نادەی کاری تیابکەی " بۆیە نامەیەکم نارد بۆ جەنابی باوکی و لە سەر داوای ئە و لەگەڵ د. لقا مکی کە ئیستا راوێژکارو شیکەرەوەی سیاسی یە لە کەناڵی ( الجزیرە) بە راوێژکار لە دەزگای (المشرق) ئیعلامی دانراین " ماوەی ساڵ زیاتر لەوێ بەکارەوە خەریك بووم کە هاورێم (محمد البدیوی) بە بەرێوە بەری رۆژنامەی (البرلمان) دانرابوو ناردی بە دوامدا وتی خاوەنی رۆژنامەکە حەزی هەیە چاپکراوێکی کوردی لەگەڵ رۆژنامەکە دەربکات ناوی تۆمان پێوتوە چەندبرادەرێ بێنەو بەسەرنووسەر دات ئەنی و تۆش ناوی خوای لێبێنە " من دەستم لە (المشرق) بەرداو د. لقامکی چووبۆ (الجزیر)و ئازاد بابانی مدیر ئیدارەی

هاوكاريم دۆزيەوەو لەگەڵ برادەری نووسەرو رۆژنامە نووس شعبان مزوری و چوینە لای (مكی كليلدار)ی خاوەن ئيمتيازی رۆژنامەی (البرلمان) و لە گەڵيا رێكەوتين بەدەركردنی رۆژنامەيەكی نيومانگانە بە 16 لاپەرە لە پاشە رۆژدا فراوانتری بكەين ماوەی ساڵێك بە ناوی (رووناكی) يەوە رۆژنامەكەمان دەركرد و دواى ئەوساڵە لەبەر كێشەی دارايی وازمان لێی هێنا .....

بگەرێمەوە سەر وەزعی وەزيفی رەسمیم وەك سەرنووسەری (هاوكاری )چارەنووسی كارگێرەكانی خۆم ورۆژنامەكە "لە گەڵ خەريك بووم بەو كارانەوە لەسەرەوە باسم كردن هەر بەدوای ئەو مەسەلەيشەوەبووم "تابرياری رەسمی دەرچوو بە دابەشكرنی بەشی زۆری كارگێرانی وەزارەتی ئيعلامی هەڵوەشاوە بەسەر دائيرەكانی وەزارەتی رۆشنبيريدا و بەو پێيە ئەوانەی هاوكاری بەردەزگای رۆشنبيری و بڵاوكردنەوەی كوردی كەوتن كە ئەو وەختە د. فوئاد حمە خورشيد بەرێوەبەری گشتی بوو" ئەوی راستی بێ من بريارم دابوو هەرشۆينی كارم بۆدياری بكری داوای ئيحالەكردنم بۆ تەقاعد پێشكەش بكەم " بەلام بە روانينی هەڵە وای بۆچوم د. فوئاد لەوانەيە بەوجۆرەی پێويستە هەڵسوكەتم لەگەڵ نەكات و باری سياسی و هەڵويست بەرامبەری زياتر زاڵ بێ بەسەر كاتی پێشوازی لێكردنما لە دائيرەكەی " ئەم بۆچوونەم لای د. كمال مەزهەر دركان و خواهەڵناگرێ پياوانە هاتە دەست و وتی بەر لەوەی بچی بۆدائيرە من ئەچم بۆلای د. فوئادو قسەی لەگەڵ ئەكەم "بۆئێوارێ تەلەفۆنی بۆكردم وتی : تۆ سڵكردنەوەكەت لە جێی خۆيی نييە " بچۆ بۆ لای بێ هيچ دڵەراوكێ و سڵكردنەوە لەروودانی هيچ تەگەرەيەك " بۆبەيانی راستەوخۆ چومە لای د.فوئاد " بۆ مێژوو زۆر پياوانەو بە قەدر پێشوازی لێكردم و بە ڵكو خۆشحاڵی دەربری بەوەی بەردائيرەكەی ئەو كەتووم " بەلام من دام بەگوێيا كە تاقەتی وەزيفەی رەسميم نەماوەو تەقاعد ئەبم " ئەو زانی كە زياترئەم ئيختيارە پەيوەندی بەوەزعی سياسی ولاتەوەهەيە " لەبەر ئەوە (بێگومان ئەو ساش و تا ئيستاش " بەرامبەر ئەو پێشنيارەی بۆی كردم حسابی نييەت باشيم بۆكردوە) پێشنياری بۆكردم كە :نامەيەكی داوای لێبوردن بنوسم بۆ جەنابی كاك مەسعود بارزانی وئەو ئامادەيە بيگەيەنێ وتامن بەسەربەستی و بێ دوودڵی كاربكەم.....!لەورۆژگارەو لەو وەزعەی هەردووكمانی تيابووين پێشنيارەكەيم بەلاوە سەير نەبوو " لە گەڵ ئەوەی وەك وتم لەناخی

خۆمدا بۆ د. فوئاد بەوە سەیرم کرد کە نییەتی چاکە نەك شتێکی دی " ئەم بیرکردنەوەیە لەدڵما هانیدام راسگۆیانەو بێ گرێ وەڵامی بدەمەوەو پرسیم :داوای لیبوردن لە چی بکەم ...؟ من رۆژنامە نووسم کارو هەڵویستم لەگۆشەتاریکەکانی مل شکاندنی خەڵك و ئیزدواجیەتی سیاسی نەبووە وکارێکم نەکردووە نە بەقەڵەم نە بەکردووە شەرمی لێ بکەم " ئەوندەی پەیوەندی بە هەڵویستی سیاسی کوردایەتیەوەهەیە تەحدا ئەکەم رۆژی لەژێرکارلێکەری هەرشتێکا بووبێ کارێکم کردبی بەدژلە سەوابیتی خواستی کوردستانیدا بۆبێ " دوای ئەوەکاك دکتۆر هەرداوای لێبوردنەکە لەخۆیا داننانە بەوەی من خەتام کردوەو دژبەو سەوابتانە بووم ...بەلای جەنابتەوە وایە ...؟ وتی نا من تۆئەناسم بەلاَم لەم لاو ئەولا ئەزانی چۆن بۆ خەڵك تێئەچێنن ...." خۆزگەی ئەوەم خواست تەجاوزی ئەو قۆناغی مل شکاندنی خەڵکی لەسەر کینەو هەڵوێستی شەخسی بکەین .."بە هەرحاڵ " د. فوئاد لەو ماوەیەی لە دائیرەکەی مامەوەو دوای تەقاعدبوونم بەرەسمی هەڵوێست و یاریدەی لەگەڵما نموونەی پیاو چاکی بەدەر بوو لە گرێی لاوەکی رەنگدانەوەی قسەو قسەلۆتکەی ئەملاو ئەولا " قەرزار باری معنەوی ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیم....بە بێ گوێدان بەوەی کەسانی دی ئەمە چۆن ئەخوێننەوە..لای من هەڵقولاَوی مانای داننانی وەفادارانەیە بەرامبەر ئەوەی چاکەی لەگەڵکردووم "

..............................................

(1)دوای هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی دەرکردنی هاوکاری " من پێم لە هاتووچۆی بارەگای یەکیتی نیشتمانی و رۆژنامەی (الاتحاد) نەبری تا عباس بدری لەوێ بوو بەڵکو دوای هاتنی ئازاد جندیانیش کە بەرپرسیاری ئیعلامی مەرکەزی بوبەڵکو لە گویزانەوەی شتومەکی رۆژنامەکەشدا لە چاپخانەی (العراق) وە کە درابە (التاخی)بۆ بیناکەی (اتحادی شباب) لە پشت زانکۆی موستەنسرییە لەگەڵیان بووم "ئیتر بەدامەزراندنم لە (المشرق)وەك راوێژکاری رۆژنامەنووسی "هاتوچۆم بۆ (الاتحاد) کەم بووەوە هەتا فریاد رەواندوزی بوو بەسەرنووسەرو عبدالهادی بە بەرێوەبەری نوسین و چونەبارەگا تازەکەیان لە گەرەکی (القادسیە) بەری کەرخ " لە گەرمەی هاتووچون بۆ یەکالاَکردنەوەی پاشەرۆژی وەزیفیم کە هاتووچۆی د. فۆادم ئەکرد رۆژێ پێی وتم ئیشێکم بۆدۆزیویتەوە "وتم خێر " وتی (شبکەی ئیعلامی عیراقی)

گۆڤاریٚ دەرئەکەن هەربەناوی (شەبەکەی عیراق) ەوە لەو بینایەی تەنیشتمان (دارالحریەی)جاران دائەنیشن پاشکۆیەکی کوردی لەناوگۆڤارەکە دەرئەکەن من ناوی تۆم پیٚوتن بەریٚوەی ببەی " هەستە مادەم هاتوی هەلە بابچین بۆلایان " چوین " سەرنووسەری گۆڤارەکە (علی درویش) وبەریٚوەبەری نووسین (وجیە عباس – لەم دواییەدا لە مەوقعی _کتابات_لەسەریانووسی کە سکسەفۆن ژەن بووە لە جوقی مۆسیقای حرس جمهوری ....!!
لەسەر ئەسبابی بەدەر لە سیاسەت لە کۆتایی هەشتاکاندا دەرکراوەو ناسراوە کە شیعری شعیی ئەنوسی وگاڵتە جاریٚکی بەتوانایە) کە چوینەلایان سەرنووسەرەکە دوای ئەوەی د.فوئاد منی پیٚناسان وتی ناویم بیستوەو شیعرو نووسینیشیم لە رۆژنامەی (العراق) خویٚندۆتەوە بەخیٚرهاتنی کردم ولەسەر ئوسلوبی کار ریٚکەوتین کە هەموورۆژیٚکی دووشەممەوان مادەکوردییەکان بیٚنم بۆ بەریٚوەبەری نووسین وەجیە عباس " هەفتە دوو یان سیان مەوادم بۆ بردن " لە یەکەم ژمارەدا داوایان لیٚکردم وینەیەکی خۆمیان بدەمیٚ لەگەڵ سەروتاری بەشەکوردییەکە بلاٌو ببیٚتەوە " من پیٚم وتن سەرنووسەری رۆژنامەیەکی رۆژانەبووم حەزم لە ئوسلوبی رەسم بلاٌو کردنەوەنەبووە " بەلاٌم وەجیە قەناعەتی پیٚهنام " ئەمە راگەیاندنی ئەوەبوو من سەرپەرشتی ئەو بەشە کوردییە ئەکەم " وەك وتم دووهەفتە یان سیان و رۆژیٚ وەجیە کە چومەلایان عوزرخوایی هیٚنایەوە کە لە لایەن بەرپرسیارانی حیزبە کوردییەکانەوە زەختمان لەسەرە یەکیٚکی دی پەیابکەین " سویٚندی خوارد کە ئەوو سەرنووسەر پرسیویانەو ئەزانن من بەعسی نەبووم بەلاٌم رازی نابن" بە رۆحیکی " هیچ تاقەتی روونکردنەوەو بیانو هیٚنانەوەم نەبوو ئەوەنەبیٚ وتم : قیسمەتی کارکردنمان تا ئەمرۆبوو " (سەیرو سەمەرەکە لەودایە لەجیاتی من کەسیٚکیان هیٚنا کە لای هەموو کارگیٚرانی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی کورد هەیە لە بەغدا بە راپۆرت نووسی یەکەم ناسراوە لەسەرچاپکراوەکوردییەکانی بەغدا بۆیە دلٌنیا بووم کە زەختەکە لە لایەن حیزبە کوردییەکانەوە نەبووە بەلٌکو لە دەغەزاری شەخسیی یەوەبووە)
ئەم مەسەلەیەم لای برادەرم محمد زەهاوی باسکرد "پیٚشنیاری بۆکردم کە فریادرەواندزی بووە بە سەرنووسەری (الاتحاد) و ئەویش ناسراوە کە رۆژنامە
نووسیٚك و مرۆڤیٚکی رووکراوەیە مەسەلەکەی بۆروونبکەرەوە چونکە ئەگەر تۆ ئاوا بەدواتەوەبن شتیٚکی باش نییە " ریٚگایشی بۆ بینینی بۆ ئاسانکردم لە ریٚی عبدالهادی یەوە "

ئێوارەیەك من ئەو چوین بۆ بارەگای (الاتحاد) ئەوەڵ جار لای بەرێوەبەری نووسین دانیشتین و دوایی من بەتەنیا چومەلای سەرنووسەر " خواهەڵناگرێ بەروویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکردم " ئەوهەندێ یادگاری رۆژنامەنووسی خۆیی بۆگێرامەوەو تا دەستکردن بە دەرچوونی (الاتحاد) دوای ئەوە من راستەوخۆ چومە سەرباسی مەبەستی سەردانەکەم وەك لە بیرم بێ وتم ئەم داوایە

لەتۆ ئەکەم تا وەك رۆژنامەنوسێ لەگەڵ برایانی بەرپرسیار کارێکی وابکرێ دوای کەسانی وەك من نەکەون لەسەر تۆمەتی بەعسایەتی و پیاوی حکومەتی پێشو تارادەی هەوڵی نان برین ورێگرتن لە ئیشکردن " ئەو دڵنیای کردم کەشتێکی ئەکید لەسەر بەربەستی هەڵسورانی من لە کارکردندا ئاگادار نییە و بەڵێنی خێری پێدام تارادەی قسەکردن لەگەڵ بەرزترین پایەی بەرپرسیاریی لە یەکێتی و داوای لێکردم باپەیوەندی پێوەبکەمەوە بۆ ئەنجامی هەوڵەکەی ووتیشی :رۆژنامەی (الاتحاد) کراوەیە ئەگەر ئەتەوێ بنووسی " لەسەر ئەوبەڵێنە دوو نووسینم نارد " یەکێکیان سیاسی  کە رەدی خێرالدین حسیبی ئیتجاه نەتەوەیی خەتی ناصری بوو کە لە چاوپێکەوتنێکا دەرحەق کورد بەخراب قسەی کردبوو دووەمیان قصیدەیەکی درێژ هەردووکیان بڵاوکرانەوە "دوای ئەوە بەماوەیەك لەرێی ئیمیلەوە نامەیەکم بۆ نووسی بیری بەڵینەکەیم خستەوە " وەڵامی دامەوە کە لەبیری نەکردووم " ماوەیەکی دی پتپەری " دەنگ نەبوو منیش بێدەگیم لە ئەصڵی مەسەلەکە هەڵبژارد " بەومانایەی لە بێدەنگیەکە گەیشتم و رێزم بۆ بەدەنگەوەهاتنی یەکەمجاری لە ویژدانی خۆما بۆی هەڵگرت کە شایەنیەتی.....

لەوماوەیەدا دووشتی سەیر روویاندا "یەکەمیان بڵاوبوونەوەی گفتوگویەکبوو لە گۆڤاری (بەدرخان) لەگەڵ ئەحلام مەنسورکە بەر لەهاتنی بۆ سلێمانی لە هاوکاری نووسەربوو "بەڵکو ئەوئەحلام مەنسورە من دەستیم گرت و بردم بۆلای مامۆستای کۆچکردوو حلمی علی شریف کەسەرنووسەری هاوکاری بو لە 1971 وە بۆ 1974 تکام لێکرد هەفتانە نوسینێکی بۆ بلاوبکەینەوە و بەوە دەرگای تەعینکردنی لە هاوکاری بۆکرایەوە دوای دەرچوونی لە خوێندن " لەو گفتۆگویەدا ئەحلام منی کردوە بەسەرنووسەرێکی ئەژدیها مەقەستم بەدەستەوەیە (بەتایبەت مەقالەکانی ئەو ) کلکوگوێ ئەکەم و کەچی ئەوەتی لە هاولاتی کارئەکات چاوئەنوقێنی و ئەنووسێ و سەرنووسەری هاولاتیش چاو ئەنوقێنی و بۆی

ئیمزائەکات وبلاوی ئەکاتەوە " ئەحلام بەرلەوەی بروا بۆسلێمانی سەرپەرشتی لاپەرەی ئافرەتانی ئەکردو گۆشەیەکی خۆی هەبوو جاروربار زیادەرۆیی ئەکرد لە قسەکردن لەسەر کاروباری کۆمەلایەتی و سنوری رەوشت لە کۆمەڵدا (نەك سیاسەت و خۆبادانی نیشتمان پەروەری) منیش بانگم ئەکردوو بەجۆرێ قسەم لەگەڵ ئەکرد کە رۆژنامەکەی ئێمە لە ئەوروپا دەرناچێ سەرەرای شارەزایت من چۆن بەدەست راپۆرت نووسەکانەوە گەمارۆ دراوم " لەبەر ئەوە رازیم ئەکرد سیاغەی رستەکاتی وتارەکەیم پێ ئەگۆری " ئەحلام کە خۆی کۆکردەوە بچێ بۆ سلێمانی من ئاگاداری سەرجەم چۆنیەتی وهۆی رۆشتنەکەیم ئەزانی " ئەروات ونایەتەوە ئیشارەتیشم پێدا کە سەربەستە لەو ئیختیارەیدا " ئەوسا ئەحلام شووی دووەمی کردبوو مێردەکەی لە رۆژنامەی (الجمهوریە) ئیشی ئەکرد " دوای رۆشتنی بە مانگ یان شتێ زیاتر شەوێکیان مێردەکەی هاتە ژورەکەم لە هاوکاری " محمد زەهاوی (ئەوسا جێگری سەرنووسەری هاوکاری بوو یەکێکە لە برادەرە وەفادارو رەوشت بەرزەکانم ) لەلام دانیشتبوو " مێردەکەی ئەحلام وەرەقەیەکی دایە دەستم بە نوسراوێکی رەسمیەوە " وتی بەڵکو ئەم ئیعلانەم بۆ بلاوبکەنەوە " ئیعلانەکە راگەیاندنی تەلاقدانی ئەحلام مەنسوربوو لەلایەن جەنابیەوە بە غیابی لەرێی مەحکەمەوە چونکە عنوانی دیارنییەوە بێ پرسی مێردی رۆشتوە بۆ شوێنی مەجهول " خواو کاك زەهاوی شاهدن لە جێگەکەی خۆم هەستام و بە کابرام وت : ئەحلام مەنسوری نووسەر لە رۆژنامەکەم و چیرۆك نووس جەنابت ئەتەوێ لەم رۆژنامەیەدا ئاوا ئابرووی بەرم ؟ ئەوخۆی گێف کردەوەو وتی ئەوەئیعلانی رەسمیە " ئەو وای وت منیش ئیعلانەکەم پارچەپارچەکردو فرێم دایە سەبەتەکەی ژێرمیزەکەم و پێم وت بچۆ دەرەوە...بەرامبەر بە م هەڵویستەم ئەحلام بە کۆڵێ قسەی هەڵبەست و ناوزراندن لە (گۆڤاری بەدرخان) پاداشتی دامەوە " خۆهەڵکیشان نییە بڵێم من ئەوەندە بەتەنگ پەیوەندی باشیەوە لەگەڵ کارگێرانی هاوکاری یەوەبووم " رەنگدانەوەی ئەو بەتەنگەوەهاتنەیە تا ئائێستا کە من ئەم دێرانە ئەنووسم نیسبەتی لەصەدا شەستی ئەوکارگێرانە بە شێوەیەکی بەردوام هەواڵم ئەپرسن و بەتەنگ پەیوەندی کردن بۆزانینی وەزع وژیانمەوەن .....رووداوی دووەم ئەوەبوو" کە بەشی دووەمی یادداشتەکانم لەسەرحسابی خۆم چاپکرد بریاریشمدا خۆم دابەشی بکەم و بەشێکم هێنا بۆکەرکوك و ئەوی دی بۆ سلیمانی " کە گەیشتمە کەرکوك

رزگارشوانی پەیامنێری هاوکاری جاران لە کەرکووك کە لە لاوەبەوەفاکانە لە قەدرزانینی برادەرایەتی وناسین چاوەڕێی ئەکردم تاکتێبەکان بگەیەنین بە کتێبخانەیەك " کە کارمان تەواوکردویستم بڕۆم نوسخەیەك لەڕۆژنامەی

ئاسۆی دایە دەستم وتی یەك لاپەڕەیان لەسەر تۆ نووسیوە...! بیخوێنەرەو بەس دڵگران مەبە"ڕۆژنامەکەم لێوەرگرت وکردمەوە تەواو لاپەڕەیك بەرەسمی من و چەند کلیشەیەکی هاوکاری بلاوکراوەتەوە " پێچامەوەو پێم وت ئاساییەو ورديش ئەیخوێنمەوە " ڕۆژنامەکەم لەگەڵ کتێبەکان کە هێنابووم بۆ سلێمانی لە سنوقی سەیارەکە دامنا " گەیشتمە گەراجی سلێمانی " لای تەکسیەکانی ناوشار وەستاین دابەزیم کابرایەك بەرەورووم هات :تەکسیت ئەوێ ؟ وتم بەڵێ "دیاربوو ئەو بەرپرسیاربوولە ڕێکخستنی سەرەی تەکسیەکان " وتی شتومەکت پێیە " وتم بەڵێ هات لە گەڵماو سنوقی سەیارەکەی کردەوە کە کتێبی یادداشتەکان و وێنەکەمی دی وتی : تۆ کاك عبداللە عباسی ...پەلاماری دام و ماچی کردم و وتی لەو وەختەوەی لە ئیستگەی کوردی بووی موعجبم بە دەنگت و نووسینەکانت " کوڕێکی لاوی سایق تەکسی بانگ کردوو کتێبەکان و جانتاکەمی خستە تەکسیەکەو پێی وت پارەی لێناسەنی لە شتداگرتنەدا نوسخەی ڕۆژنامەکەی ئاسۆم دەرهێناو بەدەستمەوەبوو کەسواری تەکسیەکە بووم "لەگەڵ نەشوەی باوش پیاکردنەکەی کابرای گەراج و ئەوەی ئەو نووسەرەی تائیستاش نازانم کێیە بەراوردکرد یەکسەر ڕۆژنامەکەم دراندو لە جامی سەیارەکەوە فڕێمدا " کابرای سایق تەکسی سەیریکی کردم و وتی مامۆستا ئەوەبۆ فڕیتدا " وتم خوێندمەوەو کارم پێی نەما.....!

## حیکایەتی هانی وهەیب :

ئەم (هانی ) یە نووسەرێکی ئاسایی بوو لە ڕۆژنامەی (سەورە) ئەمە حیکایەتەکەیەتی :کە محمد امین احمد لەکاتێکا تارق عزیز سەرنووسەری (سەورە) بوو ئەویش سکرتێری بوو " ناردیان بووبە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دەزگای هاوکاری وەك خۆی پێی وتین نێردراوە بۆسەرپەرشتی هاوکاری " گۆڕانکاری لە هاوکاری کرد بەلابردنی حمەی حاجی

تایەر لەسەرنووسەری و دانانی غفوری میرزاکریم لەجێی ئەوو لابردنی حمید عزیز لە سکرتیر تحریر ودانانی سەربەست بامەرنی لەجێی ئەو "ئەمە لەناوەراستی 1975دابوو" ئەوسا بۆخۆیی چێشت بگەرایتایە نوسەرێکی کورد وتاری سیاسی بنوسێ نەبوو "( **محمد امین** )یش لەو خاوەن رەوشتە بەرزانەبوو ممکن نەبووبە ئێمەو مانان بلێ باسێ دەربارەی فلانە وەزعی سیاسی ولات بنوسن و ئەیزانی ئێمە زوربەمان لە رۆژنامە نووسەدیارەکانی هاوکاری و دەزگاکە لە چیاوە دوای کارەساتەکەی ئازاری 1975 هاتوینەتەوە (سەربەست بامەرنی و حسین عارف و سلاح شوان و عبدالله بابە علی ومن ) نەشئەبوو رۆژنامەکە زمانحالی دەولەتە بەکوردی خالی بێ لەوتاری بەوجۆرە

(خۆبەخوا هەر کوردەهای خۆمان ئەونەیان راپۆرت لەسەر ئەنووسی بە فەتارەیەکیانا ئەدا) لەبەرئەوە هات وەك ئەلێن (حلی وەسەت) ی دۆزیەوە چولە رۆژنامەی (سەورە) داوای لەم ( هانی وهیب) و صباح سلمان کەدوایی بۆ بە سکرتێری رۆژنامەنووسیی سەرۆك کۆمار کە ئەوان یاریدەمان بەن و بەناوەرۆکی ئاسایی

سیاسی دەربارەی وەزعی عیراق بە گشتی و ناوچەی کوردستان بە تایبەت بنوسن بەلام مەرجی کردلەسەریان وتاری هێمن و مەوزوعی بێ "هاوکاری هەفتانەبوو دوارۆژی هەفتە پێنج شەمموان دەر ئەچوو ئەوان دووشەمموان وتارەکانیان ئەنارد ئەکران بەکوردی و لەلاپەرەدوو بلاوئەکرانەوە " وتاری سێ دینار موکافەئەیان بۆ ئەنووسرا "بۆ میژوو رۆژێ صباح سلمانم نەدی بێت پارەی وتارەکانی وەرگرێ بەلام ئەو هانی وهیبە شەمموان ئەهات و بەرەو حسابات پارەکەی وەرئەگرت ئەوسا ئەرۆشت بۆ رۆژنامەکەی خۆی" سوبحانەالله من کە ئەمبینی بەرووە مرومۆچەکەیەوە هەندێ جار بەرلەوەی بروا بۆ حسابات ئەهاتەلامان سلاوی لێ ئەکردین بەبینینی سەغلەت ئەبووم و شعوری ئەوەم هەبووئێمەی خۆشناوێ " رۆژان هات و رابوورد و سەربەست بامەرنی بوبە قوربانی راپۆرت نووسین نەقلی (عەفەك) کرا : چۆن سەربەست لە چیا هاتۆتەوەو ئەیکەن بە سکرتێری نوسین...؟ محمد ئەمین یەکەو راست کلیلی ژۆرەکەی سەربەستی دایە دەستم و وتی ئیشەکەی سەربەست تۆ ئەیکەی " قوربان منیش بەدەردی سەربەست ئەچم...! وتی نە سەربەست قوربانی قینی شەخسیە تۆ شتی

وات لەسەر نییە " هەفتەیەك بەسەر ئەروداوەدا نەچو بوبە پارێزگاری سلێمانی " من بەجارێ ترسم لێ نیشت و وتم منیش سەرم تیا ئەچێ بەڵام ئەو پیاوی ساحیب قسەی خۆی بوو:
جارێ بە جمال بابانی مدیرعامی وت کارت بەسەر سکرتێری هاوکاری یەوەنەبێ و بە غفوری میرزاکریمیشی وت پشتم بەرنەدا " دوای هەستکردنم بەدڵنیایی "یەکەم شت بیرم کردەوە رزگاربوونمان لە وتارەکانی هانی وصباح " لەگەڵ برایانی دی هاوکاری رێکەوتین :ئێمە وتارەکانی ئەوان ترجمە ئەکەین وئەوان
پارە وەرئەگرن " باشە باخۆمان لە (سەورە) و (التاخی) – هێشتا ناوی نەکرابووبە عیراق – وتاری گونجاو دیاری کەین و ئەیانکەین بەکوردی "ئێمە لەبەرنامەماندابوو هەفتەی دووبابەتی سیاسی بڵاوبکەینەوە " بۆ رایکردنی ئەو فکرەیە و وەك رێزبۆ هەڵوێستی محمد ئەمین رایسباردبوون بۆ نوسین هەستام بۆ شەوو رۆژێ چوم بۆسلێمانی " هەر ئەورۆژەی گەیشتم چوم بۆ نوسینگەی پارێزەر و داوای بینینیم کرد " ئەوهەڵوێستە جوامێریانەیم لەبیرناچێ بەرێکەوت من و براکەی بەیەکەوە گەیشتینە لای مدیر مەکتەبەکەی ناوی هەردووکمانی نووسی و چوە ژورەوە کە هاتە دەرەوە بەمنی وت فەرموو بچۆبۆلای موحافیز و بە براکەیی وت تۆدوای ئەو
کەچومەژورەوە بەگەرمیەکی نا ئاسایی پێشوازی کردم و زۆرقسەمانکردو هەواڵی یەکەیەکە کارگێرانی هاوکاری پرسی و دوایی مەسەلەی وازهێنان لە بڵاوکردنەوەی وتارەکانی هانی وصباحم لاکردەوە هەزۆر بە ئاسایی وتی سەربەستن مادەم چاری بلاوکردنەوەی بابەتی سیاسیتانکردووە خەلاص جوابیان بکەن " هەرکە گەرامەوە ئەوان وتاری خۆیان ناردبوو هەرلەوزەرفەی ناردبوویان دەرم نەهێنا و ئیهمالم کردن " رۆژی شەممە هانی هاتبوو بۆ پارەوەورگرتن " لە حسابات وتبویان ئەم هەفتەیە پارەت بۆنەنوسراوە " هاتەخوارەوە لام " بەخێرهاتنم نەکرد وەلامی سلاوەکەیم بەساردی دایەوە " ئەو وتی بۆ پارەتان بۆنەنوسیوم ؟ وتم چونکە مەقالەکەت بلاونەکراوەتەوە " وتی : بۆ..؟ من دەستم برد زەرفەکەیم هەڵگرت و دەستم بۆی درێژکرد ووتم : ئەوە وتارەکانت چارەی وتاری سیاسیمانکرد لەهاوکاری ئیتر بۆمان مەنوسن " ئەو وەك ماڵی خۆی بێ وتی کێ بۆتان ئەنووسێ ؟ وتم وابزانم ئەوە کاری تۆنییە " کەچی خۆی کیف کردەوەو وتی ئێمە هەمووومان عیراقیین وەك حەقم هەیە لە

(سەورە) بنوسم لێرەش ئەنووسم " وتم نەخێر هەقت نییە لێرە بنوسی چونکە تۆ بەکوردی نانوسی " وتی ئێوە خۆتان داواتان کردوە " وتم ئەوزروفەی وایکرد داوابکەین بەسەریا پەرینەوە " وتی : باشە با قسەلەگەڵ استاد محمد امین بکەم " پێم راگەیاند کە ئاگادارە....هەڵوێستەیەك داما چاری نەما لەژورەکە چوە دەرەوە ...بەلاَم بە نیسبەت صباح سلمانەوە هیچ باسی مەسەلەکەی نەکرد " کە لە رۆژنامەی عیراق دوای لابردنی لە سکرتیر رۆژنامەنووسیی سەرۆك بۆم باسکرد و چۆن ئەو لە مەسەلەکەی نەپرسیەوە وتی ئاسایی بوو من استاد محمد امین ئاگاداری کردم "جا هەروەك بە یەکێ لە راپۆرت نووسەکانی کوردم وت دوای داگیرکردنی بەغدا : تۆ یەکێکی لە ئەسبابەکانی سقوتی بەغدا ئەم هانی وهیب نداوی یە یەکێك بوو لە ئەسبابی (کاڵ وکرچی وبێ تام و خوێی و رێگری لە هەرگۆران و کراوەییەك بەسەر راگەیاندن ودەستخستنی مەعلومات لای هاولاَتی لەرێی راگەیاندنە وە بەتایبەت لە رۆژنامەکانداوەك حەقێکی رەوای هاولاَتیان ) لەورۆژەوەی وەك سەرنووسەری هاوکاری لە هەمووکۆبوونەوەگرنگەکانی باس وخواست و تاوتوێکردنی وەزعی ئیعلامی عیراق و هەموو کۆبوونەوە هەفتانەکانی سەرنووسەرانی رۆژنامە رۆژانەکاندا لەگەڵ وەزیرەکەمان " بە تەواوی ئەم حەقیقەتەم زانی و زانیشم (عوقدەو نەخۆشیەکەی چیە) ئەیزانی هەرگۆرانێ لەو لایەنەداو چەسپاندنی "کەمکردنەوەی عومری دانیشتنی ئەوە لەسەر کورسی سەرنووسەری " کە دکتۆر همام عبدالخالق بوبە وەزیری ئیعلام " راستە کابرا عالم بوو نەك ئیعلامی بەلاَم لە زۆر وەزیرەکانی دی کراوەترو خاوەن فیکری پێویستی بە چاوگێرانەوە بوو بە وەزعی دەزگاکانی راگەیاندندا بەلایەنی کراوەیی و گەشەپێدانیدا " رۆژێکیان لە کۆبوونەوەیەکی سەرنووسەراندا " دکتۆ همام گلەیی لە وشك وبرنگی و لە یەکچوویی ناوەرۆکی رۆژنامە رۆژانەکانی کردو وتی یەك سەرچاوەیی هەواڵ وەرگرتن بیانونییە بۆ ئەو وشکو برنگییە عیراق هەژدە پاریزگایە رۆژانە چەندان هەواڵی کۆمەلاَیەتی و رۆشنبیری وهەتا رووداوی ناو دادگاکان و رێگاو بان و گوێ گرتن لە هەواڵی هەمەجۆرەی دنیا ئێوە هەموو رۆژنامەکان ئەنتەرنێت وسەتەلایتان هەیە ئەتوانن رۆژنامەکانتان بکەن بە سەرچاوەی خۆشیی بۆ خوێنەواری عیراقی لە راگەیاندنی چالاکی غەیرە رەسمی لە بەغدا تێپەرن وئاماژەبە تواناو بەهرەی داهێنەرانی شارەکانی دی ولاَت بدەن ............زنجیرەیەك لەم باری سەرنجانەی

بەرچاوخست و دوایی پێشنیاری کرد وەك لای میسرییەکان هەیە لیژنەیەکی باڵا لە شارەزایان مامۆستایانی زانکۆو رووناکبیری ناسراوو هونەرمەندی ناسراو پێکبێت هەفتانە بە رۆژنامە رۆژانەکاند بچێتەوەو کەموو کورتیەکانیان دیاری بکاو پێشنیاری گەشەکردن بدا بە سەرنووسەرانی رۆژنامەکان "لەو کۆبوونەویەدا ئەم هانی یە ئەونە نارەزایی دەربری وەزیر بەسەرسورماویەوە وتی :سەیرە لەناو هەموو هاورێکانتا تۆ وا سەغڵەتی ؟ چونکە ئیمە هەرهەمووومان دەستخۆشیمان لە پێشنیارەکەی کرد " هەتا من ناوی دکتۆر وریا عمر و شاعر عبدالرزاق بیمارم دا بۆ ئەندامیەتی ئەو لیژنەیەوبۆ هەڵسەنگاندنی هاوکاری و پاشکۆکۆردیەکەی رۆژنامەی عیراق " لەکاتێکا مەکتەبی وەزیر لە پەیوەندیدابوو بۆ پێکهێنانی لیژنەکە " نووسراوێ لە مەکتەبی ئیعلامی قەومییەوەهات داوا لە وەزیر ئەکات ئە و ئەرکەی بەو لیژنەیەی ئەسپێرن مەکتەب ئەیکات و پێویست بە درووستکردنی ناکات و هەمووومان زانیمان کە هانی ریسەکەی کرد بە خوری...!

# صدام حسين.....
# له دووره‌وه‌و له نزیكه‌وه...!

**پێشه‌كی:**

منیش وه‌ك هه‌مووتان " پێگه‌یشتوی كۆمه‌ڵیكم " واراهێنراوه "كه (قسه‌ی خه‌ڵك ) هه‌تا ئه‌گه‌ر به‌ده‌ربێ له (كاتی خۆی) وهه‌تا ئه‌گه‌ر به‌دووریش بێ له ( واقع) مادەم قسه‌ی خه‌ڵكه‌و وا ئه‌ڵێن " ئه‌وه پێوانه‌بێ بۆ هه‌ڵسه‌نگاندن و سه‌رئه‌نجام بریاردان له‌لایه‌ن خودی خۆشته‌وه " هه‌تا ئه‌گه‌ر به رووكه‌شی بێت "رێزگرتنی رای خه‌ڵك دیارده‌یه‌كی ئیجابیه " به‌ڵام ئێمه نه له‌كاتی خۆی نه بۆ مه‌به‌ستی خودی خه‌ڵك و وه‌ڵامی خواستیان به‌كاری ناهێنین " مۆته‌كه‌ی ( قسه‌ی خه‌ڵك) له‌سه‌ر شانته هه‌تا خوا ئه‌جه‌لت ئه‌هێنێ "هه‌رله‌منداڵیه‌وه هه‌ست و نه‌ست و ئاره‌زوه‌كانت به شێوه‌یه‌ك له‌شێوه‌كانی خه‌ساندن له‌ژێر بارقورسیی عه‌یب وقسه‌ی خه‌ڵك ئه‌خه‌سێنن و له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تای فام كردنه‌وه‌ت بانگی ئه‌وه‌ی : مادەم زۆرشت له‌به‌ر قسه‌ی خه‌ڵكی عه‌یبه دیاره به‌دزییه‌وه كردنی عه‌یب نییه ئه‌درێ به‌گوێماندا و پێی فێر ئه‌بین " هه‌ر كه گه‌یشتینه پله‌و ته‌مه‌نی پێگه‌یشتوو " ئه‌بوو شه‌ری مان ونه‌مان بكه‌ین بۆ هه‌ڵبژاردنی هه‌ركارێ له‌گه‌ڵ هه‌ست ونه‌ست وتواناماندا گونجاوبێت " هه‌ركه ئه‌بووین به خاوه‌ن خێزانی خۆشمان مۆته‌كه‌ی (قسه‌ی خه‌ڵك ) به‌دوامانه‌وه‌بوو : عه‌یبه پیاوبه ئه‌ونه مه‌جال به‌ژنه‌كه‌ت مه‌ده " عه‌یبه واز له عاده‌ت و خوه‌كانی پێش ژنهێنان بێنه" هه‌ركه‌بووی به خاوه‌نی منداڵ : عه‌یبه تۆ بووی به باوك وامه‌كه...! هه‌ر چه‌ند موویه‌كی سپی له‌سه‌رت ده‌ركه‌وت نه‌چویت بۆ حه‌ج ئه‌تكه‌ن به حاجی ئه‌بێ به ویقاربی هه‌رچی رۆحی لاوی له هه‌ڵس وكه‌وتی ئینسانی له‌ده‌رروونتایه ئه‌یكوژن ....هتد به كورتی بێ ئیراده‌ی خۆت ئه‌بووی به لاو به پیاو به پیرو به ویقار ....من یه‌كێكم له‌و ئاده‌میانه‌ی خوا ئه‌وئیراده‌یه‌ی پێبه‌خشیم توانیم هه‌رزوو له‌زوربه‌ی زۆری ئه‌وفه‌رمانانه‌ی له‌ژێر كاریگه‌ری ( ماڵ وخه‌ڵك) ده‌رچم و له ته‌مه‌نی 15 ساڵیدا ئه‌و ئیشه‌ی خۆم ئاره‌زوم لێی بوو كه‌وتمه رێخۆشكردن بۆ پێگه‌یشتنی " له ته‌مه‌نی 16 ساڵیدا

ماڵەوەم بەجێهێشت و چومە غەریبی و بەتەواوی ئەو ئیشەم بووبە نسیب خەوم پێوەی ئەبینی " کە خێزانم پێکەوەنا دوایی بە کەسوکارم ناساندو پیرۆزباییان لێکردم ....ئەوانەم بە ئارەزووی ئینسانی و لەسەر ئەساسی پەروەردەی توندو تۆڵی زانینی ماناکانی رەوشت بەبەر فراوانی ماناکەی نەك تەنگ کردنەوەی لە (ویتە ویتی پوچەڵی بەدەر لە ئارەزوی رووناك بە حوکمی ئیرادەی ئینسانی) بۆیە ئەڵێم خۆمن مەلائیکەت نیم " بەشەرم "کەواتە وەك هەموو بەشەرەکان کەوتومەتە هەڵەوە " هەروەك چاکەم کردووەو سەرکەوتووبووم " ئەوەی دەروون سافی پێبەخشیوم " ئەوەیە( هەڵە) مەحسوبەو مەحسومە لەلام ولەژیانما وەك (دەرس) نەك ئینکسارو قورپێوان و گەستنی پەنجەو ئیعلانی پەشیمانی " بەرامبەر ئەوەش سەرکەوتنەکانم ئیغرایان نەکردووم و لەبەرگی سادەیی ئینتما بۆخەڵك دەرینەهێناوم

ئەم روونکردنەوە بچوك و خەستەم بە زەرور زانی " منێکی رۆژنامەنووسی کوردی پشت بەستوو بە ئیرادەی خودی خۆم لە رەوتی ژیانما " باسی لە دوورەوە ناسین و دوایی لەنزیکەوە ناسینی کابرایەك بکەم زیاتر لە سێ گرێی ساڵانی مێژووی عیراق و دنیای سەرقاڵ کردبوو " ئەویش (صدام حسین) ە وئەم مەسەلەیە بێ گرێ " بێ ترس " بێ فشەی شاری و خۆهەڵکێشان باس بکەم " بۆ مێژوو ...لەبەر قاپی رەحمەتی خوادا " نەك خەڵکی گیرەوەی مەزاج و مەسڵەحەت " ئەو خەڵکە هەرکەس و لە هەر پایەیەکدابێ " ئەڵێم : هەموو ئەم رووداوانە بەری هەڵپەو خۆ بردنە پێشەوەی هەلبازی نەبوون بەڵکو بەحوکمی مەوقع و پیشەی رۆژنامەنووسیەوە بوون بەتووشەوەو پیشەییانە هەڵسوکەوتم لەگەڵ کردووە بۆیە لە ئەنجام روودانیان پەشیمان نیم " " ئەم قسەیە وەك تەحدا ناکەم " بەڵکو وەك راستگۆیی لەگەڵ دەروونی خۆم ئەیڵێم " لەبەر دووشت : یەکەم ئەوەی لە هەڵسوکەوتانەدا روویانداوە بە نیەتی چاك مامەڵەم پێکردووە نەك جاهو دەستکەوتە " لە قۆناغیکی مێژووییدا " دووەم پەشیمانی هیچ لەوەی روویداو کاریگەری ناگۆڕێ لەبەر ئەوە و لە حاڵەتی وادا ئیعلانی پەشیمانی جۆرێکە لە مامە حەمەیی درۆزنانە من کارم پێی نییەو موحتاجی نیم ....

# له یەكەم هەڵوێستەوە
# له یەكەم بینینەوە...

دڵنیام مانگی 11ی ساڵی 1969بوو " له بەغدا "له باڵی مەكتەبی سیاسی پارتی ئەندام بووم " له شانەیەكدابووم سەربەست بامەرنی بەرێوەی ئەبرد" شاعیری كۆچكردووجلال میرزا كریم ودووبرادەری دیمان لەگەڵ بوون " دواكۆبوونەوەی حیزبیمان بەر لەدەرچوون و راگەیاندنی رێكەوتننامەكەی 11ی ئازاردا بوو له ماڵی سەربەست بامەرنی له (بلدیات) له بەغدا و ئێوارەبوو " له باخچەی ماڵەكەیان دانیشتین و نمەكی ماڵی كاك سەربەستم كردوەو لەوێ نانمان خوارد " ئەو ئێوارەیەو لەو كۆبوونەوەیەدا من ناوی (صدام حسين) م وروژاند ...!!چۆن...؟ بەیانیەكەی ئەورۆژە لەبارەگای رادیوێی كوردی دەرچووم "لەرێی بەرەو ماڵەوە گۆڤارێكی (صیاد)ی لوبنانیم كری " لەماڵەوە دوای نان خواردن كەوتمە خوێندنەوەی " لەوژمارەیەداو له گۆشەی (أسرار-نهێنیەكان)دا " وێنەیەكی دەستكردی صدام حسين رەسم كرابوو " لەگەڵ ناونیشانی ( من يحكم العراق..؟) پوختەی هەواڵه نهێنیەكە ئەوەبوو ئەڵێ : (أحمد حسن البكر له حوكمی عیراقدا تەنیا واجهەیەوبەس "پیاوێكی دی گەنج وبەدەست وبەهێز هەیە لەپشتی پەردەوە له عیراق ئەو " ئەورووەدیارانە ئەجوڵێنێ كە خەڵك وائەزانن بەدەستەڵاتن و حوكمی عیراق ئەكەن "ئەولاوە ناوی – صدام حسين – ە و سەرچاوە شارەزاوئاگادارەكان لایان وایە لەپاشەرۆژێكی نزیكدا دەوری گەورەی ئەبێت لەزۆر گۆرانكاریدا له عیراق وناوچەكەدا وبەڵكو له جیهاندا............) دوای كۆبوونەوەكە لەكاتی نان خواردندا باسی ئەم هەواڵەم كردوو وتم : ئەو كابرایە تا ئیستا هەر لەو چالاكیە حزبیانەدا دەرئەكەوێ كەراستەوخۆرووبەرووی خەڵك ئەنجام ئەدرێ "لام وابێ دوادەركەوتنی له كۆبوونەوە جەماوەرییەكەی ساحەی كەشافەبوو له بەغدا " هەتا صلاح عمر العلي وەزیری ئیعلام بەرلەو قسەی كرد و پرسیم : لاتان وایە ئەم نهێنی دركاندنەی صیاد هەواڵی وروژاندنە یان راستە...؟ بەقەدەر ئەوەی بیرتیژی لاویەتیمان ئەوسا بری ئەكرد هەریەكەمان قسەیەكمان لەسەر هەواڵه نهێنیەكە كرد " بەلای منەوە ئەو هەواڵەو بە پێی ئیرسی پیشەی

رۆژنامەنووسی – صدام حسین –ی داخڵی خەیاڵم کرد لەهەرشوێنی ناوی ئەهات یان وێنەی بڵاوئەبوەوە لێی ورد ئەبوومەوە وەك بەدوای وەڵامی ئەوپرسیارەدا بگەڕێم : ئایاراستە ئەم کابرایەو لە پشتی پەردەوە حوکممان ئەکات و حوکمی پشتی پەردە یانی چی و بۆوەڵام ئەم خوێندەوەو ئەمپرسی..لەدوا مانگی ساڵی 1969دا بریاری دانپیانانی مافە رۆشنبیرییەکانی کوردوو بەدواییدا کەمەنەتەوەکانی عیراق دەرچون " لەو مانگەدابوو لە سەردانێکما بۆلای مامۆستا حلمی علی شریف لەرۆژنامەی (النور) ئەوەم کەوتە بەرگوێ کەبەرلەدەرچوونی ئەوبریارانە مامۆستا ئیبراهیم احمد چاوی بە صدام حسین کەوتووە و باس لەم بریارانەکراوە " ئەم مەعلومەیە یەکەم بروسکەی گەیاندنی راستیی هەواڵەکەی صیاد بوولای من " ئێمەی لاوانی کورد لەبەغداو ژمارەیەکی زۆریش لە لاوانی عەرەبی چەپرەو لەناوخۆمانا کەوتبوینە باس وقسە لەسەر ئەوەی کە ئەم کابرایە سیاسیەکی هوشیارەو ئارام لەعیراق زامن ئەکات و ئەیکاتە حەقیقەتی چەسپاو لە رێی باوەرهێنانەوە بەسەربەستیی ئیختیار بۆ هەموو لایەنە نەتەوەیی و ئاینی یە فرەمەزهەبەکانی عیراق وزۆرنابات عیراق لە کۆروکۆمەڵە نێودەوڵەتیەکاندا بەوڵاتی سەربەستیی فرەرەگەز ئەناسرێ ( بێگومان وا دەرنەچو..!) و ئەوەبوو رەنگ دانەوەی دەوری شەخسیەتی صدام بەدەستکەوتەیەکی دی خۆیی نواند کە دەرچونی رێکەوتن نامەکەی 11ی ئازاری ساڵی 1970بوو " کە لەگەڵیا بلاوبوونەوەی زنجیرەیەك قسەی صدام حسین کە بەجۆرێکی جیا لەقسەی سیاسیە تەقلیدییەکان ئەیهونیەوە وەك بەڵێن دانی بۆ رایکردنی دەقی رێکەوتنەکە بە قسە مەشهورەکەی ( سنحرق مراحل الزمن...,و هتد) هەتا ئەوەبوو لە 17ی تەمموزی 1979دا تەواوی راستی هەواڵەکەی (صیاد) دەرکەوت کە احمد حسن البکر رەوانەی ماڵەوەکراو صدام حسین لە پشتی پەردەوە هاتە قوڵایی بینین و کارلێکەری لەسەر شانۆی عیراق و دنیای عەرەبی وئیسلامی و هەموو جیهان و ئەوەی لەو ماوەیەدا زیاتر لەسەری ئەوەستام روانینی (معلن – راگەیەنراوی) بوو بۆ نەتەوەی کورد لەقسە ئاشکراکانیدا هیچ سەرکردەیەکی بەدەستەڵاتی عەرەبی عیراق وەك ئەو دیاروئاشکراو بەقەدر روانینە نەتەوەی کورد لەبەردەم عیراقییەکان وغەیری عیراقیدا قسەی نەکردوە و ئێمە لە (هاوکاری) داننان بە (حوکمی زاتی بۆکوردستانی عیراق) مان بەرێچکەشکاندنی (بەچاوپۆشین لەوەی کەی ئەبێ)گەیشتنی کورد

خوێندەوە بە مافی چارەنووسی خۆی بە هەڵکردنی ئالأی کوردستانەوەو چاکەی ئەم ڕێچکەشکاندنەمان (کە صدام حسین –بەچاوپۆشین لە نیەتی ئەو – دەرگای بۆکردەوە) لەوەدا ئەدی " دوای ئەوە هەرچی بکات و هەرچی بڵێ لە عیراق تازە پاشەکشێ لەدان پیانانی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە عیراق لەشتەمەحاڵەکان ئەبێ لەمێژووی داهاتووی عیراقدا بەڵکو دەرهێنانی ئەم دانپیانانە لە یاساو دەستوری عیراقدا لە شتە مەحاڵەکان ئەبێ وبەڵکو چاوەڕێکراو لە پاشەڕۆژدا قوڵبوونەوە ئەبێ لەسوودی کورد وپێچەوانەی ڕاست نابێ و ئەوی ئیستا ئێمەی تیاین ڕاستی ڕوانینەکەی ئێمە ساغ ئەکاتەوە

# یەکەم بینینی رووبەڕوی
# صدام حسین

ناکرێ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنەکەی 11ی ئاداری 1970 وابخوێنرێتەوە کە بەلای (باڵی مەکتەبی سیاسی) پارتی دیموکراتی کوردستانەوە (1) کوتوپربوو" یان ڕابەرەکانی لەهەوڵی گەیشتن بە ئەنجامی و ڕاگەیاندنی بێ ئاگابوون "بەبەڵگەی ئەوەی ئێمە لە (هاوکاری) کەزوربەی کارگێرەکانی یان سەربەو باڵەبووین یا لە پشتیوانکاریان ..یەکەم لایەنی ڕاگەیاندن بووین کۆتایی کانوونی دووەمی 1970 بە مانشێتی گەورە بلأومانکردەوە کە هەنگاوی باوەرهێنان بەمافی چارەنووسی کوردبەرێوەیە بەلأم ئەکرێ بوترێ حکومەت و(سەرکردایەتی حیزبی بەعس) بێ وەفابوون لەقەدرگرتنی هەڵوێستی پشتیوانی ئەوباڵە لەلایەنی سیاسیەوە بۆیان ولەم مەسەلەیەدا دەستخەڕۆیانکردن ودەستیانکردن بەزاخا کە ڕێکەوتنەکەیان بەناوی ڕابەری مێژوویی پارتی ڕەحمەتی مستەفابارزانیەوە ڕاگەیاندولەدەقی ڕێکەوتن نامەکەشدا ئیشارەتیان بەوباڵەی پارتی لە چوارچێوەی ئشارەتیاندایە بە (چارەسەری وەزعی ئەو دەستە چەکدارانەی کەپشتیوانی حکومەت بوون ) دیاری کراوە "باسکردنی ئەم ڕاستیە پێویستە بۆگێرانەوەی ئەم باسە
لەناوەڕاستی مانگی شوبات یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەزانکۆکانی بەغدا لیژنەیەکیان پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی گێرانی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز "کە هەردوو شەهید

شاسوار جلال و فازڵی مەلامحمود لەو لیژنەیەدابوون و سەرەرای هاوریٚ یەتی ئەوسەردەمە هەردووکیان هاوریێی خوێندنی سەرەتایم بوون لە چوارتا وەك لە یادداشتەکانما (ئاوەهادەرگام کردەوە) دا دوورو دریژ باسم کردووە " ئەوسا لەپاڵ کارکردنم لە هاوکاری لە رادیوێی کوردیی بەغداش موزیع بووم " لەبەر ئەوە ئەوان هەردووکیان رایانسپاردم کە ئاهەنگەکە ئەگێرن من کارم پێشکەشکردنی بەرنامەکانی ئاهەنگەکە ئەبێ (عەریف حەفل) " کە رێکەوتنی 11ی ئازار راگەیەنرا بیرکردنەوە لە هەڵوەشاندنەوەی ئاهەنگەکە هاتە گۆرێ " بەڵام کە نەورۆز نزیك بوەوە " بەمەسەلەکەداچوونەوەو بریاردرا ئاهەنگەکە سازبکرێ و (سلمان پاك) هەڵبژێردرا بۆ شوێنی ئاهەنگ و لام وابێ هەینی دوای 21ی ئازاربوو " زوربەی زۆری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی ئامادەی بوون " لەگەڵ صەدان خێزانی کورد لەبەغداو ژمارەیەکی بێ شوماری قوتابیانی زانکۆکانی بەغدا بە کوردوعەرەبیانەوە " لەو شتانەی لە ئاهەنگەکەدا لەبیرمە شەهید شاسوار قەسیدە مەشهورەکەی ئیبراهیم احمد(دواتیری کەوانت بهاوێژە دوژمن)ی هێناو داوای لێکردم بیخوێنمەوە "لەولاوە رەحمەتی عبداللە اسماعیل (ناسراو بە مەلاماتۆر)(2) وەستابوو هەڵیدایێ و وتی ئەبێ بێ هەڵەوبە دەنگێکی بڵند بیخوێنیتەوە " کە هەرکۆپلەیەکی شیعرەکە تەواو ئەبوو سەیرم ئەکرد مەلا عبداللە سەری بۆ بائەداو چەپڵەی لی ئەدا " هەردوای ئەوە راستەوخۆ پشێوی وهاتووچۆیەکی نائاسایی پەیدابوو ئەوانەی لەریزی پێشەوە دانیشتبون هەستان و بەرەو شۆینی وەستانی چەند ئۆتوموبیلی مارسدیس چون و زۆری نەبرد زانیمان کە صدام حسین هاتوە بۆلایان و پێشوازی ئاسایی لێکراو لەبیرمە غانم عبدالجلیل و بەرزان و دووکەسی دی لەگەڵ بوون " صدام کە ئەوسا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو بە (السیدالنائب) ناوی ئەهات قاتێ جلی شیری لەبەربوو " لەبیرم نییە کام لە بەرپرسیارە گەورەکانی سەرکردایەتی وەرەقەیەکی دایە دەستم وتی هەرئێستا بیخوێنەرەوە " کە سەیرم کرد (بەخێرهاتنی هەڤاڵ صدام حسن )ە بۆ هاتنی وبەشداربوونی جەماوەر لە جەژنی نەتەوەیی کورد نەورۆز " بەعەرەبی وکوردی خوێندمەوە " وەك بیرم بێ کەمتر لە سەعاتێ مایەوە و ئەوەیەکەم جاربوو لە نزیکەوە صدام حسین ببینم و کە رۆشتیش لە نزیکەوە بەرلەوەی سواری سەیارەکەی ببێ یەکیك بووم لەوانەی تەوقەی بەرێکردنیم لەگەڵ کرد ولەخەیاڵی خۆما کە سەیریم ئەکرد

وینە دەستکردەکەی (صیاد) م ئەهاتەوەبەرچاو...لەبەرخۆمەوە وتم : قسەکانی صیاد راست دەرچون بەڵام وێنەکەی لەخۆیی نەئەکرد.....دوای ئەوە چەندان بینینی دی بەسەردا هات....

لە کاتی شەری عیراق و ئێراندا و بەتەواوی لە 9ی ئازاری 1983دابوو " دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی وەرەقەی بەرنامەی کاری ساڵانەی ئامادەکردبوو بۆ موناقەشەکردنی " کە ئەمەش یەکێك بوو لە دیاردە مەرکەزییەکانی حوکم بەپێ راسپاردەی سەرۆکایەتی کە ئەبێ هەر دائیرەو دام ودەزگایەکی حکومەتی مەرکەزی ساڵانە بەرنامەی کار دابنێ و کارگێرانی دەزگا یان دائیرەکە لەگەڵیان هەموو بەرێوەبەرەگشتیەکانی ئەو وەزارەتەی دەزگاکەی لەسەرە بەشداری لە موناقەشەی ئەو بەرنامەیەدا بکەن " ئەورۆژە تەرخان بوو بۆ دەزگای رۆشنبیریی کوردی و لەهۆڵی کۆشکی رۆشنبیری لە پشت وەزارەتی بەرگرییەوە کە جاران هۆڵی پەرلەمانی عیراق بوو بە تەنشت (مدرسەی موصتەنصریە) ی مێژووییەوەبولە مەیدان " وەزیری رۆشنبیری ئەوسا لەتیف نصیف جاسم بوو بەرێوەبەری ئێمەش مصلّح جەلالی بوو " دانیشتن دەستی پێکردوو لەسەر شانۆیی موناقەشە مدیرعام و بەرێوەبەری ئیدارە شێخ حسنی بەرزنجی و بەرێوەبەری رۆشنبیری کە ئەوسا صلاح شوانی شاعیر بوو دانیشتبوون و دوای خوێندنەوەی وەرەقەی بەرنامەی کاری ساڵانەی دەزگا " وەزیر هەستاو قسەی کردو دوای هەڵسەنگاندنی بەرنامەبەرچاوخراوەکە  لە یەکێ لە قسەکانیدا نووسەروو رۆشنبیرانی کوردی بانگ کرد چاونەترس بن لەوەی ئەیلێن وئەینوسن " دوای قسەی وەزیر دەرگای موناقەشە بۆکارگێرانی دەزگاکرایەوە "ئەوسا سکرتێری نووسین بووم لە هاوکاری " یەکەم کەس دەستم هەڵبری بۆ قسەکردن و رێم پێدراو هەستام چومە لای ئەوانەی لە سەر شانۆ دانیشتبون وخەریك بوو بێمە قسە هۆڵەکە شلەژاو چەپڵەی گەرم دەستی پێکردو وەزیر بەراکردن بەرەو دەروازەی سەرەوەی هۆڵەکە چوو " زۆری نەبرد لەگەڵ صدام حسین بەدەرکەوتو لەریزی پێشەوە لەگەڵیا دانیشت و وەزیر ئیشارەتی بە مصلح دا لە جێی خۆیان لەسەر مەنەصەی قسەکردن نەجولێین ...

ئەوکاتە هێشتا لە سەرشانۆ لای ئەوان دانیشتبووم " دوای دانیشتنی هەمووان وەزیر ئیشارەتی دا میکرۆفۆنێ بێنن لە خوارەوە تایبەت بۆ ئەوانەی موناقەشە ئەکەن " کە میکرۆفۆن دانرا من

هاتمە خوارەوە لەبەر میکرۆفۆنەکە وەستام ودوای سلاَو باری سەرنجەکانم دەربارەی وەرقەی کاری دەزگا بەرچاوخست کە بەلای منەوە هاوکاری مەسەلەی سەرەکی بوبۆیە پێشنیاری کردنی هاوکاری بەرۆژانەم بەرچاوخستەوە ودوایی سەبارەت بانگەکەی وەزیر بۆ نووسەرو رۆشنبیرەکانی کورد نەترسن وتم : (نوسەران و رۆشنبیرانی کورد لەسایەی سەربەستیدا ترسیان ئەشکێ و ئەوان ئەوەندە هوشیارن مانای سەربەستی بە مەسئولیەت بەرامبەر بەخۆیان و گەلەکەیان تێئەگەن بەلاَم هەروەك لە کۆبوونەوەیەکی هاوکاری لەگەڵ جەنابی وەکیلی وەزارەت روونمکردەوە نووسەران و رۆشنبیرەکانمان لە بارودۆخی گومان پێبردن هەست بە گەمارۆ ئەکەن نەك سەربەستی بۆیە بەشدارییان تەنگ ئەبێتەوە ),,,,,ئەوەی تاقەتی بەدواچوونی بەڵگەنامەی هەیە وتارەکەی صدام حسین لەو دانیشتنەدا بخوێنێتەوە ئاشکرا وەلاَمی باری سەرنجەکەی منی تیا ئەبینێ کە راسپاردەی رێنەگرتن لە نووسەرانی کورد ئەدا........و( ئەم بیرخستنەوەیە تەنیا ئیشارەتە بۆ راستی) دوای من ژمارەیەك لە کارگێرانی دەزگاکە قسەیانکردو ئینجا صدام حسین هەستاو وتارێکی دا مەدح وستایش بوو بۆکوردو داوا لەبەرپرسیاران لە گەڵ لە رۆشنبیریی کوردی سنگ فراوان بن لە مامەلە لەگەڵ وشەی کوردی و .....لە گەڵ تەواو بوونی وتارەکەی کە هاتەخوارەوە هیچ رانەوەستا و بە چەپلەرێزان بەرێکراو لەسەر پێشنیاری بەرێوەبەری گشتی دەزگا مصلح جەلالی هەر ئەورۆژە وەزیری ئیعلام لتیف نصیف جاسم بریاری دا رۆژی 9ی ئازار بکرێ بە رۆژی رۆشنبیریی کوردی و هەمووساڵ ئاهەنگی تیابگێررێ و سەرۆك بەرلەوەی بروات رایسپارد سبەینێ چوار سیارەی تازەوچاك ئەدرێ بە دەزگای رۆشنبیری کوردی ئەوە دووەم جاربوو صدام حسین لە نزیکەوەو رووبەرووببینم ...بینینی دیشی بەدوادا هات

ئێوارەی پێنج شەمەبوو بەهاری 1997 " بەلای منەوە ئەو ئێوارانە " ممکین نەئەبوو هیچ شتی (لەدەرەوەی دەستەلاَت نەبێ) دەست لە چوونەدەرەوەلەگەڵ خالدەی هاوسەرم و ئەولادەکانم بەربدەم ئەو ئێوارانە بەرنامەی هەمەجۆرمان هەبوو یان ئەچووین بۆ شانۆی رشید ئەگەر شانۆییەکەمان بەدڵ بووایە بە بلیتی تایبەتی کە هاوریم فاروق سلوم مدیرعامی سینەماو شانۆ هەموو پێنج شەمەیەك بۆی ئەناردم یان بۆ گەران لە یەکی لە شۆینە گشتی یەکانی بەغدا یان لە نادی ئیعلام کە پێنج شەموان تایبەت بوو بە ئاهەنگی خێزانی " خۆمان

کۆکردبووه برۆین بۆ نادی ئیعلام سەعات بەتەواوی حەوت و نیوبۆ "تەلەفون لیێ درا لە مەکتەبی وەزیرەوە داوایانکردم ئەوساوەزیر حامدیوسف حمادی بوو " مدیر مەکتەبەکەی بەناوی وەزیر خۆیەوەوتی ئەبیێ سەعات هەشت لیێرە ئامادە بیت لەگەڵ ماڵەوە بەرنامەکەمان تاوتۆیێ کرد رایانوابوو ئاساییە ئەم ئیێوارەیە بەرنامەکەمان دواخەین بۆ سبەینیێ کە هەینی یە "سواری ئوتوموبیلەکەم بووم و بەرەو بارەگای وەزارەتی ئیعلام لە صالحیەو لەویێ بەرەو قاتی حەتی باڵەخانەی ئیعلام کە مەکتەبی وەزیری لیێیەو لەویێوە بۆ هۆڵی کۆبوونەوە کە سەیرمکرد هەموو بەریێوەبەرەگشتی یە کانی وەزارەت و هەمووسەرنووسەرەکانی رۆژنامە رۆژانەکان کە منیشیان هاتمە پاڵ دوای سلاٚوو بەخیێرهاتن زانیم کە هەرهەموویان نازانن بۆچی بانگ کراوین " هەریەکەمان لە خەیاڵیێکا بوو "من لەلای خۆمەوە کە زانیم ئەوانەی لە پایەی حیزبی و نزیکیان لە وەزیر هیچ نازانن لەوانەیە بۆ مەسەلەیەکی زۆربیێ مانای وابیێ نەیئەهیێنا خۆمی بۆ هیلاك بکەم و بیێم ....لەخۆم پرسی: یەعنی یوسف حمادی چی لیێئەکردم ؟ لەم لیێکدانەوەیەدا مدیر مەکتەبی وەزیر هاتە هۆڵەکەو وتی فەرموون بۆلای جەنابی وەزیر ...ئیتر خاوەن تەجربەکان زانیان کارمان لەدەرەوەی وەزارەتە و هاتینە ریێرەوەکەی بەینی ژوری وەزیرو هۆڵەکە وەزیر وەستابوو سلاٚوی لیێکردین و وتی : سیادەتی رئیس داوای کردووین " زیادە رۆیی نییە بلیێم هەندیێ لەو زلـل پیاوانە خەریك بوون سەمابکەن "من لە خۆمەوە دان بەوەدا ئەنیێم ترس دایگرتم و هەستم کرد ئەم بینینەی وەك دووجارەکەی دی نییە لەبەر ئەوە بە ئە میر الحلوی سەرنووسەری ئەوسای گۆڤاری ئەلف بام پرسی کە لەهاتنەدەرەوە لە تەنیشتمەوەبوو : سەرۆك بەم شەوە ئیێمەی بۆچییە ؟ بەزەردەخەنەیەکەوە دەستی دا بەسەرشانماو وتی : واللە کاکە علمی علمك....بەس ئەکید خیری تیایە....وبە (مصعد)ەکاندا دابەش بووین بۆ خواری خوارە و لەویێوە بردیانین بۆ گەراجەکەی وەزارەت و پاسیێکی گەورەوجامەکانی داخراو بەپەردە وەستابوو جل زەیتونیەك لای درگاکەو یەکیێکی دی لەسەر سوکان و پاسەکە لە گەردابوو یەکەم جار وەزیرو وەکیل حمیدسعیدو ئیێمە بە دوایانداو دەرگای پاس داخراو ریێی گرتەبەر "بەرەو کویێ ؟ زیادەرۆیی نییە بلیێم لەوانەیە وەزیریش نەی ئەزانی (مەبەستم ئەوشویێنەیە کە سەرۆکی لیێیەوە)و ئیێمەی بۆ ئەچین ...بەلاٚم پاسەکە مەسافەیەکی زۆرنەرۆی و کە دابەزین زانیمان بینایەکەی (ئەنجوومەنی نیشتمانی)ە

بەدوای وەزیردا چووین " چووینە ژورێکی بچوك لەوەیٚ بێجگە لەوەزیر پێیان وتین پارەنەبیٚ چی لەگیرفانمان هەیە تەسیلیمیان بکەین و ..وامانکرد وئینجا لەم رێرەو بۆئەولا و لەبەر دروازەیەکی زۆرگەورەدا راوەستاین جل زەیتونیەك پاڵی ناو لایەکی دەروازەکەی کردەوە بەدوای وەزیردا چوینە ژورەوە " ئەو هۆڵەبوو زۆرجار لە تەلەفزیوندا دیبوم کۆبوونەوکانی سەرۆکی تیا ئەنجام ئەدرا " لەویٚ زانیم کۆبوونەوەکەمان لای دیوانی سەرۆکایەتی کوت و پرنەبوو بە بەڵگەی ئەوەی ناوی هەموومان (ناوی وەزیفەکانمان نەك شەخسی) لەسەر مێزە زەبەلاحەکە هەریەکە بەرامبەر ئەوکورسیەی لەسەری دائەنیشیٚ دانرابوو دووجل زەیتونی لەم لاو ئەولای هۆلەکە شوێنەکانی نیشان ئەداین " دانیشتین و لەبەردەم هەریەکەماندا دەفتەرێك و قەڵەمیٚ دانرابوو " کەس بەچرپەش قسەی نەئەکرد " ئەم دیاردەیە هیچ نەبیٚ بەلامنەوە هەستی ئەوەم لاپەیدابوو نابیٚ بپرسم و قسەبکەم تا هەمووشتیٚ لەبەرچاوما رون رون ئەبێتەوە...!! دانیشتین وەزیرو بەتەنشتیەوە حمید سعید دانیشتن " ساتی چاوەریٚ زۆر درێژەی نەخایاند وەزیر بێدەنگیەکەی شکاند کە وتی هەتا سیادەتی رئیس ئیشارەت نەدا کە ئەیەویٚ گوێتان لێبگریٚ و رێگا ئەدا قسەبکەن کەس قسەناکات " من لام وایە سیادەتی ناردوویەتی بە دوامانا تا راسپاردەی ئیعلامیمان پێبدات " زۆر بەسەر قسەکانیا نەچوو " ئەودەروازەگەورەیەی لە پشتی جێی دانیشتنی سەرۆکەوەبوو کرایەوەو سەرۆك هاتە ژورەوەو ئێمە لەبەری هەستاین بەعزیٚ لە بەرێوەبەرەگشتی یە ئامادە بووەکان سلامی عەسکەری و دەستیان نەهێنایە خوارەوە تا سەرۆك دانەنیشت و نەیوت : فەرموون دانیشن ..و بەپێی مەوقعی دانیشتنەکەم رووی زۆر لێمەوە دوورنەبوو بیرم بیٚ لام وابیٚ یان پێنج کەس و من شەشەم بووم لای چەپی دانیشتبووم ولەرووی دەروونییەوە ئە وەم پێخۆشبوو......!! بەخێرهاتنی کردین و تۆزیٚ بێدەنگ بوو ...چاك لەبیرمە کەهاتەوە قسە رووی لەوەزیر کردو وتی : تۆئەزانی کازم ساهری هونەرمەند توانای راگەیاندن و پروپاگەندەی لە ئێوە بەهێزترو چالاك ترە.....؟ وای وت و بە ئوسلوبەکەی خۆی پێکەنینە نەرمەکەی پێکەنی و دوایی وتی ::ئەمەویٚ هەلی ئەوەم هەبیٚ چۆن هەموورۆژیٚ بە رۆژنامە کوردی یەکەتانەوە(هاوکاری)(1) ئیستا بەدوای ئوسلوبێکا ئەگەرێم بەرنامەکانی رادیوو تەلەفزیونی عیراق بخوێنمەوەو باری سەرنجیان سەبارەت بدەم ....(ماوەیەك بوو بەدەگمەن هەڵئەکەوت باری سەرنج سەبارەت

ئەوەی لە رۆژنامەرۆژانەکاندا بلاو ئەکرانەوە لەخۆیەوە راستەو خۆ نەهاتایە بۆوەزیرو وەزیر ئەیناردبەدوای سەرنووسەرەکەداو ئاگاداری ئەکرد " زۆرترین باری سەرنجەکانیشی یان لەسەر شیکردنەوە سیاسی یەکان ئەبوو یان لەسەر ئەو سکالایانەی خەلك کە لەرۆژنامەکاندا بلاوئەکرانەو ) دوایی کابرا وەك ئیعلامیەکی خاوەن تەجربەو شارەزا لە جیاوازی راگەیاندنی وروژینەری وەختەکی و راگەیاندنی کاریگەری دریژخایەن و پێی داگرت لەسەر پەروەردەی فیکری و.......هتد بیرم بێ زیاتر لە نیو سەعات قسەی کردو یەکێ لەدەروازەکەی پشتیەوە هاتە ژورەوەو بەگوێدا چرپاندو خۆی راستکردەوەو لەپشتیەوە وەستا " رووی قسەی لە ئێمەکرد وتی :سەغلەت مەبن تۆزێ جێتان ئەهێلم و دێمەوە لاتان و هەستاو رۆیشت "ئەمجارە وەك بلێی ترسمان شکا وکەوتینە جولان هەندێکمان کە من یەکێکیان بووم دیمان وەزیرو حمید سعید هەستان ئێمەش هەستاین "بەلکو لەوە تێپەری دەروازە زلەکە کرایەوە هەندێکمان چوینەدەرەوە " سینیە چاهات هەنێکمان لەرێرەکە چای خۆمان هەلگرت و خواردمانەوە ....یەکەیەکە چوینەوە ژورەوە " بیست دەقیقە زیاتر ئەم وەزعە خایاندی و گەرایەوە " ئەمجارەش کەوتەوە باسی ئیعلامی کاریگەرو بەراورد لەنێوان کاری راگەیاندنی رووکەش و دەسخەرۆی وەختی راگەیاندنێکی دی کاریگەری چەواشەکردنی درێژ خایەن و وتی ئیستە ئێمە بەرەنگاری ئەوراگەیاندنە ئەبینەوە ...دوای ئەوە وتی ئەگەر ئەتانەوێ شتێ بلێین گوێتان لێ ئەگرم....وەزیر ورتە ورتێکی کردوو رووی لە ئێمەکردوو وتی کێ قسەی هەیە لەبەردەم سیادەتی سەرۆکی فەرماندەدا با قسەبکا ..تەنیا ئەمیرالحلوی سەرنووسەریئەلف با دەستی هەلبری "و قسەی کرد "وتی سیادەتان پاریش ئاوا لەپر ناردت بە دوامانداو شەوێکی خۆشمان لای سیادەتت بەسەر بردوو نانیشمان لای سیادەت خوارد " صدام قسەکەی پێبری و وتی : بەلام ئەمیر دلی خۆت خۆشمەکە ئەمشەو نان خواردن نییە و دایە پێکەنین " ئەمیر خەریکبوو قسەی تر بکات کابرای دەروازەی پشتەوەجارێکی دی دەرکەوتەوەو بەگوێی سەرۆکیا چرپاندو ئەمجارە بێ پێشەکی خواحافیزی کردوو رۆشت "ئێمە بە وەزیرەوە واقمان ورما " ئێ دوای ئەوە...؟ وەك بلێی هەموومان بیرمان لەوە ئەکردەوە چۆن هەستین و برۆین " ئەم تاوتۆیە چارەکێکی خایاند جل زەیتونیەك لە دەروازەکەی هاتنی سەرۆکەوە هات و وتی : سیادەتی سلاوتان لێ ئەکات نارۆن تا نانی

شێو نەخۆن....وخۆی رۆشت " ئێمە کراینەوە .ئیتر چیت ئەوەی ابو خالد(ئەمیرالحلو ) ئەوە سیادەتی دڵی نەشکاندی ...!!ئیتر جوڵەمان تێکەوت "ئەهاتینەدەرەوەی هۆڵەکە و پیاسەمان بە رێرەوەکاندا ئەکرد تا جل زەیتونیەکی دی هات و فەرمووی لێکردین و دوای کەوتین بۆ هۆڵێ دیاربوو هی نان خواردنە مێزی درێژ پریەتی لە ( مالزەوتاب.....!!) لەدەروازەیەکی دیەوە قصی و عبد حمودی سکرتێری شەخسی دەرکەوتن یەکەیەکە تەوقەیان لەگەڵاکردین و فەرمووی نان خواردنیان لێکردین ...نانمان خوارد ئەوان خواحافیزیان لێکردین ئێمە بەدوای وەزیرەکەمان ئەرۆیشتین " چوینە ئەوژورەی شتەکانیان لێ سەندین و وەرمانگرتنەوە و جارێکی دی بەدوای وەزیر کەوتین دیاربوو شتێکی لەبەرنامەی سەردانەکەمابوو ئەویش وەرگرتنی پاداشتی (نەقدی) سەرۆك بۆ هەریەکە لەئێمە (وەزیرو حمید سعید نەبێ) کە ئامادەبوو لەزەرف نراوو هەریکە بە ناوی خۆیەوە وەرمان گرت ...... هەمووبەرەو دەرەوەو پاسەکە چوین و لەوێوە بۆ وەزارەت وهەریەکەمان بەسەیارەی خۆی بەرەوماڵەوە چوین بەتەواوی سەعات یەك ونیوی داوای نیوە شەو بوو ...کە چومە ماڵەوە خالدەی هاوسەرم بەرەو رووم هات و پرسی : ئەوە بۆ ئەونە دواکەتی خێرێ ؟ وتم میوانی صدام حسین بووین ....بەسەرسورماویەوە وای زانی گاڵتەی لەگەڵ ئەکەم وتی: ئاه.....لای صدام حسین ؟ وتم وەلا ...باشە موناسەبەت چیبو ؟ ئەوپرسی ...؟ منیش وەك لە ماڵیشەوە سڵکردنەو یەخەی بەرنەدابووم بەملاو ئەولای خۆما روانی و وتم : بێتاقەت بوو شەوی جمعەیەوەو ئێمەی دەعوەتکردوو نانێکی باش و برێ پارەی باشیشی داینێ هەربۆ ئەوەبوو....

ئەوە بینینی سێ یەمی رووبەروویی صدام حسین بووبینینی چوارم لە هەرسێ جارەکی دی گەرموگورتروگرنگ تربوو " 28 ی نیسانی ساڵی 1999ی زاین رۆژی لەدایکبوونی صدام حسین بوو " رۆژی پێشوتر ئێوارەکەی لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم " حمید سعید کە با لەبیرم نەچێت یەکێك بوو لە رۆشنبیرو شاعیرە هاوچەرخە هەرەدیارەکانی عیراق کە لە گەرمەی رووداوی (بەیانی شیعری) دا بوو ناسیم ودوایی بۆبە یەکێ لەهەرە هاورێ نزیکەکانم لە ناو رووناك بیرەکانی عەرەبدا لە بەغدا " ئەو ئێوارەیە تەلەفونی بۆکردم وتی : سبەینێ بەیانی زوو سەعات 7 لە وەزارەت ئامادەبەو بە کەس مەڵێ .... ئەگەر شتی ئامادەت هەیە بۆ سەرۆك ئامادەی بکە و.ئیتر نەیهیشت ئەمدیوو ئەودیوی بکەم کە وتی :ئیتر خۆت

ئەزانی......... هەربەدوای ئەوەدا مدیری ئیدارەی هاوکاریم ئاگادار کرد کە سبەینێ کارێکی لەپری ماڵەوەم بۆ پەیدابووە تا تەواوی نەکەم نایەم بۆدائیرە و وابکەن و ئەوەبکەن تا یەمەوە. دوای ئەوە.نازانم هوی چیبو زۆر خۆم بە مەسەلەکەوە خەریك نەکردو هەتا کە بە خالدەی هاوسەرم وت بەیانی زووتر لەرۆژان ئەرۆم لەوەزارەت کارێکم هەیە ئەمەوێ فریا بکەوم بە پێچەوانەی وەختەکانی دی هیچی نەپرسی " بەیانی کە چووم بۆوەزارەت رێرەوەکانی بەرەو مەکتەبی وەزیر شاعیرانی ئەوسای عیراق دوودوو سێ سێ پیاسەیان ئەکرد بە شاعیرانی لە بەسرەوە بۆ موسڵ عبدالرزاق عبدالواحد و کمال عبدالله و رعد بندرو ئال یاسین ....... سەعات هەشت بانگ کراینە هۆڵی کۆبوونەوەو وەزیر کە هێشتا هەر حامد یوسف حمادی بوولەگەڵ حمید سعید هاتنە ژورەوەو دانەنیشت هەر بە پێوە دوای سلاّو پێی وتین : ژمارەی شاعیرەکان زۆرن و سیادەتی رئیس وەختی دیاری کراوە ئێوە هەمووتان شیعر ئەخوێننەوە بەلاّم کەس لە دە دەقیقە زیاتر درێژەی پێ نەدا " وای وتو وتی فەرموون " دوای کەوتین " دیسان پاسێکی درێژی دوو جل زەیتونی و ئێمە یەکە یەکە سوار بووین و من و فاروق سلوم لەرۆشتن و هاتنەوە بەیەکەوە دانیشتین "قسەو پرسیارمان لە هەمووشت ئەکرد بەلاّم کەسمان لەخۆمانەوە زاتی ئەوەمان نەبوو لە یەکتریش بپرسین بۆکوێ ئەچین ؟ پاس جولاّ " جامەکان بە پەردەی شینی تۆخ داپۆشرابوون کەس هیچی نەوت کەچی لەخۆمانەوە ( مادەم سەفەر بۆلای سەرۆکە ) کەس زاتی نەبوو پەردە بکاتەوە " ئەمجارە وەك سەفەری شەوەکە نەبوو پاسەکە درێژەی بەرێگادا دوو جل زەیتونبمان لەگەڵ بوو کەمتر لە سەعات بەرێوەبووین سەرو شەربەتی پرتقاڵی زۆر بەتامیاندایینێ ...دووسەعات و نیوو پاس راوەستا دەرگا کرایەوە وەزیر یەکەمکەس و ئێمە بەدوایا دابەزین زانیمان لەسەر گردێك و لەبەردەم کۆشکێکی گەورەو نا ئاسایداین لە دامێنی گردەکەوە بەرەو دەشتایەکە شارێك فاروق لای درکانم کە ئێمە لە تکریتین " چوینە ژورەوە نە یاساوڵ نە عەسکەرو پۆلیس رێرەو چۆڵ و هوڵ تا گەیشتینە بەردەروازە گەورەکەی چوونە ژورەوە عبدحمود بە جلی (جەنراڵ) یەوە وەستابوو لەگەڵ وەزیر باوشیانکرد بەیەکاو ئەملاو ئەولای یەکیان ماچ کرد و ئێمە یەکەیەکە تەوقەمان لەگەڵکردوو چوینە ژورەوە هۆڵێکی بازنەیی سێ دەروازەی گەورەی لەسەربوو لەو هۆڵەدا دەمێ وەستاین بەنەخش و نیگاری دیوارەکاندا ئەمانروانی لە پایەیەکی

ناوەراستی هۆڵەکەدا رەسمی کابرایەکی لاوی عەگاڵ بەسەر هەڵواسرابوو  فاروق نەیهێشت بپرسم ئەوە رەسمی کێیە خۆی وتی ئەوە رەسمی باوکی سەرۆکە لە فایلەکەیدا لە شەریکەی نەوتی کەرکووك دۆزیویانەتەوە....چاوە رێیمان درێژەی نەکێشا دەروازەی ناوە راستی هۆڵەکە کرایەوە وەزیرو عبد حمود چونەژوورەوە و ئێمە بەدوایاندا " هۆڵێکی گەورەتر لەناوەراستا حەوزو فوارە بەدرێژایی دیوارەکان کورسی ولەبەردمیانا میزی نزم و چەپکە گوڵ لەسەریان و ژمارەیەك جل زەیتونی لەوێ وەستابوون فەرمووی دانیشتنیان لە ئێمەکرد و وەزیرو حمید سعیدو عبد حمود چونە سەروی مەجلیس و دباربوو شوێنی دانیشتنی سەرۆك بوو کە کورسیەکی بالاّ وچەپکەگوڵی گەورەی لەبەردەم بوو کەڵە شاعیرەکان (بەپێوانەی ئەوان) عبدالرزاق و کمال عبدالله و رعد بندرو ئال یاسین لەتەنشت تەختی سەرۆك لەملاو ئەولای دابەشبوون و لەگەڵیان ئەوسیانەی باسمانکردن " تۆزی پشوومانداو وەزیر فاروق سلومی بانگکردسەریانکرد بەیەکاو دووسێ پەرەی کاغەزی دایە دەستی و " دوای تۆزی فاروق لە هۆڵەکە نەما و وەزیر هاتە ناوەراست و ئامۆژگاری ئەوەی کردین کە سیادەتی رئیس دێت بۆ سلاّو لێکردنمان ماچ کردن نییە  لەسەرخۆ تەوقەی لەگەڵ ئەکەن وکەس رایناگرێ قسەی لەگەڵبکات ئەگەرسیادەتی قسەنەکات ....!! گەرایەوە شوێنەکەی خۆی و ئەمجارە عبد حمود هەستاو رۆشتە دەرەوە و زۆری نەبرد هەردوولای دەرگا گەورەکە کرایەوە سەرۆك و بە قاتە سپی یەکەیەوە کە هەموو 28ی نیسان لەبەری ئەکات دەرکەوتوو هاتە ژوورەوە لەتیف نصیف جاسمی لەگەڵ بوو " سەرۆك خۆی بەتەنیا  بەریز پیامانا هات بۆ بەخێر هاتنمان هەتا گەیشتە لای بەندە " بەتەواوی بەلامەوە سەیربوو کە دەستمان بۆیەك درێژکرد وتی " ئەهلا کاکە عبدالله شلونك شلونە سلیمانیە  "سوپاسم کردوو وتم هەموومان باشین " ئەو وتی سلاّوی منیان پێبگەیەنە ئەهلی سلیمانی خۆشەویستن لەلام ...دوای ئەوە کە مەراسیمی تەوقەو بەخێرهاتن تەواوبوو دانیشتین کەوتمە دەریای پرسیار " کابرا چوون ناسیمی ؟ هەتا لێکدانەوەم پەنای بۆ ئەو نوکتەیەش برد کە وتراوە : (مادەم سەرۆکی هەمووانە  ئاساییە ناوی هەمووومان بزانێ) تۆبڵێی لەوەزارەت وایان لاباسکردبێ کە من لە سلیمانیەوە  هاتووم بۆ ئەم موناسەبەیە ؟...زۆری نەبرد سەرۆك لە جێگای خۆی دانیشت فاروق سلوم کە دیارە وەزیر بۆئەوەبو بانگی کردوو دوایی نەما  "" تومەز تەکلیفی کردوە بە پێشکەشکردنی شاعیرەکان

دوای پێشەکی و هەڵدان بەسەرۆك و جەژنی لەدایکبوونی سیادەتی یەکەم شاعیر عبدالرزاق و بەدوایا کمال و رەعدو تا ژمارەی ئەوانەی شیعریان خوێندەوە گەیشتە دەو ماوەی پشوو راگەیەنراو سەرۆك و جاسم و وەزیرو عبدحمود لە هۆلەکە چونەدەرەوە و ئێمەش جولەمان تێکەوت و چوینە هۆڵە بازنیەکەو دەست شۆرو لە ماوەیەدا بەحمید سعیدو فاروقم وت بەناو چاك و چۆنی لەگەلاکردم سەیرنییە ؟ حمید وتی نە سەرۆك هەمووسەرنووسەرەکان و ئەوانەی لێکۆڵینەوەی سیاسی هەفتانە ئەنووسن ئەیانناسیٚ... چارەك شتیٚ کەم جل زەیتونیەك بانگی دانیشتنی داو هەریەکەمان چوینەوە جێی خۆمان " ئەوەم بیرنەچی لە ماوەی یەکەمی شیعر خوێندنەوەکاندا من لەلای خۆم تاوتوێی ئەوەم ئەکرد شیعرەکە بەتەنیا بە عەرەبی بخوێنمەوە یان بەکوردی و عەرەبی یان تەنیا بەکوردی ؟ هەردەمەی بریارێکم ئەدا تا کە وەجبەی دووەمی شیعر خوێندنەوە دەستی پێکردوو دوای خوێندنەوەی دووشاعیر سیٚ یەم گۆێم لە ناوی خۆم بوو بەرەو میکرۆفۆنەکە چوم و گوێم لە دەنگی صدام بوو وتی : یاالله عبدالله سمعنە ....نوسخە کوردییەکەم دەرهێناو دەستم کرد بە حوێندنەوە " هەروەك لە سەرەتادا باسمکرد پەخشانێکی ئیقاع ئامیزبوو زیاتر لەوەی شیعری بەمانای تەواوی شیعربیٚ و نە دەقە کوردییەکەم لاماوەو نە عەرەبییەکەی بەلأم هەردووکی لەو کتێبە شیعرییەدا چاپکراوە کە سالأنە دائیرەی کاروباری رۆشنبیریی گشتی چاپی ئەکرد لە وشیعرەدا ناوی صدام حسین نەهاتوە بەناو ئەوەندەی لە خەیاڵما ماوە تیایدا وتومە نەتەوەی کورد بەنەتەوەیەکی وەفادار ناسراوە لەناو نەتەوەکاندا ئەوەی چاکەی لەگەڵ بکات رێزی بگریٚ بەهەمان هەڵویست و بەڵکو ئامادەیە داکۆکی لێبکات و......هتد " دوای خۆندنەوەی گەرامەوە شۆێنەکەی خۆم و پشوویەکی دی و دە شاعیری دی و میهرەجان برایەوە ....صدام حسین خۆی فەرمووی لێکردین بۆسەر خوانی نان خواردن و پێشمان کەوت لە هۆڵە بازنیەکە پەرینەوە بەرودەروازایەکی گەورە لای راست کرایەوە تایبەت هۆڵی نانخواردن بوو لە سەرووی میزە درێژەکە بەتەنیا دانیشت فەرمووی دانیشتنی لە ئێمە کردهەریەکەمان جێیەکی بۆخۆی هەڵبژارد هەرچی خواردنی چاك هەیە لەسەر مێز ئەبینرا نانمان خوارد ئەویش لەگەڵمان و جار ناجار گوێمان لە دەنگی پێکەنینی ئەبوو ئەوەی خواردنی تەواو ئەکرد بەرەو لای مێزی شیرینی و میوە ئەرۆشت ...سەرقاڵی هەڵبژاردنی میوەیەك بووم بەئاسانی هەڵگبریٚو بیخۆم

دەستێکی قورس لەسەر شانم و دەنگی صدام حسین :هاکاکە عبدالله شیعجبك ؟ ئەو خۆی دەستی دایە پرتەقالێك و بەغدادیانە کردی بەدوو کەرتەوەو کەرەتێکیان بە دووکەرتی ترو قاشەکانی کرد بەدەمیاو توێکڵەکەی فرێدایە ماعونێکی بەتاڵ و پرسی عەرەبی شیعرەکەت کوا ؟ فاروق وەلامی دایەوە " لای ئێمەیەو چاپی ئەکەین ...ئمێکی بۆئەو کردو بەمنی وت عفیە کاکە عبدالله و کەوتە گەران بەناو میوانەکاندا ...زۆری نەبرد دەستی بەرزکردەوەو خواحافیزی لێکردین و رۆشت ئێمەش دەستمان شتو هاتینەوە هۆڵە بازنیەکە هە تا وەزیر بانگی گەرانەوەی دا و بۆناو پاس وبەرەو بەغدا ....دووسەعات زیاترو دنیا تاریك بوبوو کە پاسەکە وەستا وداوای دابەزینمان کرا ... سەیرمانکرد لە وەزارەتی ئیعلام نین ئەو کابرایەی لەگەڵمان بوو فەرمووی لێکردین و بەدوایدا لە یەکەم رێرەوی بیناکە وەزیرو حمید سعید لێمان جیابوونەوە کابرا ئێمەی بردە هۆڵێکی چاوەروانی..... چاوەروانیمان زۆری نەکێشا کابرایەك لەدەرگاکەی دیەوە پاڵی بە مێزێکی پێچکەدارەوە ئەناو کابرایەکی دی بەدوایەوە فایلێکی بەدەسیەوە سەرمێزەکە دیاریوو سەفتەی پارەی لەسلۆڤین پێچراوی لەسەربوو کابرای فایل بەدەست ناوی ئەخوێندەوە هەرکەسە بلوکە پارەی خۆیی وەرئەگرت و لیستەی ناوەکان لەسەر مێزەکەش هەبوو قەڵەمێ لەلایەوە پارە وەرئەگیرا ئیمزا ئەکرا تا هەمووان پاداشتی خۆمان وەرگرت و کابرای یاوەرمان فەرمووی لێکردینەوەو بەرەو پاس و بەرەو ئیعلام و لەوێوە هەرکەسە بۆمالی خۆی.....!!ئەوەی شایەنی باسکردنە لێرە تەنیا دوو جار شاعیری کورد لە جەژنی لەدایکبوونی صدام حسین و لە بەردەم خۆیدا شیعری خوێندۆتەوە : شاعیری کۆچکردوو محمد بەدری و من بۆ مێژوو شیعرەکەی بەدریش عمومیات بوو ناوی صدام حسین لە شیعرەکەدا نەهاتبوو ... ئەو ساڵی دوای بەشدارییەکەی من بوو ......ئەمە بە ئەمانەت گێرانەوەی چاوکەوتنەکانمە بە صدام حسین.

---

(1)لە رۆژنامەی هاوکاری و بە پێی راسپاردەیەك لە مەکتەبی وەزیری ئیعلامەوەو لەسەرداوای مەکتەبی رۆژنامەنووسیی سەرۆکایەتی کۆمار لە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکەدا بەعەرەبی پوختەی ئەوباسو بابەتانەی لەرۆژنامەکەدا بلاو بۆنەتەوە بەعەرەبی بلاوئەکرایەوە بۆ

دوومەبەست یەکەم بۆ چاوپێکەوتنی لـە سەرۆکایەتی و دووەم بۆ بلاّوکردنەوەی لـە بەرنامەی (رۆژنامەکان ئەڵێن...)لـە تەلـەفزیونی بەغدا

(2) فاروق سلوم رۆشنبیرو شاعیرێکی ناسك و هونەرمەندە ماوەی مانگێ بەرلـەوەی من دانێن " ئەو مدیرعامی ئێمەبوو بە وەکالـەت " لـەو ماوەیەدا پەیوەندیمان توندو تۆڵ بوو " خۆی ئەیوت بە ئەسڵ کوردن " خەڵکی تکریتەو خوشکەزای (تایەر یحی) یە " لـە دیوانی سەرۆکایەتی زۆر نزیك بوو " لـەوەزارەتی ئیعلام چەند مەوقیٚکی بینی : بەرێوەبەری گشتی رۆشنبیریی مندالاّن " بەرێوەبەری سینەماو شانۆو دواجار هونەری تەشکیلی " لـە کۆبوونەوەیەکی (ئەنجومەنی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندندا بووین خەبەری راکردنی جوتە برا حسین و صدام کامل هات و وەزیر لـە کۆبوونەوەکەدا ئیعلانی کرد من لای فاروقەوە دانیشتبووم " بێ هەست بەخۆکردن وتی : الحمدالله نەجاتمان بوو......! لام وابێ تەنیا من و ابو معتزی مدیرعامی ئەوسای دار الحریە چاك گوێمان لـە قسەکەی بوو...وەزیر لای خۆیەوە هەڵی دایێ :...ها فاروق چیت وت ؟ ئەوبەسەزمانە پەشۆکا وتی : نە قوربان هیچ ...ویستم بپرسم کەی ئەمەبووە ؟ خواکردی بیانوەکەی تێپەری " دوای کۆبوونەوەکە من و ابو معتز لێمان پرسی : ئەوەتۆ چیت کرد ...هەردووکمانی راکێشایە لاوەو بە پێکەنینەوە وتی راستان ئەوەێ مەبەستم فلیمی ( أيام الطويلة )...بوو ئیتر نەجاتمان بوو بەحەیاتی لـە عیراق پیشان نادرێ..... هەرسێکمان دامانەقاقای پێکەنین .

# له تەموومژی چری ڕووداوەکاندا
# فرسەتی هەڵگێرانەوەی ڕاستیی

خسروجاف ئەندازیاری بیناسازیی داهێنەرە لە پیشەکەیدا ' لە دنیای داهێنانی نوسینی چیرۆك و ڕۆمان و شیعردا باڵا دەستە ' باڵادەستیشە لە ئوسلوبی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی 'بەرلە روخانی رژێمی بەغداو داگیرکردنی عیراق ' لە بەغدای پایتەخت بەو هەموو سیفاتانەوەی باسمانکردن ' دەسرۆیشتو وقسە رۆیشتوبوو لە زوربەی مەحافیلەکانی سەقافەو ئیعلام ' پەیوەندیی من لەگەڵیا ئاسایی و بێکیشەبوو ' وەك لەبیرم بێت یەکەم پەیوەندیم لە گەڵیا لەرێی برای عەزیزم محمد زەهاویەوەبوو ...چەندان موناسەبەی سەقافیی و شەوانەی یانەو ئاهەنگەکان بەیەکەوە کۆی کردوینەتەوە .... بەڵام ئەوەی سەیرو کوت و پربوولای من ' دوای داگیرکردنی بەغدا ' هێشتا ساڵی 2003مان بەرێ نەکردبوو ' سەرکردەو رابەرانی کورد لە بەغدابوون بۆ بەشداری لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی دی لە نەخشەکێشانی وەزعی عیراقیی دوای روخاندنی رژێمی پێشو ...لەزیارەتێکما بۆ بارەگای رۆژنامەی التاخی و بۆلای شاعیری کۆچکردوو محمد بەدری هاورێم ' چاوم بە دکتۆر عدنان کەوت کە ئەویش یەکێك بوو لە کاگێرانی التاخی ' بەسەرسورمانەوە لێی پرسیم :

–ئەرێ مەسەلەی تۆ لەگەڵ کاك خسروجاف چیە ؟

– عەرەب وتەنی (ماکو إلاکل الخیر) بۆ چی ئەپرسی ؟

بۆی گێرامەوە کە لە چاوکەوتنی ئەدیب و رۆشنبیرەکانی کوردا لەگەڵ سەرۆك مسعودبارزانی دا دەقاودەق وتنی کەمن خەریکبوم لەسەر بەرگی دووەمی یادداشتەکانی باوکی (باوکی ئەندازیار خسرو جاف ) بە ئیعدام کردنی بدەم ....!!! بۆ مێژوو ئەمە هەڵگێرانەوەی حەقیقەتە کە ئەوانەی شاهیدی عەکسی ئەو ئیدعایەن زوربەیان ماون و ئەمەی ئەیگێرمەوە ئەصڵی حیکایەتەکەیە ' نەك ئەو هەڵبەسنەی دکتۆر عدنان بۆمنی گێرایەوە :

لە ناوەراستی 1991داو دوای لابردنی مصلح جلالی لە بەرێوەبەریەتی گشتی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی و بە پێی بریارێکی سەرۆکایەتی کۆمار کە ئەڵێ (لەحاڵەتی چۆڵبوونی مەوقعی یەکەمی هەردەزگایەکی دەوڵەت ئەقدەم کارگێری ئەودەزگایە بەوەکالەت جێی ئەگرێتەوە هەتا بریاری دانانی کەسێك بۆ ئەومەوقعە بەبریاری ئوسوڵی) من بووم بە بەرێوەبەری گشتی دەزگا بەوەکالەت " مەوقعی رەسمی وەزیفیم لەدەزگاکە (بەرێوە بەریی نووسین) بووم لە رۆژنامەی هاوکاری " ئەوسا برادەرم محمدزەهاوی بەرێوەبەری بەشی رۆشنبیری بوو لە دەزگاکە کە بەرپرسیاربوو لە هەموو چالاکیە رۆشنبیرییە مەیدانی و چاپ و بلاوکردنەوە کان لەدەزگاکە "رۆژێ مسوەدەی (بەشی یەکەمی یادداشتەکانی محمدسعید جاف) ی باوکی ئەندازیاری بیناسازی خسرۆجافی بەشێوەیەکی رەسمی و ئوسوڵی خستە بەردەستم بۆموافەقەتکردن لەسەر چاپکردنی (الحمدالله) محمد زەهاوی لەژیانداماوەو یاخوا هەزار ساڵی عومربێت " بێ بێنەوە بەرە موافەقەتم کردو لەسەریم نووسی : بدرێ بە خەبیر (کە لەراستیدا رەقیبیش بوو) بۆ هەڵسەنگاندنی و دوایی رەوانەکردنی بۆچاپ " کە لای خەبیر هاتەوە زەهاوی لەگەڵ خسرۆ جاف خۆی هینایەوە بۆلام " کە باری سەرنجی (خبیر – رەقیب)ەکەم خوێنەوە (کە عبدالوهاب تاڵەبانی) برادەرم بوو " داوای کردبوو بەلابردنی دووبرگەی بەشێکی یادداشتەکان کە بەرای ئە و (ئەکید ئەویش لەترسی راپۆرت نووسەکان) رووشاندنی زەوقی ئەخلاقی کۆمەڵی ئێمەی تیاییە چونکە (مکشوف) باسی جنس (سکس) ئەکات " لەبەرچاوی هەردووکیان ( زەهاوی و خسرۆ) و بە قەڵەمەکەی خۆم ئیشارەتی (حزف بکرێ) م لەسەر ئەو دووبرگەیە کوژانەوە و لە جیاتی نووسیم (چاپدەکرێ) و ئیمزام کرد وبە زەهاویم وت : ناوی خوای لێبینە و بینێرە بۆ چاپ " حەزئەکەم خوێنەران ئەوە بزانن ئەم حیکایەتە بۆ خۆهەڵکێشان و منەتکردن بەسەر کەسدا ناگێرمەوەو ئەوساو ئێستا بەوگیانە ئەوکارەم کرد بە واجبی سەرشانی خۆم زانی و وەك وتم هەرسێ شاهدەکە لەژیاناماون و دوایی کە بۆ عبدالوهابیشم گێرایەوە وتی : دەستت خۆشبێ ئەگەرتۆ لە مەوقعی مەسئولیەتەکەت لە راپۆرت نووس نەترسی منیش ناترسم "بەلام ئەم حیکایەتە لە بەر

ئەوە ئەیگێرمەوە " لە ساڵی 2003 دا خسرۆ جاف منی خەتابارکرد لای سەرۆك مسعود بارزانی کە لەسەر یادداشتەکانی باوکی خەریك بووم ئەو بە ئیعدام کردن بدەم " لە کاتێکا کەلام وایە لای جەنابی سەرۆك بارزانی غەریب نەبێ کە لە زەمانی حوکومەتی پێشوداخسرۆ بێ دەسەلاّت نەبوو" منیش دەستەلاّتم لە بینایەی رۆژنامەکەی خۆم بەهەنگاوێ بری نەئەکرد و ئەمەش حەقیقەتی حیکایەتەکەیە :

سالاّن هاتن و چون و (هاوکاری ) بە بریاری رەسمی لە دەزگای رۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی جیاکرایەوە دوای ئەوەی وەزارەتی (رۆشنبیری و راگەیاندن ) کرا بەدوو وەزارەت و هەموو رۆژنامەکانی عیراق چونە سەر میلاکی وەزارەتی راگەیاندن " خالد خۆشناو بەرێوەبەری دەزگای رۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی بوو " بەتەواوی لەبیرم نییە ساڵی 2001 بوو یان 2002و بوو " خۆشناو موافەقەتی لەسەر چاپکردنی بەشی دووەمی یادداشتەکانی بابی خسرۆ لەسەرحسابی دەزگاکەکرد و چاپکراوو بلاّوبوەوە " ئەویش بۆ تأریخ هەروەك من مامەلەی لەگەڵ یادداشتەکان کرد ویەك برگەی لێ لانەبرد کە دیسان چەند لاپەرەیەکی گیرانەوەی مەکشوفی سکسی تیایە " کە یادداشتەکان بلاّوکرایەوە " هەموو ئەوکوردە خوێنەوارەی لە بەغدان بیستیان و باسی ئەوەیان ئەکرد کە (رئاسەتی مجلسی تەنفیزی حوکمی زاتی ناوچەی کوردستان) بەرەسمی و بێ ترس و شاردنەوە لەکەس و بە بیانووی ئەوەی ولاّت و سەرکردایەتی رابەرایەتی هەڵمەتی پتەوکردنی ئێمانداری رایدەکەن (دەزگای رۆشنبیری و بلاّوکردنەوەی کوردی –نەك خسرۆجاف !!! کتێبی چاپ ئەکەن بە مەکشوف باس لە سکس ئەکات ) ئەمەیان بەرەسمی وەك وتم و بێ شاردنەوە لە کەس کرد بە راپۆرتی شکات لە (بەرێوەبەری گشتی دەزگاکە نەك لە خسرۆجاف)کرا و ناردیان بۆ دیوانی سەرۆکایەتی و بۆ لیژنەی شئونی شیمال(مەکنەبی تەها جزراوی)(1) و ئەمنی عامەو موخابەرات و وەزارەتی رۆشنبیری " نوسخەکەی دیوانی سەرۆکایەتی رەوانەی مەکتەبی وەزیری ئیعلام کرا کە ئەوسا دکتۆر همام عبدالخالق وەزیری بوو " لەگەڵ پەراوێزێکدا بۆوەزیر ئەڵێ لە سەرنووسەری رۆژنامەی (العراق) و رۆژنامەی (هاوکاری) راوەرگرن دەربارەی ئەم کتێبە " (سەرنج – بەرێکەوت و لە خواوە بەرێوەبەری ئیداری هاوکاری ئازاد بابان دوورۆژباش ئەم مەسەلەیە بەکارێکی خۆی ئەچێ بۆ چاپخانەی دەزگای رۆشنبیریی

گشتی –افاق عربی– دوونوسخه ی دوازمارەی  گۆڤاری ئەقلامی هێنا دانەیەکی دابەمن " ئێوارەی ئەو رۆژە کە لاپەرەکانیم ئەمدیوو ئەودیو ئەکرد " ناونیشانی چیرۆکێك (ئێوارە رۆژێك) سەرنجی راکێشام لەگۆڤارەکەدا تەنیا دوولاپەرەی گرتبووەوە " خوێندمەوە " حیکایەتێکی سکسی زیاتر لە مکشوفە,,,,,,,,,!! ناردم بەدوای ئەوو جوانەمەرگ ( د. فاروق علی عمر)داو  دوای بەدەمگێرانەوی پوختەی چیرۆکەکە لێم پرسین : ئەگەر ئەم چیرۆکە لایەنێکی کوردی بلاًوی بکردایەتەوە چیان پێئەکردین ؟ فاروقی جوانەمەرگ وتی : نازانم حکومەت چی ئەکرد بەلاًم ئەوەی راپۆرتەکەی ئەنووسی داوای ئەکرد لەو جێیەی جاسوسە یەهودییەکانی تیا هەڵواسرا کارگێرانی گۆڤارەکەش و چیرۆك نووسەکەش هەڵواسرێن.......!! بگەرێینەوە سەر ئەسڵی مەوزوعەکە "" لە کۆبوونەوەیەکی وەزیر لەگەڵ سەرنووسەرانی رۆژنامە رۆژانەکاندا " دوای کۆبوونەوەکە  وەزیر بە حمید سیعید کە وەکیل وەزارەت بوو " وە رەحمەتی (نصراللە داودی –باوکی شیلان) ومنی وت : بێزەحمەت مەرۆن و وەرن لای من چایەك بخۆنەوە (بۆ مێژوو دکتۆر همام پارچەیەك بوو لە رەوشت بەرزی بێ فیزی باوەربەخۆبوو لە هەڵسووکەوتیا لە گەڵمان)   ژوری کۆبوونەوەکان بەتەنشت ژورەکەیەوەبوو بەدوایدا رۆشتین " دوای داوای چاو چەند قسەیەکی لاوەکی  فایلێکی زەردی خستە بەردەمی خۆیی و ئیشارەتی بەو دیاردە ناشیرنەدا کە لەجارێ زیاتر  لە مەسئولە عەرەبەکانی  دەوڵەتم بیستوە  و ئارەقی شین ومۆری پێدەرداوم " ئەویش دیاردەی راپۆرت نووسینە لەلای خۆمانەوە بۆ مەسئولە گەورەکان و چۆن هەندێکیان خۆیان ئەکرد بە پیاوچاك و ئەیان وت : ئەگەر ئێوە خۆتان شتەکوردییەکان ترجمە نەکەن ئێمە هەقمان چیە چی ئەنووسن و نانووسن....؟  دکتۆر همام وتی لە دیوانی سەرۆکایەتیەوە ئەو نووسراوەی مجلیسی تەنفیزی لەسەرچاپکراوێکی دەزگای رۆشنبیریی کوردی  داویەتی رەوانەی ئێمەکراوە داوای رای ئێوە ئەکات لەدوولایەنەوە " یەك کاریگەری ئەودەقە چەنە  دوو لەباوەرەدان مدیرعامی دارسەقافە بە ئەنقەست رێی ئەم جۆرە بلاًوکردنەوانە ئەدا ؟ (سەرنج: ئەم دووپرسیارە چاکترین بەڵگەیە " شکاتەکە دەرحەق بە خسرۆجاف نەکراوە تا بە ئیعدام کردن بدرۆێ و" نووسەری کتێبیش کە باوکی رەحمەتیەتی چۆتە جێی حەقی خۆی " ) دیاربوو وەزیر حمید سعیدی هەروەك شاهید و بۆ ئاگادار بوونی لە مەسەلەکە بانگ کرد " نصراللە

هاته قسەو وتی من دەقی کتێبەکەم نەخوێندۆتەوە " بەڵام ئەوەی بیستومە شتێکی ئاساییە ئەدیبێکی کۆچکردووی کوردە لەوانەیە دەیان یادداشتی کوردی و عەرەبی و بەهەموو زمانەکان بخوێنینەوە لەوە زیاتریان نووسیوە و ئەم بەزمەی لەسەر نەکراوە " من خالد خۆشناویش بناسم کابرا مولتەزمەو بە ئوسولْ کتێبەکەی چاپکردووە دوای رەقیب و خەبیرو ئەمانە .......دکتۆر رووی لەمن کردوو وتی ها کاکە عبداللە تۆش نەتخوێندۆتەوە؟ وتم با من برادەرم زەهاوی نوسخەیەکی بۆهێنام و خۆێندمەوە " ئینجا باسی ئەوەم بۆکرد کە من مدیرعام بووم بەوەکالەت موافەقەتم کرد لەسەر بلاّوکردنەوەی بەشی یەکەمی ئەم یادداشتانە و دیسان چەندئیشارەتیکی جنسی تیابوو بەئاسایی سەیرم کرد و رازی نەبووم لاببرێ " ئنجا باسی چیرۆکەکەی اقلامم کرد " وەزیر وتی بەلاّم کەس شکاتی لەسەرنووسەری اقلام نەکردووە هەتا لایەنە ئاینییەکانیش " دەربارەی خالد خۆشناویش هەرچەندە هەموو لە بەغدا ئەیانزانی ئالەو وەختەدا بە تحدید پەیوەندیمان باش نەبوو لەئەنجامی هەندێ ناکۆکی ئیداری کە هاوکاری لە دەزگای رۆشنبیری دەرئەچوو " وتمم هەرگیز مومکین نییە ئەو رێگا بدات کاری نەگونجاو لەگەڵ خەتی ئیعلام ورۆشنبیریی مەرکەزیدا لەدەزگاکەیەوە دەرچێ " دوایی بەهەرسێکمان حمید سعیدو نصراللە ومن پێشنیارمان بۆ وەزیر کرد دوای گەیاندنی ئەم رایەی ئێمە... پێشنیار بکات ئیستا بۆلایەنی مامەلەی دەوڵەت لەگەڵ خەڵکی کوردستان و رۆشنبیرانی کورد چاك نییە هەڵوێستی لێپرسنەوە لەسەر بیروراو چاپکراوێ بکرێ هی نووسەرێکە سەرەرای ئەوەی مەکانەی هەیە چۆتە جێی حەقی خۆی........وە وەزیری ئیعلام تەواو وایکرد ",,,,,

بەرلەوەی بێمە سەر حیکایەتی شکاتەکەی خسرۆجاف لای سەرۆك بارزانی لەسەر ئەم مەسەلەیە ئیشارەت بە دوو بەڵگە ئەدەم بۆ مێژوو با خوێنەر لەبیریان بێ " یەکەم دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە ئەم حەدەس و شکاتەی روویداو بە ئەمانەتەوە (خواشاهیدە) بەکورتی گێرامەوە دیارە بە هیچ جۆری شکات نییە لە خسرۆجاف کرابێ " بەڵکو شکاتی رەسمی دەزگایەکی کوردییە لە دەزگایەکی دی کوردی بەلاّم ئەکید نیازەکەی زیان بووە لە خودی بەرێوەبەری گشتی دەزگاکە نەك نووسەرووکەسوکاری نووسەرەکە ئەویش دیارە هۆکەی کینەی شەخسی نێوان بەرپرسیارانی هەردوولایەن بووە (بۆغایەتی لە عەقلی

یەعقوبا...!) وبە هیچ کلۆجێ لەکاتی تاوتوێکردنی شکاتەکەی ئەودەزگا رەسمیە لە چاپکراوەکەی دەزگای رۆشنبیری و بلاۆکردنەوەی کوردی لە هیچ دەزگایەکی ئەمنی و لە وەزارەتی رۆشنبیری و ئیعلامیش لە خسرۆ جاف نەپرسراوەتەوە و ئەویش هەروەك من و خەڵکی دی خەبەری شکاتەکەی لەم دەم وئەو دەم بیستوە " دووەم ئەوەی لەسەرەوە گێرامەوە کاك سیروان جافی خزمی خسرۆ کە سەرۆکی دەستەی کارگێری دەزگای (العراق) بوو بەوردی بۆ خسرەوی گێراوەتەوە و قەناعەتی پێی بووە......خسرەو چۆن سەرۆك بارزانی بینی و چۆن شکاتەکەی کرد ؟؟ دوای هەرەسی رژێم لە بەغدا سەرۆك بارزانی وەك زوربەی زۆری رابەرەکانی بزوتنەوەی بەرهەڵستکاری رژێمی پێشو هات بۆ بەغدا....لەو سەردانەدا رۆژنامەنووس و شاعیر نەژاد عزیز سورمێ لەگەڵ وەفدی کوردستانی و سەرۆك بارزانیدا بوو " ئاماژە بەناوی نەژاد ئەدەم چونکە وام بیست ئەو مەسەلەی چاوکەوتنی سەرۆك بە رۆشنبیرەکوردستانیەکانی دانیشتوی بەغدای سازکردو ئەگەر ئەوبۆبێ یان هەوڵی شاعیرو رۆژنامەنووسی کۆچکردوو محمد بەدری کارێکی چاکیان کردوەو ئەبێ دەستخۆشیان لێبکرێ " (سەرنجێکی تایبەت : لەو ماوەیەدا کە هەواڵی ئەو چاوپێکەوتنە لە بەغدا بلاۆبووەوە د. کەمال مەزهەرم بینی وتی : بەمنیان وت ...نەچووم .....!!) دوای بلاۆبوونەوەی هەواڵی ئەو شکاتەی خسرۆ کەمن بە دوورو درێژی وەك وتم لە دکتۆر عەدنانی برادەری رەحمەتی محمد بدریم بیست کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووە " خسرەو بەوەوە نەوەستا لەهەموو کۆرو کۆمەڵێ دا ئەنیشت بە شانازییەوە باسی ئەم (فەتحەی) خۆیی ئەکرد " لەبەر ئەوە بۆ هەرکۆێ ئەچووم پرسیاری : ئەرێ ئەوە چیت هەیە لەگەڵ خسرۆ جاف ؟ یەخەی ئەگرتم ...لەبەر ئەوە منیش گەیشتە تینم و هاتم بەیاننامەیەکی روونکردنەوەم نووسی کە ئەو مەعلوماتانەی سەرەوەم تیا ورد روونکردەوە " بەلاَم لەسەر ئامۆژگاری دەستەیەك براو دۆست پەلەم نەکرد لە بلاۆکردنەوە " کە ئەوساو ئیستاش بلاۆکردنەوەی لێی ئاسانتر نییە " من وام نەکرد هاتم سێ نوسخەم چاپکردو دامن بە: ( د. کەمال مەزهەر "" د. ئەورەحمانی حاجی مارفی رەحمەتی " محمدی مەلا کریم ) بە پێی ئەوەی هەرسێکیان لە نزیکەوەمن ئەناسن و ئەزانن من لەریزی پێشەوەی رۆشنبیرانی کوردبووم لە بەغدا راپۆرت نووسین زۆرزیانی لێدام و من بووم بە حوکمی ئەوەی سەرنووسەری

هاوكاری بووم لـه زۆر جارا كه ئاگادارئەبووم ئەوانەی لـەسەریان ئەنووسراو بە فریایان ئەكەوتم بە واستەكردن بووایە یان هەڵوەشاندنەوەی راپۆرتەكانیان بە روونكردنەوەی راستی " ئەو سێ رێزداره ئاگاداری ئەشكەنجەكانم بوون لـەم بارەیەوە " لـەنامەكەما بۆ هەرسێكیان كە نوسخەی لای خۆم پارێزراوە " سەرجەمی رووداوەكەم روونكردۆتەوە و داوام لـێكردوون بە خسرۆجاف بگەیەنن یان واز لـەو هیرشه زاڵمانەی ئەهێنی یان من ناچارم بۆروونكردنەوەی حەقیقەت هەموولایەنەكانی جۆری پەیوەندی من و ئەو لـەگەڵ دەوڵەت بە ئەجهیزه خاسەكانیەوە روونبكەمەوە ماوەیەكی نەبرد كە خەبەرم لـە هەرسێ ئەوبەرێزانەوەبۆهات كە : وا دایبنێ كە هیچ روونەداوە .... " ئەم رووداوە لای من چەپكێ پرسیاری ورووژاند ...هەندێكی بێ وەڵام و هەندێكی وەڵامی لـە دڵمایە ... بەنیسبەت شاعیری كۆچكردووی برادەرم محمد بەدری (بۆ مێژوو ئەم بەبیراهاتنەوە ی ئیستا باسی ئەكەم بە خۆیم وت لـە ژورەكەی خۆی لـە التأخی دوای بلاو بوونەوەی خەبەرەكەو گلـەییەكەمی بە مشروع زانی) كاك محمد ئەگەر راستەوخۆ لـەو دانیشتنەكەدا زەحمەت بوو هەڵوێست بنوێنی " دوایی گلـەیی لای خسرۆ نەئەبوو بڵێی تۆمەت باركردنی ئەم كابرایە بە راپۆرت نووسین نابەجێ یە " ئەو ئەیزانی من لـەتەنزیمی پارتی لـەبەغدا رۆژانە چالاكیم هەیە تائیستا نەمان بیستوە هەتا بەقسەش قسەبكات ومن دووجار بەرەسمی كە رێی چالاكی رۆشنبیریم لێ ئەگیرا بە كەفالـەتی ئەو كەوتومەتەوە چالاكی " چۆن ئەبێ شتی والـەگەڵ تۆبكات..؟؟ یا نەژاد عزیز وادەزانم ئەوەندەم ئەناسێ دڵم و فیكرم هەمیشه لـەبەردەمیا كتێبی كراوەبووە چومەتە ماڵی ونمەكی دەستی دایكیم كردووە " ساڵێكی رەبەق لـەچیابەیەكەوە بووین و نەدەبووڕۆژانە یەك نەبینین سەرەرای گەشتێ لـەگەڵیا بۆ جەبهەی شەر لـە كەرتی هێزی ئەزمر لـە دەشتی شارەزور و بەیەكەوە سێ مانگ و بیست رۆژێ شەوو رۆژبەسەربردن لـە سەردابی ئەمنی عامه كەبەیەكەوە گیرابووین لـەسەر مەسەلـەكەی عوسمان فائق " سەرەرای ئەم ناسینە نەژاد مرۆڤێكی زیرەكە دەوروبەری چاك ئەناسێ و ئەیزانی لـە ناو ئێمەو ماناندا( كارگێرانی رۆژنامە نووسی و رۆشنبیری ) كێ خووی راپۆرت نووسینی لا بوبوە بە ئەركی و ناكرێ وانەكات و كێ لـەوانەی لـە سەنگەری رۆژنامەنووسیی دەوڵەت بوون بەدەست راپۆرت نووسەكانەوە ئەینالآند كە خۆی یەكیك بوو لـەوانەی بەدەستیەوە ئەینالآند....." پرسیاری ئەوەم لادروست

بوو : تۆبڵێێ ئەو ئەگەر لە مەجلیسەکەشدا لای ئاسان نەبووبێ " نەدەبوو دوایی راستی شەخسیەتی غەدرلێکراوی من رونبکاتەوە ...؟! و پرسیاری زۆری دی .....خۆلاسە : نەك هەر ئەم رووداوە بەڵکو لەمە گەورەتر کە کەسانێ بۆیان هەڵبەستووم ئەزانم هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی ئەمناسن نەئەبوو خۆیان توشی ئەوقورساییە لەسەر ویژدانی خۆیان بکەن " هەندێ لەوانە زیانی مەعنەوی گەورەیان لێداوم تا ئیستا باجەکەی ئەدەم " بەلاّم ( هەر چەندە کەس لە دڵی کەسانییە سری بزانی و شاهیدی راستی هەرخوایە ) کینەم بەرامبەر هیچ کەسێکیان لە دڵما هەڵنەگرتوە " بەتەواوی پێچەوانەی کردەوەکانی ئەوانە لای من رەنگی داوەتەوە ئەویش ئەوەیە : خەفەتم بۆ خواردوون کە وا دەستەکەوتەو نەشئەی دنیا هەڵێخلیسکانون تا رادەی زیانگەیاندن بە کەسانێ ئەزانن ناهەقی لەگەلاّ ئەکەن ...وە ئەمە هەڵوێستی پاکە ...ئەوجۆرەکەسانە شایەن بەوەن خەفەتیان بۆبخۆی و دۆعایان بۆبکەی خوا بیانخاتە سەر رێگەی چاکە .

## تەها جەزراوی

باوەرناکەم کەسێکم ناسیبێ لە دوورویش و لە نزیکیشەوە و بێ پێشەکی بەردەست لە خۆیەوەو بەئیرادەی خوا ئەوندە لام نارەسەن و چارەگران بوبێ (نەك هەرلای خەڵك " بەڵکو لەهەندێ تێفکریندا لای خۆشم جێی پرسیاربووبێ لە هۆکەی) وەك تەها جەزراوی دووەم پیاوی بەدەستی حکومەتی بەرلە 9ی نیسانی 2003تارادەیەك زۆرجار کە ناوی

ئەهات لائیرادی لەدەمی منەوە جنێوێکی بۆ ئەچوو تارادەیەك لەجارێ زیاتر مامۆستا محمدی مەلاکریم ئامۆژگاری کردووم کە ئەمە شتێکی باش نییەو خۆتوشکردنێکی بێ بەرە ...بەڵام بە دەست خۆم نەبوو...ئەو تەها جەزراوییە تاقەکوردێکی بەعسی بو ئاواتم ئەخواست کە پێشنیارەکەی (مهدی) فەراشی زعیم وەحیدی بەسەربێ کە داوای کردبوو کوردی بەعسی بخرێنە قەفەسەوەو بە کوردستاندا بیانگێرن خەڵك سەیریان بکات (بڕوانەبەشی : بروانە بەشی یەکەم لە یادداشتانەدا ) تەنیا ئەویشە دوای داگیرکردنی بەغدا دۆعام کرد خوا ئەوتەها جەزراوییە بەدەستی کورد زەلیل بکات خوای گەورە هەزار شوکرو حمد بەتەواوی وەڵامی دۆعاکەی دامەوەو بەدەستی کورد گیرا...سەبەبی سەرەکی ئەم قین بوونەوەش ئەوەبوو " بەئاشکرا قین بوونەوەی ئەوبوو لە نەتەوەکەی خۆی و لەمەدا بە ئاشکرا مونافەسەی رەگەزپەرستەکانی عەرەبی ئەکرد " تارادەیەك دوونی بوو ئەیویست بەر لە ئێمە بەوان بڵێ قینی لەوەیە بە مونتەمی بۆ کورد سەیر بکرێ ...ئافرەتێکی کوردی بەعسیم ئەناسی وازی لە حیزب هێنابوو " جارووبار ئەهاتەلام لە هاوکاری " رۆژێ لەورۆژانە لام دانیشتبوو ناوی جەزراوی هات و ئاسای من جنێویکم تێگرت "ئافرەتە هاورێکەم یەکسەر وتی : ئەی دەم خۆش ...تۆ ئەزانی من لەداخی ئەو تەرەسە وازم لە حیزب هێنا ؟ .....و ..حیکایەتەکەی بۆگێرامەوە و وتی : وەختی شەری عیراق و ئێران من لە (جیشی شعبی) بووم و ئێواران ئەچووین لە ساحەی قوتابخانەیەك لە گەرەکی خۆمان لە مەنصور مەشقیان پێئەکردین " تۆ ئەزانی تەها جەزراوی فەرماندەی گشتی بوو " ئێوارەیەکیان کە چووین بۆ مەشق ئەوئەفسەرەی مەشقی پێئەکردین ئاگاداری کردین ئەم ئێوارەیە فەرماندەی گشتی یەت و سەیری مەشقەکەمان ئەکات ...من لەلای خۆمەوە زۆرم پێخۆشبوو گوایە لەبەر ئەوەی کوردە ئەگەر بمناسی من کوردم و تەتەوعم کردوە رێزی تایبەتم ئەگرێ لەبەر ئەوە لێت ناشارمەوە لە خۆشیا پێم نەئەکەوتە ئەرزو هەتا ئەورادەیەی منەتم ئەکرد بەسەر هاورێکانما کە فەرماندەکەیان کورد وەك من ...تەها جەزراوی هات...سەدخۆزگە نەهاتایەو ئەو زۆخاوەی نەکردایەتە دڵمەوە(ئالێرە دا چەندان ناوناتۆرەو جنیوی سوکی گرتە خۆی وحەو پشتی ) کە هات ئەفسەرەکە ریزی کردین و پێی وتین ئەگاتە لای هەریەکەتان ناووی خۆتانی پێبڵێن ...ئەمەم هەر زۆر پێخۆشبوو " کە گەیشتە لام بە دەنگی بەرزو شانازیەکی سەیر وتم : من

فلآنی کچی فلآنم ومن کوردم سیدی ......!! هەر کە وام وت زۆر بێ ئەدەبانە وەڵامی دامەوەو وتی : (دنچبی ..کوردی کوردی شنو...؟ دەمت لێك نێ کوردم کوردمی چیتە..؟) ئافرەتەکە خەفەت و شکاویی دەروونی خۆیی بۆ نەئەشاردرایەوە کە ئەوساتە ناخۆشەی بیر کەوتوە ..دوای تۆزی هاتەوە قسەو وتی : ئیتر سوێندم خوارد نابێ نەلەو حیزبەو لە جیشی شعبی نزیك ببمەوە " ماڵەوە ترساندیانم ناکرێ راستەوخۆوابکەی ئەیبەستنەوە بەم رووداوەو تاقەتی راونانمان نییە " بۆیە بەرەبەرەو بەدرووستکردنی بیانوی جۆراو جۆر خۆم لێیان دزیەوە بەنیسبەت منەوە و بە حوکمی کاری رۆژنامەنووسی چەندان جاری دووروو درێژ لەگەڵ ئەو بەڵاناشیرینەدا دانیشتوم و دوای هەموو هەستانێ شوکری خوام کردووە لە شیدتی قین بوونەوەم لە خۆیی و قسەکانی خۆم ئەگرت و بەسەرلامەتی ئەهاتمە دەرەوە ...جاری یەکەم لە کاتی شەری عیراق و ئێران کە اسماعیل رەسولْ سەرنووسەری هاوکاری بوو "رۆژێ ناردی بەدواماو پەرەیەك کاغەزی دایەدەستم بەعەرەبی پرسیاری تیابوو " وتی ئەمشەو ئەچی بۆ بارەگای جیش الشعبی لە حارسیە ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ تەها جزراوی ئەکەی ...لەگەڵ اسماعیل رەسولْ بە بێ گرێ قسەم ئەکرد کابرا ترسناك نەبوو " داوام لێکرد لێم ببورێ و یەکێکی دی بنێرێ و هەتا بیانووی ئەوەم هێنایەوە کە من عەرەبیەکەم تەواونییە " بێ سوودبوو "ناچار پێم وت : وەاللە مامۆستا ئەونەم قین لەو کابراییە نامەوێ چارەی لە تەلەفزیون ببینم ئیستا جەنابت ئەتەوێ بچم سەعاتی پرسیارووەڵام لەگەڵیا قسەبکەم ..؟ ئەوزۆر بەتەنگ شتی لاوەکییەوە ئەهات " وتی کورە ئەوە ئە تۆ چی دەڵێی ئەمن ناوی تۆم داوەتە مدیر مەکتەبی وی ئیستا کۆ بیگۆرم ئەتۆ دەچیت یەعنی دەچیت ..وەچووم "کە خۆمکرد بەژووری سکرتێرەکەیدا بەخێرهاتنی کردم و داوای چایەکی بۆ کردم و وتی ماوەیەك لای من دانیشە میوانی هەیە لەسەر رۆشتنە " چایەکەم تەواو نەکردبوو میوان کە (حسن العامری) وەزیری بازرگانی بوو " سەیرو سەمەرە لەودابوو بە سکرتێرەکەی وت : أبونادیە یقابل صحفی کوردی....!! موغریبە...؟ سکرتێرەکەی یەکێك بۆ لە رۆژنامە نووسە نەکیرەکانی رۆژنامەی (الجمهوریە) بەداخەوە ناوەکەیم نایەتەوە یاد یەکسەر وتی :( ای هوزمیلنا کاکە عبداللە) دەستی بۆمن کێشاو العامریش خواهەڵناگری بەرەورووم هات و تەوقەی لەگەڵ کردم و هەواڵی اسماعیل رەسوڵی پرسی و وتی ( سلمنی علیە).....پاش

ئەوەبە ماوەیەکی زۆر کورت ئێمە (من و وینەگری هاوکاری و سکرتیرەکەی کە وەك من جوابی پرسیارەکانی ئەنووسی ) چوینە ژورەوە یەکەم شت لە ژوری (قائدعامی جیش الشعبی ) سەرنجی راکێشام کارتۆنیکی ویسکی و دوو بوتڵی تەنیای پر بە تەنشتیەوە !! ....وێنەگرەکەی هاوکاری سێ چوار رەسمی بۆگرت و چوەدەرەوەو منیش کەوتمە پرسیارکردن و ئەویش وەڵام و تەسجیل لە بەردەمیا و زربەی پرسیارەکان کە سەرنووسەر خۆی دایبابوون سەبارەت شەرو دەوری جیش الشعبی بون " لام وابێ لەو سەعات زیاترەی لای مامەوە یان دووجار لەکاتی تەوقەی چونە ژورەوەو هاتنەدەرەوە یان سێ جار کە جارێکیان لە کاتی قسەکردنا بوو " بۆم نەکرا ورد سەیری چروچاوی بکەم .... گفتوگۆتەواوبوو " هاتینەدەرەوە " سکرتێرەکەی وتی :جەنابی قائد ئەڵێ ئەم ئێوارەیە میوانداریان بکە...حەزئەکەن بچین بۆ کوێ ؟ بە هەربیانویەك بوو زەرەرمان لیدا لەخوای ئەویست لەسەر حسابی ئێمە ئەوشەوە بلەوەرایە...ئەمە لە خۆمەوەناڵیم مدیر مەکتەب و سکرتێرەکانی ئەو مەسئولانە زوربەیان لەوانەبوون کە بەغداییە ئەصیلەکان پێیان ئەڵێن (بلوشی) وەك لای خۆمان پێیان ئەڵێین مشەخۆر ...

ئەوە یەکەم جاربوو ئەوبەرازە رووبەروو ببینم " تا رۆژان هاتن وچوون " لە وەزارەتی ئیعلام و بەپێی ئاراستەیەکی سەرۆکایەتی کۆمار " لیژنەی باڵای کاروباری باکوور(شۆونی شیمال) لیژنەی باڵای راگەیاندنی کوردی بەسەرۆکایەتی وەزیری ئیعلام وئەندامیەتی سەرنووسەرانی رۆژنامە رۆژانەکان وبەرێوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و بەرێوەبەری گشتی رادیو وتەلەفزیون و نوێنەرانی جیهازی موخابەرات و ئەمنی عامەو ئیستخباراتی عەسکەری پێك هێنابوو " لیژنەیەکی غریب و عەجیب و کاری (بەمانایەکی دی بیکاری) ئەولیژنەیەو پارەخەرجکردن بەناویەوە سەر سورماوی کردبووم و نەم ئەزانی " کە بەپێی مەوقعم بووم بەئەندام تیایدا وەك سەرنووسەری هاوکاری چۆن خۆمی لێ دەربازبکەم " چی پێیان ئەوتم کۆبوونەوەی لیژنەی ئیعلامی کوردیە گیانم دائەزرنگا و حەوصەڵم نەئەما " لە ئەصلا وزوربەی زۆری برادەرەکانم ئەزانن قینی دنیام لە کۆبوونەوەی سیاسی ئەبێتەوە کە هەرتەمسیلیەکانی (دریدلحام) ئەتوانێ تەعبیری راستی لێ بکات " دەسەرەرای ئەم بێزارییە لە ئەساسدا ئەبوایە ئەم لیژنەیە مانگی جارێ لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵای کاروباری

باکورتەواوی ئەندامەکانیا کۆببێتەوە کە بەسەرۆکایەتی تەها یاسین رەمەزان بوو ...کە محمد سعید صحاف بووبە وەزیر گوایە چاکەی لەگەڵ کردووم کردمی بە سکرتێری لیژنەی ئیعلامی کوردی " کە چوومەلای و تکام لێکرد لەوئەرکە عەفوم بکات رازی نەبوو " سکرتیری پێشووی لیژنەکە خالد خۆشناوی مدیرعامی رۆشنبیریی کوردی بوو کە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بوو " کە وەزارەتەکان لێك جیابوونەوە " سەرۆکایەتی لیژنەی ئیعلامی کوردی درابە وەزیری ئیعلام بەناوەی زوربەی ئەندامەکانی لەوەزارەتەکەی ئەون " بۆیە صحاف منی کرد بە سکرتێری لیژنەکەو نەیویست  لای کارگێرێکی وەزارەتی رۆشنبیری بێت "کە چومەلای و تکام لێکرد دامنەنێ پرسیاری هۆیەکەکەی لێکردم " منیش چونکە وەك لەبەشێکی دی ئەم یادداشتانە ئیشارەتم داوەبە ناسینی دێرینەی صحاف بەراشکاوی باری سەرنجی خۆم بۆروونکردەوە کە ئەم لیژنەیە بەم تەشکیلەیە ئیعلامی کوردی ئیفلیج ئەکات نەك بیکاتە جێی باوەر " کابرا زۆر بەکراوەیی گوێ شلی باری سەرنجەکانم بوو " دوای وتی قسە نامانگەیەنێتە ئەنجام بۆ یاداشتێکی تێروتەسەل نانووسی وەك سەرنووسەری هاوکاری من بەڵێنت ئەدەمێ بەوردی بایەخی پێبدەم " شەوێك تادرەنگ لەگەڵ جوانەمەرگ د. فاروق علی عمر لە ژوورەکەی خۆم لەهاوکاری دانیشتین ئەویاداشتەم نووسی و هەربرگەیەکم دائەرشت فاروق سەیرێکی ئەکردم و ئەیوت: ئەوەبەراستە تۆ ئەوپێشنیارە ئەدەی بە وەزیری ئیعلام ؟ ئەم وت وەرە لەگەڵم بزانە بەدەستی خۆم نایدەمەدەستی...پێشنیارم تەواوکردوو پیاچووینەوەو بۆ بەیانی دوای چاپکردنی بەدەستی خۆم بردم بۆوەزارەت و تەسلیمی مەکتەبی وەزیرم کرد " ئێوارەی ئەورۆژە نصرالله داودی تەلەفونی بۆکردم وتی : ئەوە چیت نووسیوە بۆ وەزیر دەربارەی لیژنەی ئیعلام ؟ وتم عەرب وتەنی (کل الخیر) وتی کورە یاخێر ؟ ئەوە ئیستنساخی کردوە و دابەشی کردوە بەسەر ئەندامەکانی لیژنەکەدا ئیستا هەرسلمان زیدان بیخوێنێتەوە یەکسەر ئەڵێ نەموت سەرنوسەری هاوکاری عونصریە؟..خەتەرترین برگە لە پێشنیارەکەدا ئەوەبوو پرسیومە : عیبرەت لە وجودی نوێنەری ئەمن ومخابەرات لە لیژنەی ئیعلام چیە ؟ و پێشنیارمکردوە لە جیاتی ئەوان هەڵبژاردە لە نووسەروو رۆشنبیرانی کوردو هەتا عەرەبیش دابنرێ باشتر یاریدەی دانانی بەرنامەی ئیعلامی پتەوکردنی یەکیتی نیشتمانی عیراق ئەدەن " دوای دوورۆژ وەزیر ناردی بەدواماو دەقاو دەق بۆ میژوو کابرا دەربارەی

پێشنیارەکەم وتی :وەڵا کاك عبدالله من تۆم خۆش ئەوێ و سەدلەسەد ئەوەی تۆ پێشنیارت کردووە لیژنەی بەجدی خزمەتکردنی ئیعلامی کوردی یە لە عیراق " بەڵام ئەم پێشنیارە بگاتە لای رفیق نائب (مەبەستی تەها یاسین) بوو ئەنجامی هەتا بۆمنیش باش نابێ " وامن لای خۆم دای ئەنیم و بە قسەی کاك نصرالله ئەکەم وابزانە نەتنووسیوە " ..دوای ئەم سەرنەکەوتنە سەغڵەتیەکەی زیاتر کردم کە وتی دووسبەی کۆبوونەوەمان هەیە لەگەڵ لیژنەی شئونی شیمال وەرەقەیەکی دایەدەستم وتی ئەمە چاپبکەن و بیکە بە وەرقەی موناقەشەی کۆبوونەوەکە.... رۆژی کۆبوونەوە هات بارەگای تەها یاسین قەڵایەکی بینا سەرسورهێنەر " وەك لەبیرم بێ ئەوە کۆبوونەوی پێنجەم بوو لەوی ئەنجامی بدەین و لەم کۆبوونەوەیەدابوو ئەو قسەی سەیروو گرنگی کرد " لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی شئونی شیمال بێجگە لە ئەندامانی لیژنەی ئیعلامی کوردی : وەزیری بەرگری و وەزیری دەوڵەت بۆکاروباری عەسکەری و وەزیر ئیعلام و وەزیری رۆشنبیری و هەردوو سەرۆکی ئەنجومەنەکانی تەشریعی و تەنفیزی حوکمی زاتی و سەرۆکی ئەرکانی سوپاو مدیری ئەمنی عام و مدیر عامی جیهازی موخابەرات ئامادە ئەبوون " لەوکۆبوونەوەیەدابوو بە دەم باسکردنی بریاری لیژنە تەنسیقیەکانی نێوان وەزارەتەکانی مەرکەزوو وەزارەتەکانی هەرێمدابوو مەسەلەی بریارەکەی سەرۆکایەتی بە کشانەوەی دام ودەزگاکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان وروژا کە بە قسەکەی تەها جەزراویدا دەرکەوت کە هەتائەویش کە نزیکترین کەسبوولێی ئاگای لێ نەبووە " چونکە ئەو وتی ( من هەرکە بریارەکەم بیست زۆرم پێناخۆشبوو تا رادەی ئەوەی بە سەراحەت پێتان ئەڵێم گریام ...! هەستام و دوای روخسەت چوم بۆلای سەرۆك ...تکام لێکرد لەوبریارە پەشێمان ببێتەوە و پیم وت ئێمە بەم بریارە دەرگای ئنفیساڵ ولەدەستچونی شیمال ئەکەینەوە...!! سەرۆك زۆر دڵخۆشی دامەوەو وتی لە شعورت ئەگەم و بەزیرەکی و دووربینی خۆی قەناعەتی پێهینام کە بریارێکی ئاقلانەی داوە کە پێی وتم :خەڵکی کوردستان بوون بەبار بەسەرمانەوە بەڵام لە نیهایەتا لەدەستمان ناچن ..چ زەرەرێ ئەکەین لە کشانەوەیە لەم زروفەدا ؟ هیچ...ئەی چ قازانجێکی ئانی ئەکەین ؟ زۆر...وەك لەم رۆژگاری بەرەنگارییەماندا هاوڵاتی کورد ئامادەنییە خزمەتی عەسکەری بکات " راویان ئەنێی وبەزۆرپێیان ئەکەی زەرەری ماددی ومەعنەوی زیاترە " لەم زروفی حەصارەی لەسەرمانە

پارەیەکی زۆر بۆ ئەفواجەکانی دبفاعی وەتەنی خەرج ئەکەین هیچ نەبێ لەم زروفەدامن بەزیادی ئەزانم ) من وەك کوردێك لەوکۆبوونەوەیە لەروانینی رۆژنامەنووسیەوە وەك پیشەی گەران بەدوای هەواڵ ومەعلوماتدا لە هەموویان زیاتر گوی بیستی حیکایەتکەبووم " لەوقسانەی صدام حسین کە جەزراوی ئەیگێرایەوە تا ئەوەی لەناو کەوانەکەدایە بەلامەوە ئاسایی بوو بەڵکو وەك ئینتمای نەتەوەیی لەناخما پێشم خۆشبووکە مەسەلەکە خەریکە بگاتەئەوەی وازمان لێ بێنن " بەڵام زۆر بە قسەکانی دوای ئەوبرگەیە خەفەتباری گرتمی بەتایبەتی چونکە بەداخەوە ئەوەی چاوەڕێی کردبوو روویدا " جەزراوی لەسەر گێرانەوەی قسەکانی سەرۆك بەردەوام بوو .وتی : (سەرۆك لێی پرسیم تۆ تا ماوەی چەند چاوەڕێی درێژەی جەبهەی یەکیتی و پارتی ئەکەی...؟ –صدام ناوی رابەرەکانی وتبوو نەك حیزبەکان – هەرخۆشی وەڵامی دابووەوە : ئەوەندە ناخایەنێ خەڵك چاوەڕێی ئەکات – لێرەدا ئەکید دڵی جەزراوی هەر زۆر خۆشکردبوو کە وتبووی– :ئەوساتۆ لەجیاتی خەفەت سەیربکەو دڵخۆشبە کە ئێمە پەیوەندیمان بەوەوە نییەو زیانیشمان نییە ) جەزراوی لەکۆتاییدا بۆبەڵگەی دووربینی صدام وتی ( سەرۆك لە دواییدا وتی : بە پێی تەبیعەتی پەیوەندی بەغدای حوکم و کوردستان دابچران مەحاڵە لەبەر ئەوە لەگەڵ رۆژگاردا بەکەمترین زیان هەموو پەیوەندییەکان ئەگەرێنەوە دۆخی جاران ) و لێرەدا مەبەستی باسەکەی کۆبوونەوەکەبوو: کردنەوەی دەرگای پێکهێنانی لیژنەکانی تەنسیق لەنێوان وەزارەتەکانی مەرکەزو هەرێمدا .

## کەفالەتی برهان قانع و بەرەڵاکردنی محمد موکری..!

ناسیاوی ودۆستایەتیم لەگەڵ رەحمەتی برهان قانع (1) ئەگەرێتەوەبۆ شەستەکانی سەدەی پێشوکە هەردووکمان لەرادیوێی کوردی کارمان ئەکردو نزیکەی ساڵێ لەو وەختەدا لە گەرەکی فەزل لەبەغدا ئەوو ئەسود هەڵکەوت کە ئەویش موزیع بولە رادیوێی کوردی و من ژورێکمان بەیەکەوەبەکرێ گرتبوو " دوایی لە دەزگای رۆشنبیریی کوردی دووبارە یەکمان گرتەوە " ماوەیەکی زۆر ئەرکی رەحمەتی بەدوادا چون و سەرپەرشتی کاروباری هاوکاری بوو لە چاپخانەی دار الحریە لە سەرەتای هەشتاکاندابوو لەسەر مەسەلەی ئیش ساردیەك کەوتە بەینمانەوە من ئەمویست بێتەوەدائیرەو سەرپەرشتی چەندلاپەرەیەکی رۆژنامەکە بکات ئەو کاری بەینی دائیرەو چاپخانەی لاباشتربوو تا کیشەکە گەیشت بە لەیەك زویر بوون و خۆیی نەقل کرد بۆ گۆڤاری بەیان بە هەمان ئەرك " ئەم مەسەلەیە گەیاندینی بەوەی بەیەکەوە قسە نەکەین ...رۆژان هاتن و چون وەك بیرم مابێ بە دوویان سێ مانگ دوای ئەم رووداوە ئەمنی بەغدا برهانیان گرت " نزیکەی مانگێ لایان مایەوە " ئەوسا دەزگای رۆشنبیری و رۆژنامەی هاوکاری لە ساحەی ( خلانی) بوو " ئێوارانیش دەوامان ئەکرد " زۆر جار کە ئەهاتین بۆ دەوامی ئێواران و ئیمزای دەفتەری دەوامان ئەکرد لە ئیستعلامات وچانێ دائەنیشتین لای ئەو برادەرەی ئەو ئێوارەیە خەفەری (دفاع مدنی) بوایە " لە دانیشتنێکی وادابووین برهانی رەحمەتی لەگەڵ جرتە بۆزێکی ئەمن خۆیانکرد بە ئیستعلاماتدا " بێجگە لەمن کە لەو کاتەدا خەریکی ئیمزای دەفتەرەکەبووم ئەوانەی لەبیرم مابن لەوێ بوون : شاعیر عبدالرزاق بیمار کە هەفتانەی دوو سێ رۆژ ئەهاتە دەوام لای ئێمە ونوری حیران نووسەر لە هاوکاری و غازی تەلوبی وێنەگر لە هاوکاری و غازی سعداللە نەخشەکیش لە گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ " برهان وەرەقەیەکی بەدەستەوەبوو " یەکەیەکە (من نەبێ بەوناوەوەی لەیەك عاجزین) بەهەموویانا گەراو لێیان پارایەوە بۆی ئیمزا بکەن وەك کەفیل بۆبەرەڵاکردنی " هەریەکەو بیانوویەکی هێنایەوە کە بۆی ناکرێ بچێتە ژێر ئەو بارەوە " کە بێ هیوابوو " کابرای جرتە بۆز وەرەقەکەی لە برهان وەرگرتەوەو پێی وت :یاللە کاکە مایفید خلی نرجع...!من یەکسەر وەرەقەکەم لە کابراوەرگرت ولێم پرسی لەکوی ئیمزای بکەم ؟ شوێنی ئیمزاکەی نیشاندام و ئیمزام کردوو ناو و ناونیشانی وەزیفی خۆم نووسی و دامەوەدەستی کابرا " ئەو برهانی بەجێ هێشت و "" برهان پەلاماری منی داو ئەملاو ئەولای

ماچ کردم و تەعلیقێکی برهان ئاسایی لە دانیشتوەکانداو .....دوای کەمتر لە هەفتەیەك هەڵات و رووی لە چیاکرد...بۆ مێژوو مصلح جلالی رەحمەتی و (خلف حديثي) کەدوایی بووبە مدیری ئەمنی سلێمانی منیان لە سزای کەفالەتەکەی رزگار کرد...

(1) **رەحمەتی برهان قانع یادگاری زۆری لا بەجیهێشتوم لەوانە :کە چوبۆ چیا دوای ئەو رووداوەی لەسەرەوە گێرامەوە ، زۆری پێنەچو جارێکی دی گەرایەوە ، ئەمجارە رووی لە گەرانەوەبۆ وەزیفە نەکرد ، بەسەردانێ هات بۆ بەغداو لە ئوتیل عبدالله لە شۆرێجە دابەزی ، تەلەفونی بۆکردم و چوم بۆلای ، زۆرنەبوو لە چیا هاتبووەوە ، وارێکەوت دوای گەرانەوەی ئەو بەماوەیەکی کەم مفاوەزاتی نێوان یەکیتی و حکومەت دەستی پێکرد ، کە لەئوتیل لای دانیشتبوم ، لەپر کابرایەك خۆی کرد بەژوراو هەرکە هاتە ژورەوە پەلاماری برهانی دا و باوەشی پیاکردو کەوتە ماچکردنی و ، یاخوابەخێربێیتەوەو چاومان روون و.....ئەو یەکسەر خۆی لەباوەشی کردەوەو پێی وت : من دڵنیام ئەونە منت خۆشناوێ وا گەرم و گور بەخێر هاتنەوەم بکەی ، بێشك تۆ بەهەڵەداچووی ، هاتنەوەی من بەر لە دەستپێکردنی مفاوەزات بوەو هیچم بۆتۆ پێناکرێ.....!**

**رووداوێکی دی :لە ساڵی 1973دا کە لەهاوکاری بووین خەڵك بێ ئومیدی لە ئەنجامی رێکەوتن نامەکەی 11ی ئازاری لا روون بوو ، ئێمە لەهاوکاری کە بەروانگەو نوێخوازی بانگکردن بۆ بە ئاشکراقسەکردن لەگەڵ خەڵکەوە خەریك بووین ، ئەم کاك برهانە ، گۆڤارێکی دەستخەتی دەر ئەکرد گوایە رێبازێکی تورەترو نوێتری لەروانگە خوازەکان پەیرەو ئەکات..غەریب ترین ناوی بۆ گۆڤارەکەی هەڵبژاردبوو کە (قێزەون) بوو**

**...! یەکەم ژمارەی لە 11ی ئازاری 1973دا دەرکرد ، سەروتاری گۆڤارەکەی بەبۆنەی یادی دەرچونی ئەو رێکەوتنەوەبوو چاك لەبیرمە تیایدا نووسیوبووی : ( حوکمی زاتی بەر هەرگەلێك بکەویٚ یانی ئەوگەلە خۆی حوکمی خۆی ئەکات تارادەیەکی زۆر چارەنووسی گەل و هەرێمە خاوەن حوکمی زاتییەکە بەدەست رۆڵەکانی ئەو هەرێمەوەئەبێت ، بەڵام لای ئێمە بە ناشکری نەبیٚ لەوەناچیٚ وابیٚ ، وابزانم حوکمە زاتیەکەی ئێمە لەگێرانەوەی پۆلیسە فەسڵ کراوەکان و ژمارەیەك خواپێداویلەوەزیفەی گەورە دەمچەورکراون و باوەرناکەم کە چوارساڵی موڵەتەکە تەواوئەبیٚ لەوەزیاترمان دەستبکەویٚ ...) لە لاپەرەیەکی دی ئەو گۆڤارە خەبەرێکی دروستکراویٚ بلاوکردبوەوە بەمجۆرە ( پێشنگایەکی کوردی لە ساحەی باب الشرقی لە بەغدا : وەزیرە کوردەکان لە حکومەتی عیراق لەیادی سیٚ ساڵەی 11ی ئازاردا پیشەنگایەك ئەکەنەوە تیایدا ئەو کارت و نووسراوانە پیشان ئەدەن کە بۆخەڵکیان نووسیوە بۆ رایکردنی کارەکانیان لای مەسئولەکانی حکومەتی بەغا و حکومەت هەرنەیشی خوێندونەتەوە )**

## بەرەلاکردنی موکری :

بەزمی بلاو بوونەوەی چیرۆکی (ئامێرد)ەکەی محمدموکریم لەلایەکی دی ئەم یادداشتانەدا گێرایەوە کە چۆن بە مەهزەلەی (زۆرباشەنییە...!) تەواوبوو " موکری " دوای ئەم رووداوە کەوتە گومانەوە لە وەزعی خۆی " هەرچەند مەسەلەکە بەکۆتایی دانرا " بۆیە جارێکی دی رووی لەچیاکردەوە " بەرلەوە نەك هەرپەیوەندی توندوتۆڵ لەبەینی من و موکریا نەبوو " بەڵکو بەر لە رۆشتنی بەهۆی (قسەگێرانەوەی) برایەکی کەم چیکلانەوە " ئەو پەیوەندییە ئەوندەی دی ساردوبوو " (بەڵام لەوماوەیەدا لە رۆژنامەی ئاسۆ بەیەکەوەکارمنکرد هەزۆر

پەیوندیمان توندو تۆڵ بوو )" بەهەرحاڵ موکری زۆریکی وا لە چیانەمایەوە " جاریکی دی و بەئارەزووئیختیاری هەمیشە یاخی بوی خۆی هاتەوەشار " دوای ئەم هاتنەوەیە زۆرنەمایەوە ئەمنی سلیمانی گرتیان " شەویك یەکیك لە برایانی نووسەرانی شار بەناوی هەموو نووسەرانی سلیمانیەوەکە زوربەیان براو دۆست بوون و هەندیکیان دۆستی تەواوو دیرین " تەلەفونی بۆکردم بۆ ماڵەوە و داوای لیکردم بچم بۆ شارو هەوڵ بدەم لەلای مدیری ئەمنی سلیمانی محمد موکری بەرەڵا بکریٚ " هەندیکیان کەوتنە هەڵدان بە موکریداو بەوناوەوەی نووسەریکی داهینەرو پیشرەوە و ناکریٚ لەم میحنەتە داکۆکی لینەکریٚ .....!!بیٚ سیٚ ودوو پیم وتن من بەیانی لە سلیمانیم " دوای ئەوان کاك فریا جاف مدیری مەکتەبی هاوکاری لە سلیمانی تەلەفونی بۆکردم وهانی دام بەدەنگ داوای ئەوبرادەرانەوە بچم " جاسەربگریٚ یان نە...گرنگ ئەوەیە تۆ ئەوەی بۆت ئەکریٚ بیکەی " هەر لەتاوتویی ئەم مەسەلەیەدا " هەردووکمان پرسیاریٚ بە خەیاڵمانا هات :تۆ بڵیی ئەم هاتنە دەستەی –نووسەرانی شار– بەجدی لەبەر خاتری خودی شەخسی موکری بیت وەك رۆشنبیریك لە میحنەتدایە..؟ " بەلای خۆمەوە قەناعەتم وابوو( تەنیا برادەریکی لیٚ دەرکە –برای چیرۆك نووس عبدالله ئاگرین–کە هەمیشە بە تاقیکردنەوە " هەردووکمان ئەمانزانی لە قەناعەتی هەست بە لیپرسینەوەی ئەخلاقی برادەرایەتی خەمخۆری هەر خاوەن قەڵەمیك بووەو تائیستاش " کە لیی بقەومایە " چونکە ئەمزانی موکری لەهەردوو لایەنی سیاسی و ئەدەبیشەوەلەگەڵ زوربەی هەرەزۆریان کۆك نییەو ئاگاداری ئەوەش بووم دۆستایەتی تایبەتیشی لەگەڵ زوربەیان کاڵ وکرچە " ئەی کەواتە بۆوابەگەرمی بەتەنگ مەسەلەی گرتنەکەیەوەن ؟ وەڵامەکە لام ئاسان بوو " ئەگەر موکری لەبەغداو لەسەر چیرۆکەکەی (ئامیردەکان) بگیرایەو هەموو نووسەرانی شار بیانزانیایە لەوانەیە سەری تیابچیٚ و بیانزانیایە من یان هەریەکیکی دی ئەکریٚ یاریدەی بات " وابەهەرەوەزی (یەك یان دووانیانی لیٚ دەرکە) هەوڵی رزگارکردنیان بەهەرەوەزی و کۆمەك نەئەدا..بەڵام گرتنی لەسلیمانی و دوای هاتنەوەی لە چیا " ئەوانی ترساندبوو ئیزدواجیەتەکەیان لەورۆژگارە سیاسیە ناسکەدا کە پییەکیان لەشار بەدڵی حکومەت هەنگاوی ئەناو پیکەی دیان " بەناوی خواستراو لە چیا ئەسورا" لەوگرتنەی موکریدا بکەویتە روو.. " چونکە بەهەرحاڵ موکری مرۆڤەو (ئەمنی رژیم درندەیە)کەبیەویٚ ئیعتراف بەکەسیٚ

بكات دەست ناپارێزێ و عەرەب وتەنی (ئەمە بەیتی قەصیدی) کۆمەکی جماعی بوو بۆ موکری " بەڵام بەلای منەوە لە ئەساسدا بەهەڵم زانی ناسیاویم لەگەڵ بەرێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بەلایەنی چاکەدا سوودی هەبێ و دووەم قەناعەتی ئەخلاقی ئەوەی موکری ئەهێنی و بەجدی وەك داهێنەرێك داکۆکی لێبکرێ " بۆ بەیانی چوم بۆدائیرەو ئیجازەم وەرگرت و لەدائیرەوە بۆ گەراج و بەرەو سلێمانی" بە گەیشتنم تەلەفونم بۆ ( خلف حديثي) کردو پێم وت من لەسلێمانیم و بەکارێکی زەروور هاتووم ئەمەوێ بتبینم " بێ سێ ودوو وتی سەعات شەشی ئێوارە چاوەرێت ئەکەم " دوای ئەوە تەلەفونم بۆ هەندێ برادەرانی سلێمانی کرد (ئەدیب و نووسەران) و پێم وتن من لەشارم و لەگەڵیان رێکەوتم " دوای بینینی مدیری ئەمن لە یانەی موهەندیسین یەکتر ببینین ...

وە سەعات شەشی تەواو من لەژورەکەی خلف دانیشتبووم " دوای سڵاوو چاك وچۆنی "پێم وت :

- محمد موکریتان گرتوە ؟
- ئاە....پێم وت :
- (ئەوەی من ئەیزانم محمد موکری خۆی و بەئیرادەی خۆی هاتۆتەوە ناوشار وبەلاتەوە سەیرنەبێ من لەبەغداوەو تایبەت بۆئەوەهاتوم تکات لێ بکەم یاریدەی بدەی بەسەلامەتی لێرە دەرچی " محمد موکری مرۆڤێکی بێمزەرەتە " هەرچەنە وەك نووسەرو خاوەن قەڵەم یاخی یە لەهەموو چوارچێوەیەك و ئەو ئەگەر چوراچێوەی رەسمی دەوڵەتی بەدڵ نەبێ " گەرانەوەی لە چیا بەڵگەی ئەوەیە چوارچێوەی ئەوێشی بەدڵ نییە " خاڵ زۆرن لەسوودی ئەوەن دەست لەم نووسەرەنەدرێ " بۆنموونە ئەگەر چوارچێوەیەکی دیاری کراوی هەڵبژاردایەو مامەخەمەیی بکردایە لە چیا " چیای ئەکرد بەدەروازەی هەڵبژاردنی دەرەوەو لەوێوە پاڵی ئەدایەوەو بەخەلکی بەسەزمانی کوردستانی ئەفرۆشت و لێشیان ئەکری " کەچی ئەو هاتەوە سلێمانی ) ئەو وتی : دیارە زۆر خۆشت ئەوێ و زۆر برادەرتەو من نەمزانیوە ؟ پێم وت : (باوەرئەکەی پەیوەندی برادەرایەتیم لەگەڵیا زۆر قوڵ نییە ؟) ئەوبەلایەوەسەیربوو " لەسەری رۆشتم و وتم (بەڵام بەوردی بەرهەمەکانی

ئەخوێنمەوەو وەك نووسەر خۆشم ئەوی و هەستەکەم لە میحنەتەیدا ناسینی تۆ هەلبێ داوای یاریدەی بۆ بکەم ...)....ئەوانەی لەناو کەوانەکاندا نووسراون " بەئەمانەتەوە گێرانەوەی خوابیکا راستگۆیانەیە " ئەوەندەی بیرتیژی یاریدەی دابم دوورلە هەڵبەستن لێی کەم کراوەتەوە زیادی نەخراوەتە سەر " دەقی ئەو قسانەن بە مدیری ئەمنم وت " بە ئەمانەتیشەوە ئەو دوای هەندێ بیروراگۆرینەوەی دی " لەپر وتی :بەڵام وابزانم موکری مەعلوماتی هەڵسوکەوتی رۆشنبیرەکانی شاری لەگەڵ چیا لەلایە...؟ منیش بێ سێ ودوو پرسیم : ( جا موکری بۆ ئەکەن بە قوربانی .. لە دووفاقەکانی جێ متمانەتان کەم نین تیانایە لە ساڵی 75وە تقریری تعریفی هەموو نووسەرانی شاری داوەتە دەستان و خۆت ئەمەت بەمن وت )دایە قاقای پێکەنین و هیچ تەعلیقی لەسەر قسەکەم نەدا " دوای تۆزێ کەوتمەوەقسە :
( أستاد أبوزید من تۆم بۆیە خۆش ئەوێ واتیتگەیشتوم حەزناکەی لە تەنگ هەڵچنین و سەغڵەتکردن بەرۆشنبیرانی کورد کە لەشارەکان ماونەتەوە و لەباوەرەدام سلێمانی بارودۆخی ئەوە هەڵناگرێ ریگە بەی بە سەغڵەتکردنی کۆروکۆمەڵ وکەسانی رووناکبیر) ئەو دوای وچان و پیش خواردنەوەیەك یەکەوراست وتی :بەڵینت ئەدەمێ موکری بەرەڵا ئەکەین " بەڵام چەند رۆژێ سەبرم لێ بکە ...! دوای ئەمە هەستام برۆم زۆری لێکردم شەو لەلای بم " بەڵام داوای لێبوردنم لێکردو لای ئەو دەرچوم یەکەوراست بەرەو یانەی موهەندسین ...چووم مێزێکی درێژی پر لە ( مالذة وطاب) وکورسی من لەسەرەوەی مێزەکە چۆڵ بوو " بەڵام من چومەلای برایان عبدالله ئاگرین و فریا جافەوە دانیشتم " برایانی ئەدیبانی سلێمانی (کە ئیستا هەندێکیان بەقەڵەم و کەشخەو پۆزی موبارەك !! ئەرز ئەدرن و ناوو ناونیشانی –وەتەنی بەم ئەدەن ولەوی دی ئەسننەوە–) شك لەوەناکەم ئیستا یەتەوەبیریان کامیان لەسەر ئەومێزە هەموو دەمارەکانی ئەعصابیان گرژ بوبووەو خواخوای ئەوەی بو من چرکەیەك زوتر بێمە قسە...دوای سلاو یەکەیەك لەدانیشتوان دەقی ئەو قسانەی لەکەوانەکانی سەرەوەدا گێرامنەوە " بۆ ئەوانیشم گێرایەوە بەلام بەرلەوە وتم :

( شكم لەوەنییە کەستان نابێ  چاوەڕێی ئەوەتان کردبێ کە کاك موکریم لەگەڵ خۆم بهێنایە بەڵام بەسیقەوە پێتان ئەڵێم وەعدی ئەکیدی بەرەڵاکردنی وبەسەلامەتی پێدام لەبەر ئەوە حەزئەکەم زۆرخۆتان سەغڵەت مەکەن گرتنەکەی ئەوندە مەترسی دارنییە بەڵگەشم ئەو وەعدە ئەکیدەیە کەدای بۆ بەرەڵاکردنی ) بەهەرحاڵ من بەیانی گەرامەوەبۆبەغدا " وابزانم هەفتەیەك رۆژێ زیاد یان کەمتر مدیری ئەمنی سلێمانی تەلەفۆنی بۆکردم و دەقاودەق وتی : وەرە محمد موکری لەگەڵ خۆت ببەرەوە بۆماڵەوە یان....!!برادەرم کاك عبدالوهاب تاڵەبانی لام دانیشتبو " شوکر ماوەو بێوەیی بێ " ئیقناعم کرد کە ئەمە هەلە و هەم زیارەو هەم تیجارە بە ئوتومبیلەکەی ئەو برۆین بۆ سلێمانی " خواهەڵناگرێ رازی بوو " لای نیوەرۆ گەیشتینە سلێمانی " یەکەوراست بۆلای مدیری ئەمن " چایەکمان لای خواردەوە " زەنگێکی لێدا کابرایەك هاتە ژورەوە " پێیوت : بیهێنە...! زۆری نەبرد موکری هاتە ژورەوە " مدیری ئەمن دەقاودەق پێی وت: ئەمەدووەم جارە استاد عبدالله لەبەغداوە لەبەرتۆ یەتەلام

ڕەنگە تۆ هەمووشتت بەخەیاڵا هاتبی ئەمەیان نەبێ " لەبەرخاتری ئەم پیاوە ئیستا لەگەڵیا ئەرۆیتەوە بۆ ماڵەوە...وە وابوو " لەدائیرەی ئەمنەوە موکریمان گەیاندە ماڵەوە ئازادو بێوەیی . ئەبێ ئەوە بۆ میژوولە بیر نەکەم کە موکری هاتەوە ناو شار زوربەی هەرە زۆری ئەدیب و نووسەرەکان خۆیان لێ ئەدزیەوە تەنیا برای رووناك بیر عبدالله ئاگرین بەگەرمی پێشوازی لێکربوو.. ئێمەش .دوای ئەوەی ئیمتیازی دەرکردنی رۆژنامەی (ئاسۆ) مان وەرگرت موکری لەسەربریاری دەستەی نووسەران هاتە بەغداو لە رۆژنامەکە بوبە بەرپرسیاری بەشی رۆشنبیری و لەوساڵەی دەرچوونی ئاسۆدا پەیوەندیمان زۆر پتەو بوو شەونەبوو تا درەنگێ بەیەکەوە دانەنیشین

## <u>زانیارییەك وەڵامی زۆرپرسیار ئەداتەوە</u>

پرسیاری چۆنییەتی گەیشتنی پەیوەندی ( خلف الحديثي) ومن بەرادەیەك لە سنووری رەسمیی یان بیرورای تایبەتی سیاسی هەرکەسەمان رەت بێ و ئەو پەیوەندییە بگاتە رادەیەکی ئەوتۆ جێی باوەر نوسەرێکی وەك محمد موکری لەسەرداواو یا بە کەفالەتی من لەورۆژگارەدا لە بەندیخانە بەرەلاّ بکات " بە پرسیارێ دانانیّم سەغلّتم بکات " هەولّ ئەدەم بە ئەمانەتەوە باسی بکەم و ئەگەر ئەم یادداشتانە کەوتنە بەردەست وبلاّو بووەوە "
لە شایەتێکی زیاتر زیندو ماون وەرچەرخانە گرنگ و راستییەکانی ئەزانن " ئەگەر رۆژێك هاتوو کەسێك لێی پرسین و راستی قسەکانی منیان سەلماند مالّئاوابن ..ئەگەرنە...خۆیان و ئەو ویژدانەی ئەیانجولّێنێ ...! بەهەرحالّ کە ئازاری 1975 هەموو لەژێر عینوانی (گەرانەوە بۆ ریزی نیشتمانی.....!!) بە ئاغاو مسکینەوە لە چیا هاتنە خوارەوەو ئەو روداوە ناونرا (هەرەس...) بەندە وەك هەموو کارگێرەکانی دەولّەت گەرامەوە سەر وەزیفەکەی خۆم لە رۆژنامەی (هاوکاری) و وەك نووسەرو سەربەست بامەرنی وەك سکرتێی نووسین " و زۆری نەبرد راپۆرت نووسین سەربەستی بە نەقلّکردندا بەرەو (عەفەچ...!!) لە باشوری عیراق " لە جیاتی ئەو لەسەر داوای کاك محمد أمين أحمد کەتازەبووبوو بە پارێزەری سلێمانی وبەرلەوە سەرپەرشتکاری گشتی هاوکاری بوو " موافەقەتی وەزارەت وەرگیراو من چومە شۆێنەکەی و کرام بە سکرتێری نووسین و بەردەوام بووم تاهاتنی عوسمان فائق و لە شوێنێکی دی ئەم یادداشتە باسم کرد " زۆری نەبرد زانیم کە شوعبەی سێی ئەمنی عامە ئەفسەرێکی دیاریکردووە کاری بەسەرکردنەوەی دەزگاکانی رۆشنبیریی کوردییە لە بەغدا ...ئەوەبوو دوای هەرەسەکە درمی راپۆرت نووسین لەناو ( کۆمەلّی دلّشکاوو ورە لەرزیوی کوردانا) سەری هەلّدا " ئەوەی لە (هاوکاری) بلاّو ئەکرایەوە "یان لە بەیان و لە رۆشنبیریی نوێ کە هەر لە بەغدا دەرئەچون سەرچاوەی تقریر نووسە نەخۆش و بودەلّەکانی خۆهەلّواسیوو بە ناو وناونیشانی رۆشنبیریدا... لەوسەردەمە و زووربەی رۆشنبیران لەوانەیە لەبیریان بێ چۆن بلاّوکردنەوەی تابلۆیەکی شێوەکاریی هونەرمەندێك کە وینەی ئافرەتێکی کوردە بێشکەیەکی بەشانەوەو منالّێ لە باوشیا کورد پەروەرێکی ئەوزەمانە بۆ جێ لێژکردن بە حسین عارف کە لە چیا گەرابوەوە و دکتۆر ئیحسان فۆاد کردی بە سکرتێری نووسینی

گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ تقریری لـەسەر ئەوژمارەیە نووسی بۆ ئەمن " لـە ئەمنەوە بۆ وەزارەت ئەڵێ ( بڵاوکردنەوەی ئەم تابلۆیە نارەزاییە بەرامبەر تەهجیری عائدەکان بۆ ریزی نیشتمانی ) و بەری تقریرەکە لابردنی دکتۆر ئیحسانی رەحمەتی بوو لـە مدیر عامی و سەرنووسەریی گۆڤارەکە ...

لـە سایی ئەم وەزعەدا کە تقریر لـەسەر هاوکاری ئەنووسرا " بەرێوەبەری گشتی و سەرنووسەر ( کە تا هاتنی اسماعیل رەسوڵ زوربەیان ناشارەزابوون لـە زمان و ئەدەبی کوردی ) بۆیە بۆ لـێپرسینەوەلـە هەر تقریرێ لـەسەر هاوکاری ئەنوسراو ئەفسەری بەرپرسیارو بەدواچونی تقریرەکە " کە ئەهاتن بۆ دائیرە ئەوان ئەیانکردە سەرمن بەوناوەی سکرتێری نووسینم و لای من روونکردنەوی چۆنیەتی بڵاو بوونەوەیان دەستکەوێ " جا بەکورتی لـە کۆتایی حەفتاکانا ئەو (خلف الحديثى) یە " ئەوئەفسەرەبوو کە یەکەمجار هاتەلام بۆ تەحقیق لـەسەر تقریرێك هەرزۆر قێزەون و بێ مانا " کە دوایی زانرا یەکێ لـە کۆلکە خوێنەوارەکانی رادیوێی کوردی لـە بەغدا نووسیبووی " پیلانێکی گەورەی کەشف کرد بۆ ئەمن کە ئەوەیە (هاوکاری وتارێکی لـەسەر مقام و لاوکی کوردی بڵاو کردۆتەوە و ناوی چەندان لاوك بێژو مقام بێژی کوردی تیایە " یەکێ لـەو لاوك بێژانە خەڵکی دهوکەو پێشمەرگەی قیادەی موقەتەیە....) ئاوا لـەتقریرەکەدا هاتوە....!!بۆ قسەکردن لـەسەر ئەو زانیارە گرنگەی لـە تقریرەکەدایە خلف یۆیەکەمجار هاتە لام و ناسیم " هەرکە دانیشت هەردووکمان یەکمان ناسیەوە کە ئەوبوو کە گیرام لـە ئەمن لـەسەر مەسەلـەی کوشتنی عوسمان فائق تەحقیقی لـەگەڵ کردم ...! " کە هەستی کرد من وەك رۆژنامەنووسێکی شارەزا لـە فێکی ئەو تقرير نووسە هەلـبازانە ئەزانم ئەتوانم بۆی بسەلمێنم کە ئەو تقریر نووسە نەفامانە ئەوان و دائیرەکەیان بەشتی بێ ماناوە خەریك ئەکەن " دەربارەی ئەو تقریرەی ئەو بۆسۆراغی چۆن بڵاوبوونەوەی هاتبوو پێم وت :ناوی ئەو هونەرمەندەی لـەومقالـە یەدا هاتووە باوەرناکەم سەرنجی دوولـەسەدی خوێنەوارانی هاوکاری راکێشابێ " دوای ئەوە پێشنیارێکی سەیرم بۆکرد : بۆ بەو خاوەن تقریرە نالـێن ناوی هەموو پێشمەرگەکانمان لادانێ تا لـەهەر وتارێکا ناویان هات لایبەین ...!کابرا دایە قاقای پێکەنین و وتی :وأللە

خوش مقترح احناهم نرتاح....!! بەهەرحاڵ زۆر پێوەی دیاربوو بەگشتی  باری سەرنجەکانمی دەربارەی ئەم دیاردەی تقرير نووسینەی بەدڵ بوو" بۆیە وتی :لەمەودوا ئەم وردە شتانە بەکەو راست بەتەلەفون لەگەڵ تۆ ئەبرێنمەوە " ئیتر پەیوەندیمان لە سنووری رەسمیاتەوە پەریەوەبۆ سنووری برادەرایەتی ئینسانی " ئەولەگەڵ وەزیفەکەی ئێواران لە بەشی ئیعلامی زانکۆی بەغدا ئەیخوێند کە هێشتا نەکرابوو بە کولیيە " شەوێکیان تەلەفونی بۆکردم لێی پرسیم ئەتوانیٚ سەردانی ماڵەوەم بکات لەبەر پێویستی بە چەند پرسیارێکی ئیعلامی بۆ خوێندن پێویستیەتی ؟ فەرمووم لێکرد دوای ئەوەی ناونیشانی ماڵەکەمم پێوت " پێکەنی و وتی ئەزانم ماڵتان لە کوێیە...!کەهات چەند مەلزمەیەکی دەرسی رۆژنامەنووسیی پێبو وتی سبەی ئیمتحانمانە و لە هەندیٚ لە م باسانە حاڵی نابم " حەزئەکەم بۆم شەرح بکەی " ئەوباسانەی لە مەلزەمەکاناهەبوون دەربارەی دەرهێنانی رۆژنامەو نووسینی تحقيقاتی رۆژنامەنووسی و ئەرکی نووسەرو سکرتیری نووسین و ....هتد بوون کە سەرەرای شارەزایی پیشەیم لە هەندێکیان لە چەندان دەورەی رۆژنامەنووسیدا کە نەقابەی رۆژنامەنووسین بۆی سازئەکردین شارەزایی باشم هەیە " ورد زوربەی باسەکانم بۆ شیکردەوە تاکاتێکی درەنگی شەو " دوای ئەوەبە دوو رۆژ نیوەرۆیەك هاتەلام لە هاوکاری و وتی : ئەم نیوەرۆیە دەعوەتی منی " لێم پرسی : موناسەبەت چییە ؟ وتی:  ئەورۆژەی ئیمتیحانمان هەبوو دووپرسیار سەبارەت ئەوباسانەبوو تۆ بۆت شیکردمەوە " وەڵامێکی باشم داوەتەوە ..ئەوە موناسەبەکەیە " ئەم هەڵسان و دانیشتنەمان بەیەکەوە کردینی بەدووبرادەری زۆر لێك نزيك و وابزانم کەس رووداني شتی وا بە مەحاڵ نازانیٚ...!!لەزوربەی دانیشتنی تايبەتيمانا  هەر زۆر بە دەگمەن بەلای سیاسەتا ئەچووین  " بۆیە هەندیٚ جار کە بەرۆژا بۆکارە رەسمیەکان ئەهات یان تەلەفونی بۆ ئەکردم  " بیٚ سڵکردنەوە پێم ئەوت : کە قسە ئەکەی لە ئەبوزەیدەکەی دوێنێی نادی ناکەی...!هەرلەو ماوەیەدا ئەو" کاك عبدالوهابی برادەرمی لە رێگەی (محسن خليل) ی مدیرئەمنی (ناوچەی حوکمی زاتی)یەوە ناسی " زۆرجار کە سیٚ قوڵی دائەنیشتین وقسەمان دەربارەی وەزعی سیاسی و پێویستی سەغڵەت نەکردنی رووناکبیرو نووسەرانی کورد ئەکرد لە هەندیٚ روانینیا لە پیاوەکانی ئەمنی رژێمی

نەئەکرد بۆیە هەردووکمان پێمان ئەوت خۆزگە نەقڵی یەکی لەشارەکانی کوردستان ئەبووی...تا رۆژێ تەلەفونی بۆکردم : وا ائەچم بۆ دهوك...زۆری نەبرد لەوێشەوە گواسترایەوەبۆ سلێمانی.

## ئیبراهیم ئەحمەد

سێ جار بۆم هەڵکەوت لەنزیکەوە مامۆستای کۆچکردو ئیبراهیم ئەحمەد ببینم دووجاریان لە بەغدا کە بینینەکان لە سلاَو لێکردن تێنەپەرین و جاری سێیەم دانیشتن و گوێ لێگرتنی بۆ ماوەی زیاتر لە سێ سەعات ، ئەویش لەساڵی 1974دا لە ژێر ئەو دەوارەگەورەیەدا کە تیایدا ئەژیا لە شیوێکی بەینی رایات و ئازادی دا لەسەر پێشنیاری شێرکۆ بێکەس ژمارەیەك لە ئەدیب و رۆشنبیرەکان کە لە چیابووین و زوربەمان لە بەشی راگەیاندنی شۆرش کارمان ئەکرد، چوینە سەردانی ، بە روانینی من هەربەر لەو دانیشتنە درێژە لەئەنجامی تاوتوێ خۆم بۆ شەخسیەتی مامۆستا وەك رۆشنبیریکی داهینەر زیاتر ئەهاتە بەرچاوم لەوەی وەك سیاسیەکی تەقلیدی و وام هەست ئەکرد رۆشنبیرێکی داهێنەرەو زروفی تێکۆشانی نەتەوەیی وایلێکرد سیاسەت راپێچی بکات و وام هەست ئەکرد ئەگەر ئەو لەسەردەمی ژیانیا سەردەمی چەوساندنەوەی نەتەوەکەی نەبوایە و بە پێچەوانەوە لە ژینگەی ئازادییا بووایەو موخەیەربوایە

لە نێوان هەڵبژاردنی ناوبانگی رۆشنبیرێکی دا هێنەرو سیاسیەکی بەکار ، یەکەمی هەڵئەبژارد ، لەبەرئەوە بەدرێژایی ئەودانیشتنە من تەرکیزم کردبووە سەر ئوسلوبی قسەکردنەکەی کە راستی بۆچوونەکەمی ئەسەلماندو هەستی تەواوی من وابوو گوێ لە داهێنەرێ ئەگرم چیرۆکی رووداوە سیاسیەکانمان لەبەرگێکی داهێنەرانەدا بۆئەگێرێتەوە ئەو تەوەتراتەی لە بزواندنی دەست و ئوسلوبی قسەکانیا دەرئەکەوت تەوەتری تێوەگلانی رۆشنبیرێکی داهێنەربوو لە سیاسەت ، مرۆڤی ژیر بەوردی ئەم دیاردەی لەروویدا ئەخوێندەوە کە سەرەرای بەسەربردنی سالأنێکی دوورو درێژ لەکاری سیاسیداو لەمەوقعی رابەریدا ، هێشتا زاڵ بەسەر ئیرادەیدا رۆحی نووسەرێکی داهێنەربوو نەك سیاسیەکی تەقلیدی , ئەمەباری سەرنجی شەخسییەو بەدەرەلە نیازی دی. بێبینەوە سەردانیشنەکەمان لەگەڵیا .باسێکی بۆگێراینەوە کە ئەهێنێ تۆماربکرێ وتی:ساڵی 1969بوو هێشتا عبداللە سلوم السامرائی وەزیری ئیعلام بوو بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم و وتی :ئەم ئێوارەیە دەعوەتی باڵوێزی یەکێتی سۆڤییەتم کردوە حەزئەکەم تۆش ئامادەبی.من ئەمزانی لەبەر ئەوبایەخەی ئێمە ئەوسا لەناوحزبدا بەسیاسەتی ماوتسی تۆنگمان ئەدا سۆڤییەت خۆشی بەئێمەنایەت لەبەرئەوەپێم وت نایەم چونکە میوانێکی قورس ئەبم لەبەرچاوی. سامرائی وتی تۆ میوانی منی وبەلاشمەوەگرنگە لەوێ بی بەهەرحاڵ چوم .باسی مەسەلەی کورد سەرەکی بوو لەدانیشتنەکەدا باڵوێزی سۆڤییەت رای وابوو عیراق ئارام بەخۆیەوە نابینێ تا چەکداری کورد بە چیاوەبێ و مەسەلەی کورد چارەسەرنەکات و وەڵامی مافی رەوای کورد نەداتەوە بەحوکمی زاتیەوە بۆکوردستان بەوە دیاردەی بەرەنگاری چەکداری دوایی دێ ئەوەش لەرێی بەدەنگەوەچونی سەرکردایەتی شۆرشی کوردەوەئەبێ کە مەلامستەفا رابەری ئەکات. بەڵام سامرائی واوەڵامی دایەوەکە ئەوسەرکردایەتییە گومانلێکراوەو کۆنەپەرست ودەرەبەگی لەدەورکۆبۆتەوە . دەستێکی بۆمن کێشاو وتی ئیستا لایەنی پێشکەوتخوازو سەربەئیرادەی نیشتمانیی کورد هەیە رابەری رەوتی خواستی کورد ئەکات . باڵوێزی سۆڤییەت قسەکەی پێبری ووتی :دەی مادەم وایە حوکمی زاتی بۆنادەن بەکورد بەهاریکاری ئەوان ؟ سامرائی سەیرێکی کردم و وتی : هاماموستا ؟ من وتم وەڵامی پرسیارەکەی میوانەکەت بەرەوە.....

## مەلا عبداللّە اسماعیل
## حیكایەتەكەی دەربارەی ئافاتی دووبەرەكی

مەلا عبدالله اسماعیل ناسراو بە ( مەلا ماتۆر ) لە ریزی تێكۆشانی جەماوەریی خەڵكی كوردستاندا بۆ بلاّو كردنەوەی باوەری كوردایەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەری (لەدەرەوەهێنراو ..!) كە ئەوسا بە فیكری شیوعیەكان ئەوتراو ئەو پیاوە رەحمەتیە لەخۆبوردوە وەك باسی ئەكەن بە ماتۆرەكەی بە گوندەكانی دەشتی هەولێرو زۆر شۆێنی كوردستاندا بەماتۆر ئەسورایەوە خەڵكی لادێی ئیقناع ئەكرد كە شیوعیەكان دەستخەرۆیان ئەكەن بەدروشمی بریقەداری لەدەرەوە هێنراوو بەدەستی خۆمان سەری خۆمان نەخورێنین كەس بەدەنگمانەوەنایەو.........هتد

ئەویشم لە كات و گەرمەی چالاكی پارتیدا (باڵی مەكتەبی سیاسی) لە بەغدا ناسی كە لەیەكەم بینینیا ئیعجابی خۆیی بە دەنگم دەربری كە لە رادیوێی كوردیی بەغدا ئیخبارو شیعر

ئەخوێنمەوە....وەك لە بەشی یەکەمی یادداشتەکانما (ئاوەها دەرگاکەم کردەوە –چاپی بەغدا–2000) گێراومەتەوە کە لە چیا هاتینە خوارەوەو گەراینەوە سەرکاری خۆمان لە رۆژنامەی (هاوکاری) سکرتێری نووسینی ئەوسا حمید عزیز هاتنەوەی ئێمەی بەزیانی خۆی زانی لەبەرئەوە بەردەوام بە راسپاردنمان بە جۆرە وەرگێرانیٚ لەو ساتەدا بۆ ئێمە وەك شەر پێفرۆشتن بوو . وەرمان بگێرایە لەناوخەڵکا ئەیوت : دوێنیٚ لە چیابوون و ئەمرۆ وتاری احمد حسن البکر ئەکەن بە کوردی . نەمان ئەکرد بەیاخی بوو لە رایکردنی ئەرکی وەزیفی تۆمەتباری ئەکردین . بەهەرحالٚ لەسەر ئەم ئەساسی سەغلەتکردنە موزەکەرەی رەسمی نووسی بۆ سەرنووسەرو بەرێوەبەری گشتی کە من وسەربەست بچین گفتوگۆی رۆژنامەنووسی لەگەلٚ بەرپرسیارە کوردەکان بۆیادی 11ی ئازار ، بێگومان ئێمە رەفزمانکرد بەلاٚم من بۆ مەلاعبداللە  کە یەکێك بوو لەوانەی ئەبوو گفتوگۆی لەگەڵبکەین چونکە ئەوسا وەزیری دەوڵەت بوو تەلەفونەکەیم لە رەحمەتی مامۆستا ئەحمەد عەفوور کە ئەوسا مدیری ئیدارەی دەزگای هاوکاری بوو وەرگرت و تەلەفۆنم بۆکرد مدیر مەکتەبەکەی جوابی دامەوە وتی تۆکێی وبۆچیتە وتم من فلاٚنم ئەمەویٚ گفتوگۆی لەگەڵبکەم لەسەر 11ی ئازار بۆ هاوکاری . وتی دوای سەعاتیٚ تەلەفون بکە تا مەوعدت بۆ وەر ئەگرم . دەدەقیقەی نەبرد ئەو تەلەفۆنی کردەوە و وتی جەنابی وەزیر ئەیەویٚ قسەت لەگەلٚ بکات . هەریەکسەر وتی : کورە ئەولاٚ ئەوە ئەتۆی ؟ وتم بەڵیٚ قوربان . وتی هەر ئێستا وەرە چاوەرێتم  دەموودەست  لە دائیرە دەرچوم و تەکسیەکم گرت و بەرەو وەزارەتی نەخشەکێشان کە مەکتەبی هەموو وەزیرەکانی دەوڵەت لەوبنایەدابوون چووم  . لە ئیستعلامات یەکسەر یەکیٚ هات لەگەڵم و لە قاتی سیٚ دابەزین لە رێرەوێکا ناوی هەموو وەزیرەکان لەسەر دەرگای مەکتەبەکانیان نوسرابوو مەکتەبی مەلا عبداللە بە تەنشت عامر عبداللەی وەزیری شیوعیەکان لەو حکومەتدا بوو ، کەچومەژورەوەو وتم فلاٚنم مدبر مەکتەبەکەی یەکسەر نەیهێشت دانیشم بۆ چاوەریٚ وتی فەرموو جەنابی وەزیر چاوەرێت ئەکات دەرگای ژوری وەزیری کردەوە یەکسەر هەستاو بەرەو رووم بەرۆحێکی ساکاری بێفیزانە باوەشی پیاکردم و ئەمەلاو ئەلای ماچ کردم و بەخێرهاتنی کردم ونەچووەوە جێگای خۆی لەگەڵما دانیشت و یەکەم قسەی ئەوەبو :جاریٚ واز لە یادی 11ی ئازار بێنە ئەریٚ ئەتۆ پێم نالێی کۆ چویتە سەریٚ ؟ کوت بەسەربرد؟ پێم

وت : یادی 11ی ئازار پردی هاتن بوو بۆلای تۆ نەلێت ئەپرسم نەباسی ئەکەین ، ئەما لە چیا  وەاللە قوربان هەتا بلێی مورتاح بووم و دووجاریش چووم بۆ جەبهەی شەر...! بەسەرسورماویەوە وتی : ئەتۆ شەرەتکرد لە جەبهەی ؟ وتم نە قوربان وەك ئیعلامی چووم بو تەسجیلی شەرەکە ...دایە قاقای پێکەنین و وتی : دوەاللە کاك ئەولاّ ئازابووی....پاڵێکی دایەوەو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی: وەلاّ کاکە ئەولاّ هەموو ئەوەی بەسەرمان دێت نەتیجەی دووبەرەکییە...دانیشتنەکەی راستکردەوەو رووی لیکردم و وتی گویّ لەم حیکایەتە بگرە . ئەگەر  باوەرت نەکرد کە چویتەوە دائیرەی لەو حمەی حاجی تایەرەی بپرسە و بلّیّ مەلا عبداللە وای دەڵی راستە یان درۆ...؟ و ئەم حیکایەتەی گێرایەوە کە بە ئەمانەتەوە و پوختەکەی ئەگێرمەوەو مەبەستم لە گێرانەوەی تەنیا تەسجیلی رووداوێکی گرنگە لە وەرچەرخانێکی کاریگەری ژیانی گەلەکەماندا مەلا عبداللە وتی : (لەوکۆبوونەوە تأریخیەی لە ماوەت بەستراو کارەساتی جیابوونەوەو کەرتبوونی شۆرشی کوردستانی بەسەرداهات . ئەوانەی باری سەرنجیان هەبوو دەربارەی هەڵسوکەوتی سەرۆك بارزانی (1–ئەو ناوەکانی وت 2– لە حیکایەتەکەی دا  ناوی سەرۆکی پارتی رەحمەتی– مستەفابارزانی– بە:سەرۆك بارزانی ئەهێنا)ئەویان وا پیشاندا کە مەترسی بۆسەر پاشەرۆژی کورد لە مەترسی ئەمەریکاو ئێران وتورکیازیاترە . لەبەرئەوە ئەبیّ لە شۆرشی بەدوورخەینەوە ئەم پێشنیارە کەوتەبەر باس و لێکۆڵینەوە . کە نۆرەقسە هاتە سەرمن رجامکرد کاریّ نەکریّ دووبەرەکی لەنێو شۆرشی کوردو گەلی کورد درووست ببیّ ئەم هەلی کۆبوونەوەو یەك ریزییەی کورد ئێستا لە ئارادایە ئەگەر کەرت بوو ئەگەر نەڵێم یەکگرتنەوەی نابیّ لەوانەیە مەحاڵبیّ یەك ریزی وامان بۆبرەخسێتەوە . بەلاّم کەس لێی نەبیستم تاگەیشیە ئەوەی من پێشنیارێکی سەیرمکرد هەربۆئەوەی رێگربم لە قەومانی دووبەرەکی لە ریزی شۆرشدا . پێشنیارەکەم ئەوەبوو : ئێوە مادەمێکی سەرۆك بارزانی بەختەرتر لە ئەمەریکاو تورك و ئێران ئەزانن بۆسەر کورد من لەو خەتەرە نەجاتان دەدەم و با ریزمان کەرت نەبیّ . سەیریان لیهات و وتیان چیە ؟ وتم دە پێشمەرگەی چالاك لەگەڵ خۆم ئەبەم و ئەچم لە تاریکە شەوێکا سەرۆك بارزانی ئەکوژم و ئەگەر بۆم کرا ئێوە بە شەهیدی دابنێن و وای رابگەنن نەیاران ئەم کارەیان کردووەو یەك ریزیتان پتەوکەن نەك کەرتی بکەن و لەوختەرەش نەجاتان بوە ئێوە باسی ئەکەن . ئەگەر

نەمتوانی و پێشمەرگەکانی سەرۆك بارزانی منیان دەردەستکرد ئێوە خۆتان مەکەن بەساحیبم و بەیانی خەتابارکردنی من دەرکەن و باجیانەبینەوە......!!ئەوانەی بەگەرمی سەرۆك بارزانیان بە خەتەری سەرەکی دائەنا هاتن بەگژماو وتیان ئێمە لەگەڵ پەنابردنە بەر ئیغتیالات نین لەناومانا سەرهەڵدا .سوێندم بۆخواردن کەمن لەوان زیاتر قینم لە سەرهەڵدانی ئیغتیالات ئەبێتەوە بەڵام ئێوە سەرۆکتان بەخەتەری گەورە نیشانەکردوە دەی ئەگەروایە لەناوبردنی خەتەرەکە پێویستە یان هەڵگیرساندنی ئاگری دووبەرەکی ؟ فائدەی نەبوو بریاری حیزبی بەدوور خستنەوەی سەرۆك بارزانی سەپاو من پێم وتن لەگەڵ ناقەناعەتم و هەستکردنم بەوەی کارێکی چاك نییە وەك هەڵویست لێتان جیانابمەوە ....و ئەوەی لێی ئەترسام تا ئیستا ئاسەواری رەنگ ئەداتەوە روویداو قەوما) ...وەك وتم ئەمە حیکایەتی رەحمەتی مەلا عبدالله اسماعیلە و کە لەلای هەستام و چومەوە بۆ دائیرە لەبەر ئەهمیەتی حیکایەتەکە چومەلای حمەی حاجی تایەر کە ئەوسا سەرنووسەری هاوکاری بوو بۆم باسکرد ئەو شایەتیدا کە راست ئەکات

## سەمای ژنان و هەڵوێستی پیاوان...!

- زیادەرۆیی نییە کە ئەڵێم لەوانەیە کەس نەبووبێ لە کارگێرانی کورد چ لە مەیدانی رۆشنبیری ورۆژنامەنووسیدا یان کارگێریی ئیداری لە بەغدا بەقەدەرمن ئەشکەنجەی چەشتبێ بەدەست (راپۆرت نووسەکانەوە) کە لەدەست هەندێکیان هەرئەتوانم ئەوەبڵێم کە قودرەتی خوا " پیاوچاك و بەویژدانێکی ئەناردە سەرخەت و کاریگەری راپۆرتەکانی پوچەڵ ئەکردەوە . بەتایبەتی کە دەرك بەوە ئەکرا هاتنەدەستی راپۆرت نووسەکان بێ ئەساسەو کینەو بوغز لە نووسینی راپۆرتەکان بە ئاشکرا دیاربوون کە لەگەڵ بێگەردی هەڵسوکەوتی پیشەیی من بەراورد ئەکران رۆژی 1999/7/5بوو " حمید سعید " وەکیلی ئەقدەمی وەزارەتی ئعلام بوو " ناردی بەدواماو بەیەکەوە چوینەلای وەزیر کە ئەوسا د. همام عبدالخالق بوو . بەتایبەت بانگی

کردبووم بۆ ئەوەی هەرسێکمان لەرێگایەك بگەرێین من لەم ئەشکەنجەی بەهۆی راپۆرت نوسەکانەوە ئەیکێشم نەجاتم ببێت کە خەریکە ئەگاتە ئەوەی ئەوانیشی تێوە بگلێن...!د. همام وتی :کاکە عبدالله سەیرکە ...وەلاَ ئەگەرمن و( ابو بادیە) نەبین (مەبەستی حمید سعیدبوو) هەندێ راپۆرت ئەتباتە سەر کورسی لەسێدارەدان بەتایبەتی ئەوراپۆرتە لەسەر دووجارچونت بۆ کەرکوك نووسراون (لەوزەمانە بریارێکی نهێنی لە مەکتەبی بەراز تەها جەزراوی یەوە دەوچووبوو کە قەدغەیە هیچ چالاکیەکی رۆشنبیریی کوردی لەشاری کەرکوك بکرێ ، ئێمە دەستەی نووسەرانی هاوکاری :برایان محمد زەهاوی و جوانەمەرگ فاروق علی عمر دووجار چوینەسەردانی نووسەرەکوردەکان کە تایبەت بۆهاوکاری ئەیانووسی و دیسان بۆ بەسەرکردنەوەی دابەشکردنی رۆژنامەکە کە لە کەرکووکەوە رەوانەی هەلێرو سلێمانی ئەکرا ، راپۆرت نووسەکان فریاکەوتن و نووسیان : کۆری شیعرو چیرۆکی کوردیمان سازکردوە) د.همام وتی گەیاندویانەبەوەی لەسەر ئێمەیان نووسیوە کە یاریدەت ئەدەین ، ئەوفایلەی لەبەردەمیابوو کردیەوەو ئەم دێرەی لێخوێندەوە (عبدالله عباس المدعوم من وزیر اعلام و وکیل الوزارە.......أالخ) خۆلاسە ئامۆژگاری ئەوەی کردم بچمە لای یەکێك لە کاربەدەستە کوردەکان کە یاریدەم بدەن لە رێگەگرتن یان لەراپۆرت نووسەکان یان ئاگادارکردنی خاوەن بریارەکانی ئاسایش کە ئەودەرگایە داخەن مادەم ئەوان گومانیان لەتۆنییە ، بۆچی نە...!، بەخۆمم وت، کەلای وەزیردەرچوم و گەرامەوە هاوکاری یەکسەر تەلەفۆنم کرد بۆ کاربەستێکی بەجدی پیاوچاك و هەستم ئەکرد شتێکی پێئەکرێ لە سوودی من ،پێم وت بۆکارێکی بەجدی گرنگ ئەمەوێ بە تەنیا ببینم ، چونکە چی ئەچووم بۆلای مەکتەبەکەی لە دیوەخانی ئەکرد جمەی ئەهات لە میوان ، خواهەڵناگرێ یەکسەر وتی بەیانی سەعات دە دەست بەتاڵ ئەبم بۆتۆو وەرە (داوای لیبوردن ئەکەم لە ناونەهێنانی چونکە من پێم وت : رۆژێ ئەم دانیشتنەم لەگەڵتا ئەنووسمەوە، ... بەمەرجێ ناوم نەبەی ، ئەو وتی :گرنگ دەرسە لەمانای مەوزوعەکە )...بۆسبەینێ چومەلای ، وەك بەڵێنی پێدام سکرتێرەکەی بانگکرد وپێی وت تا کاك عبدالله دەرئەچێ نەکەس یەت و نە تلفونم بۆ ئەنێری ، رووی لە من کردو وتی بلّێ ...“ وە وتم ...حەکەیاتی کۆبوونەوەکەی

دۆێنێم بۆ گێرایەوە، لە شۆێنەکەی هەستاو هاتەلامەوە ، بە دنگیّ وەك هەستی ئەوەی هەبیّ لەوانەیە کەسی دی هەبن لەژوورەکەو بەدەنگی ئاسایی ولە جێگاکەی خۆیەوە ئەیبیستن ، لێی پرسیم : تۆیەیت بۆ ئەو ئاهەنگانەی ئێمە بەموناسەبەتەکانەوە ئەیانگێرن ...وانییە ؟ وتم بەلّیّ...وتی سەرنجت داوە لەریزی ناوەراست کۆمەلّیّ ئافرەت بە عەباو بیّ عەبا دانیشتون کە ناوی سەرۆك دیّ هەلهولە ئەکێشن و هوتاف ئەدەن...؟ ئەوەش وتم بەلّیّ....ئەو وتی : دەئەوانە جێی متمانەی تەهاجزراوین زیاتر لەمن و گویّ لە قسەی ئەوانە زیاتر ئەگریّ و دیاردەی راپۆرت نووسین دیاردەیەکە لەسەرتۆو من و کەسانی دی کە ئەمانەوەی راست ئیش بکەین کارگێرەکانی مەکتەبەکەی ئەو هانیان ئەدەن ...لەگەلّ ئەوەشدا وەرە بەرمەدە من ئەوەی بۆم بکریّ دریغی ناکەم ....

## لەباربردنی هەولّی هەلّوەشاندنەوەی پشووی جەژنی نەورۆز...........

دوای گواستنەوەی کاك محمد ئەمین ئەحمد (پارێزەری پێشووی سلێمانی ) بۆ وەزارەتی دەرەوەو دانانی کاك سیروان جاف سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی تەنفیزیی حوکمی زاتی کوردستان (کە لەرێی برای رۆژنامەنووسمەوە فریا جاف کە بەرێوەبەری مەکتەبی هاوکاری بوو لە سلێمانی "ناسیم و پەیوەندییەکی توندو تۆلّی برایانە لە بەینمان درووست بوو" بە بیّ گریّ رازونیازی خۆمانمان بۆ یەکتر باس ئەکردو قەرزاری زۆر هەلّوێستی پیاوانەییم و ئەو پێشنیاری کرد هەلّیان بژاردم بە کاری سەرپەرشتکاری گشتی رۆژنامەی (ألعراق)چاپی کوردییەکەی ).. دانانی ئەو لە جیاتی کاك محمد ئەمین بە سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری لە دەزگای (العراق)ی رۆژنامەنووسیی " رۆژانی هەینی

که لە دارالعراق رۆژی دەوام بوو ئەچووین –حمید سعید و محمد ئەمین که هێشتا لە دەورەی دبلۆماسیدابوو من– لەلای دا ئەنیشتین " وابزام رۆژی نەورۆز نزیك ببووە " لەبەر ئەوە باس لە جەژنی نەورۆز ئەکرا که سەرەرای بریاری یاسای دەوڵەت دانراوەبە پشووی رەسمی و بریارەکە بە جەژنی نەتەوەیی کوردی داناوە کەچی هەندێ لایەنی رەسمی لەرۆژ ژمێرەکاندا هەر ئەیان نووسی ( 21 ازار عید الشجرە–یان–الربیع) کە ئەم باسەمان کردەوە " کاك سیروان ئەم حیکایەتەی بۆگێراینەوە :
لەیەکێ لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا لە بەغدا کەمن بە سیفەتی سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ئامادە ئەبووم " کە دانیشتین و بەر لە هاتنی سەرۆك صدام چاومان بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەدا ئەخشان سەیرئەکەم پێشنیاری کەمکردنەوەی پشووە رەسمیەکان لە عیراقدا کە لە مەکتەبی تەها جەزراوییەوە هاتوە " یەکێکە لەو برگانەی لەو کۆبوونەوەیەدا باس ئەکرێ " باوەرتان بێ یەکسەر هەستم کرد ئەم پێشنیارە بۆلابردنی پشووی جەژنی نەورۆزی کوردە " هەرواشبوو" کەباس هاتە سەر ئەوبرگەیەو رازگری ئەنجومەن پێشنیارەکەی خوێندەوەکە ئەوەموناسەبەی ئاگرپەرستەکان و شتی وایە " سەرۆك صدام حسین خوێندنەوەکەی پێبری و وتی : واز لەوە بێنە " لەوانەیە وابێ و لەوانەشە وانەبی " بۆ مەسەلەی ئەم جەژنی نەورۆزە لە کۆتایی ساڵەکانی شەستەکاندا ناردم بەدوای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دا ولێم پرسی : ئێوەی کورد بۆ لەنەورۆزدا جەژن ئەکەن ؟ لەوەلامدا وتی : وەڵا من ئەوەتەی فامم کردۆتەوە ئەبینم نەتەوەکەم ئەم رۆژە ئاهەنگ ئەگێرێ وبەجەژنی نەتەوەیی خۆیی ئەزانێ لەبەر ئەوە منیش هەربەوچاوەسەیری ئەکەم وجەژنی نەتەوەییمانە..." منیش وتم دەبرۆن ئەوە بریاری رەسمی بەدانانی ئەو رۆژە بە جەژنی نەتەوەیی کوردوو پشووی رەسمی گشت عیراق " دوای ئەم قسەیە وتی : کەس دەست بۆ ئەوبریارەوهەڵوەشاندنەوەی نابات " بەوە مەسەلەکە برایەوەو باس لە هەڵوەشاندنەوەی هیچ پشوویەك نەکرا " کە بەڵگەبوو پێشنیارەکە هەر بۆ نەورۆزبوو..

# خۆلاسەی کەلام....!!

ئەم لاپەرانەم بەهاندانی هەندێ هاورێ وبرادەری خۆشەویست نووسیەوە " کە ئەبێ ئەوە بڵێم " هەیانە ئەوهاندانەی لە بۆچونی (زەرورەتی تۆماروهێشتنەوەی بەڵگە)ی ئەو قۆناغەی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی پیاتێپەری لەلایەن شاهد حاڵەکانەوە" هەشیانە لەوەوە کە هانیان ئەدام بۆ نووسینەوە مەبەستیان (خودی شەخسی خۆم بوو) کە ئەبێ ومافێکی مەشروعە ئەو غەدرەی لە من کراوە لەو مەیەیدانەدا رووناکی بخرێتە سەر بۆ ئێستابێ یان نەوەیەکی دی ..." وهەردوو نیازەکە لایەنی ئیجابی و چاکەی تیایە و جێگای قەدرم بوون بۆیە بەدەنگیەوەهاتم ...کە ناونیشانی ( بێ ئاوردانەوە) م بۆ نووسینەوەی هەڵبژارد " مەبەستمە بڵێم :نەبۆ ئەم نەویەی کە حەتمەن ئەروا ونە نەوەی دادێ " نامەوێ ژیانی خۆم لەبیر

خستنەوەی (هەڵوێستی هەڵقولاوی دەغەزاری و غەدری کەسانی دی) وابخەمەبەرچاویان کە (پرگریّ وقەهری زەمانەیە) لەبەر ئەو دیاردە قێزەونەی لە کۆمەلانی ئێمەو مانانا هەیە(مل شکاندنی یەکترلە ئیرسی بەخیلی و کینە) هەروەهاش نامەویّ (لاپەرەکانی سەرکەوتنەکانم) وابیّتە بەرچاو خۆهەڵکێشانە و غروری بەخۆوەنازین " من ڕیّزی گەورەی خەڵکی کۆمەڵەکەم ئەگرم لەوە ئەگەم نەك هەرمنێکی کارگێر لە مەجالێکی حەساسی پیشیەکی پر گرێدا غەدرم لێکراوە بەڵکو خەڵکی کۆمەڵە کلۆڵەکەمان هەمیشە غەدر لێکراوە تا رادەی ئەوەی تا ئێستا زۆری ماوە لەمانای بوونە هاولاتیەتی خودی خۆی بگات تامن داوای لێبکەم ئەگەر غەدرم لێکرا لەسەرم بێتە جواب " ئەگەر راستگۆیانە باری گشتیمان هەڵسەنگێنین ئێمە هەر زۆرمان ماوە بگەینە ئەو رۆژەی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵێکی واهوشیارو موتەکامیل دروست بکەین تاکەکەکانی لەمانا ئەساسیەکانی (ئەرك و مافی) خودی خۆی بیّ واسیتە تێبگات" براگەل: دڵنیابن هەتا دیاردەی خۆش باوەری لەناو خەڵکی کلۆڵی ئێمەدا " کە زوربەن" باوی هەبیّ " ئاسانە شێر بکریّ بە ریّوی و پێچەوانەکەی ئاسانتر " برایەکی جیّ باوەر ئەم حیکایەتەی بۆم گێرایەوە: (برادەرێکم لایەنی کەم زیاتر لە سی ساڵ دەرویشی لایەنێکی سیاسی بوو "لە چیاو لە شار " توشی زۆر چەرمەسەری بوو لەسەر ئەو دەروێشیە " لەم سالانەی دواییدا لەسەر مەسەلەیەك معنەوی بوو زیاتر لەوەی سیاسی بێت لەگەڵ کەسێکی لەخۆی بالاتر کەوتە ناکۆکی " بەحەق ئەم تۆزی کەلە رەقە بەچاریّ رازی نەبوو کە ئیرادەی ئەم کەمکاتەوە " ئەوی دی بەدەست بوو گەیاندییە سیاسەت وپێیان وت : دەروێشی تۆمان ناویّ..! من کە بەمەسەلەکەم زانی گلەیم لە بەدەستەلاتدارەکەکرد کە نە ئەبوو وای لەگەڵ بکەن...ئەزانی چی پیّ وتم...؟ وتی : کاکە ئەوەدەرچو کورد نییە تورکمانە....!!) دوای سی ساڵ زیاتر دەروێشی ئیدعای نا ئینتمای نەتەوەیی درایە پال..!!

" ئەگەر گەیشتینە ئەورۆژەی زوربەی زۆری خەڵکمان هوشیارانە " خودی خۆیان بزانن ئەرکیان چییە و بەرامبەر بەرایکردنی ئەو ئەرکە مافیان چییە " ئەوسا غەدر لە هەرە شتە ستەمەکان ئەبیّ لەخەڵك بکریّ وکەس لە کەسی بکات بە دەستەلاتدارەکانیشەوە " راستە دوامۆدیلەکانی سەردەم لە دیوی دەرەوەی ماددی بەکار ئەهێنین بەلام پەرۆوەردەی رۆحی و دەروونیمان هێشتا خێڵەکی و باوکایەتی و گەرەگ و بنەماڵە سەروەرە لە نواندنی


هەڵسوکەوت بۆ بنەبرکردنی هەرکارەساتێ " کە سوڵتەی باوك وتی فلاَن دراوسی بڤەیە ئەبێ هەموو قەومو قیلەو کەسوکار بلێین : ئەشهەدوبیلاوایە....جا ئەلحمدو لیلا من ئەوندە هوشیارم تێئەگەم ( دنیا خەراباتە )کە فلاَنە لاو لە ناو وناونیشان و بەرهەمی من سڵ ئەکاتەوە باوکی خستویەتیە مێشکیەوە کە ئەمەوایە " جائیتر ئەهێنێ شتەجوانەکانی ژیانی خۆم بپروێنم...؟ ئەهێنی قینم لە لاوێك ببێتەوە یان پیاوێك بۆی نەرەخساوە نەوەك پەروەردەو نەوەك هوشیاری و نە وەك جورئەت من و ناو وناو نیشانم لەسەر ئەساسی هەڵسەنگاندنی بێلایەنانە بکات ؟

پێم بڵێن داهێنەرێکمان " پیاوێکی ناسراومان لە هەرمەیدانێکی مەعریفەت و هوشیاری بۆ خزمەتی گشتی بە ئاسایی سەری نا بێتەوە ؟ بەدەردێکەوەنەبێ هەرە ئاسانەکەیان گۆشەگیری و دورە ولاَت و تا لە ژیانابوون سەدان ناو وناوتۆرەیان بە دواوەبوو " لە 1920بەرەو ژور بیگرە هەر لە پیرەمێردەوە کە تۆمەتی هەرە ئاسان نۆکەرایەتی دەرەو بوو "دوایی مەرگی غەریبی دوور لە ولاَتی تۆفیق وەهبی و ئیبراهیم ئەحمەد و حلمی علی شریف و رفیق چالاك و مەرگی دوای هەرەس پێهێنانی سیاسی و ئەدەبی گۆران هەتا کامەران کە تا لە ژیانابوو لەسەر هەڵوێستی شەخسی هەرچی بەهرەی (پاشەکەوتەی هەبوو ) پێیان وشك کرد...ناوی شەخسیەتێکی ناسراوم پێبڵێن وەك (پاپلۆ نیرۆدا)ی چیلی مردبێ و لەسەرەمەرگا بەدەورو بەرەکەی وتبێ :خۆم شایەتی ئەدەم کە من وەك ویستم ژیام ...!هەتا ئەو کەڵە داهێنەرانەی ماون " ئەبیستن چی بە شێرکۆ بێکەس ئەوترێ ؟ کەچی وا بە راگەیاندن ئەیهێنینەبەرچاو کە داهێنەری سەردەم و خەونی مرۆڤی جەربەزەی کوردە.....ئەوانەی لە کۆچکردوەکانەوە تا زیندوەکان کە ناوم هێنان هەرهەموویان هەرلە بنەماڵەوە هەتا خێڵ و هەتا پشتیوانی وپروپاگەندەی لایەنانی سیاسی کاریگەر لە پشت گەیاندنیان بوون بە واجیهەی کۆمەڵ وگەل " جا ئەبێ منێکی (بێگومان صەد سوپاس بۆخوا) دوور لە خۆهەڵواسین بە هیچ ناوێکی خێڵەکیدا کە لە ژیانی ئێمەدا لە هەندێ وەرچەرخاندا لێی ئاسانتر نەبووە " بێ خۆهەڵواسین بە پاشەڵی فلاَن کەسا کە ئەتوانێهەر رۆژێ پێویست بێ بە (خەت مائیل) فلاَنە لایەنی بەدەست لە قەڵەمم بدا و دە هەویەم لە گیرفانابێ شایەدی ئەوەم بۆ بدا کە هەوییەی یانزەهەمی لای ئێمە هەرزۆر دێرینە....!ئەڵێم منێکی ئاوا حاڵ... بۆ خۆم بەم تەندروستی

باشیەو بەم وەزعە نەفسییە بەئارامەوە  بدەمەدەست رەنگ دانەوەی قسەو قسەلۆتکەی واکە ئەساسەکەی دەغەزاری و درۆ دروستی کردوە ..؟ ئاوری لێنادەمەوە ...بەڵام وەك تۆماری نواندنی قۆناغێ لە رەوتی رۆشنبیریی وچۆن هەڵسوران لە دنیای رۆژنامەنووسی کوردیدا لە هەندێ وەرچەرخانی گرنگی ژیانی گەلەکەمانا وەك یادگار تۆمارکردنی خراپ نییە بەڵکۆ هەندێ برادەری خۆشەویست هەزۆر بەچاك و زەرووری ئەزانن ...والله أعلم

عبدالله عباس
سلێماني-2010

# لاپەرەیەك بۆ وێنە















1و2– لەکاتی ئاهەنگی نەورۆزی 1970 لەسلمان پاك –بەغدا كە یەكێتی قوتابیانی كوردستان –باڵی مەكتەبی سیاسی پارتی گێرای " من برگەكانی ئاهەنگەكەم پێشكەش ئەكرد وەك لە یادداشتەكەدا گێراومەتەوە "دووەم لە هەمان ئاهەنگا لەگەڵ رەحمەتی هاورێو شاعیری شەهید دڵشاد مەریوانی و بەهزاد قادر وبەداخەوە ناوی براكانی دیم لەیادنییە
3–لەگەڵ هاورێ و برای رۆژنامەنووس نەژاد عزیزسورمێ لە سلێمانی 1979 لەكاتی ئامادەبوونمان لەمیهرەجانی شیعری كوردی لەوێ لەجەژنی نەورۆزدا

4– لەئاهەنگی یەكەم ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی ( المشرق) 2005كەوەك لە یادداشتەكاندا گێرومەتەوە من راویژكاری رۆژنامەكە بووم " لە چەپەوەبۆ راست مدیری ئیدارە " صلاح عبد سەرنووسەر " عبدالله عباس

5– ئاهەنگی یادی دەرچونی هاوكاری 9ی كانوونی دووەم 2000لەراستەوە بۆ چەپ : شاعیری كۆچكردوو محمد بەدری " شاعیر برهان بەرزنجی " عبدالله عباس " دكتۆر محمد زەهاوی جێگری سەرنووسەربوو